# رایەکی دی

فەرحان جەوهەر

**ئەو** دوو ڕایە جیاوازەی دەسەڵات و ڕاگەیاندن، کە شێوەیەکی دوالیزمی وەرگرتووە، خەریکە لە کوردستانی خۆشماندا بەرجەستە دەبیت، بەڵام جیاوازیەکەی لای خۆمان و وڵاتانی تر ئەوەیە لێرە لێك تێگەیشتن کەمترە، ڕاگەیاندکارەکان هەمیشە ئەو ئازادیەی هەیە بۆ کاری ڕاگەیاندن بەکەمتری دەبینن لەوەی پێویستە هەیانبیٚ. دەسەڵاتیش بەپێچەوانەی ڕاگەیاندن تەنها نیشاندانی کەموکوڕی و گرفتەکان بە ئەرکی خۆی دەزانیٚ و کارە باشەکانیش بەئەرکی حکومەت دادەنیٚ، هەرچی دەسەڵاتە ڕای جیاوازەو پێی وایە دەبیت ڕاگەیاندن چۆن باس لەسلبیات و گرفتەکان دەکات، پێویستە بە هەمان ئەندازەش کارە باشەکانی دەسەڵاتیش بۆ ڕای گشتی بگوازێتەوە، ئەم دوو ڕایە جیاوازە لە کوردستان لێك تێنەگەیشتنێکی قووڵی لە نێوان هەردوولا دروست کردووە، بە جۆرێك زۆرجار گەیشتۆتە ئاستی دروست بوونی کێشە، لەبەر ئەوەی کوردستان لەو بوارەدا باگراوندی ڕاگەیاندنی ئازادی نییەو زۆر بەکەمیش مومارسەی دەسەڵاتی کردووە، بۆیە ئەم جۆرە کێشانە ڕوو دەدەن، لەوڵاتانی دیموکراسی ئەمە نەبۆتە کێشە لەنێوان دەسەڵات و ڕاگەیاندن، چۆن لەو وڵاتانە هەردووکیان لەئەرکی خۆیان تێدەگەن، هەرچی لێرەیە دەسەڵات پێی وایە هەر کەسێك ڕەخنە بگرێت دەبیٚ پێشنیار و چارەسەرییش هاوپێچ لەگەڵ ڕەخنەکەدا بۆت بنێریٚ، ئەگەر نا دەچێتە خانەی بێویژدانی و ناوزڕاندنی و هەندیٚ جاریش خیانەتی نیشتمانی، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، مەرج نیە ئەوەی ڕەخنە بگریٚ، چۆنیەتی چارەسەریشی دەست نیشان بکات، لەبەر ئەوە چارەسەری لای دەسەڵاتە، ڕەخنەگر گرفتەکە دەست نیشان دەکات، بەڵام دەرمانی پیٚ نییە، بۆ نموونە ڕاگەیاندن باس لە کێشەی پەروەردە دەکات و دەڵێت ناکریٚ ژووری قوتابخانەیەك پەنجا قوتابی لەخۆ بگریٚ، کە فێری هیچ زانستێك نابن، ئیدی دەبیٚ حکومەت بزانیٚ، کە بۆ ئەم گرفتە پێویستی بە دروستکردنی قوتابخانەی زیاترە، یاخود ڕۆژنامەنووسێك دەنووسێت گرانی بازاڕ کاریگەریەکی سەلبی کردۆتە سەرباری ژیانی هاوڵاتیان، خۆ ئەو ڕۆژنامە نووسە ئابووری ناس نییە، بزانیٚ ئەم گرفتە چۆن چارەسەر دەکریٚ، بەڵکو ئەرکی حکومەتە بە ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی ئابووری و بازاڕ ئەم گرفتە بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە، ئایا لە توانای حکومەتە بتوانیٚ چارەسەری بکا یان نا. بۆیە ڕەوا نییە داوای چارەسەرو بەدیل لە ڕەخنەگر بکریٚ. ڕەخنە وەك ئاوێنە وایە تەنها کەم و کوڕییەکانی خۆمانی تێدا دەبینینەوە، ئیتر پێویستە خۆمان بەدەستی خۆمان کەم وکوڕیەکان چارەسەر بکەین و ئەرکی ڕاگەیاندن ئەوەیە زانیاریەکان بە شێوەیەکی ڕاست بگوازێتەوە بۆ هاوڵاتیان، لەچوار چێوەی تێڕوانینی دەسەڵات، چونکە ڕاگەیاندن خۆی دەسەڵاتی چوارەمە.

ئەوەی بتوانیٚ ڕێگا لەکاری ڕاگەیاندن بگریٚ، یان لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، تەنها دەسەڵاتی قەزائی ئەو مافەی هەیەو بۆ هیچ لایەنێکی تر نیە، بۆیە پێویستە لە کوردستانیش ئەو دوو دەسەڵاتە بەشێوەیەکی یاسایی لێك تیٚ بگەن و نەبنە بەربەست لەڕێگای یەکترو هەردووکیشیان، واتە دەسەڵاتی جیٚ بەجیٚ کردن و دەسەڵاتی چوارەم کە ڕاگەیاندنە، (ئەگەر لە کوردستان ڕاگەیاندن بووبێتە دەسەڵاتی چوارەم) پێویستە ملکەچی دەسەڵاتی قەزائی بن.



کۆوار، کۆواری ئێستا و ئاینده

کانوونی یەکەمی
2006

# خودایە ئاوڕێك!



ڕێبەند سەعدوڵلا

**ئەمرۆ** مردن نەبۆتە هۆیەك بۆ جوان و پیرۆز ڕاگرتنی ژیان، بەڵكو بڕوا بەمردن نەماوە، خەڵك بۆ ئەوە دەژین پێوانەی تەمەنی نوح بشكێنن و تا هەتایە بژیین.. مرۆڤەكان گەورەیی و پیرۆزیەكانیان لەخۆ داماڵیوە، هەر تاك و گرووپ و چین و كۆمەڵێك بەگوێرەی بەرژەوەندی و ئارەزووەكانیان یاسا و پێوەرێكی تایبەت بۆ خۆیان دادەتاشن. نەوەكانی قابیل و هابیل لەئێستادا شەڕ بۆ شەڕ دەكەن، نەك بۆ وەدی هێنانی ئاشتی. خراپە لەپێناو خراپەیەكی خراپتر دەكرێ، ئیدی خراپە بەخراپ و چاكەش بەچاكە ناناسێت!

هەنووكە درۆ سەرقافڵەی گەورەیی و ڕاستگۆیی ئینسانە! ئەوەی ڕاستبێژە بێ عەقڵە! توندبێژی و توندڕەوی دەروازەیە بۆ دان پێدانان و ڕێز لێ گرتن.. نەرمڕەو بێ پێیەكانن و بەهیچ دانانرێن.

نەزان و گەمژەكان (پێچەوانەی مەنتق و تەبیعەت) چانسی گەورەیان هەیە، لە لووتكەكاندا هەڵدەفڕن و لە مەنزڵگا باڵاكانیش دەلەوەڕێن، مرۆڤە زانا و لێهاتووەكان لە خواری خوار ڕیسوای ژێر چڵكاوی جەهالەتن! زانین و تێگەیشتن لە ئێستادا نەك هەر پێویست نییە، بەڵكو خەتەرە! نابێ لە كۆمەڵگە وەدیاركەوێ، ئاخر ئەمانە بەزوویی درۆ و تالان و خیانەت دەناسنەوە، كەواتە با نەمێنن.. ئەگینا نەزان و گەمژە و چڵكاوخۆرە گوناهەكان تیرۆر دەكەن!

دزو هەڵپەرست سەربەرزن، پیاوترینیان ئەویانە كە لە هەموان داناترە لە كارەكەی و دزییەكی گەورەتر و شاردراوەتر دەكات، تەحەدداش دەكا ڕاگەیاندنەكان بتوانن یەك پشكە دزی لێ ئاشكرا بكەن! هەموویان وان، كەسیان دز نیین، بەماندووبوونی خۆیان هەلی دزییان دەست كەوتووە، خۆ بێ عەقڵیش نیین بەسەریدا تێپەڕن و ئەو هەلە زێڕینە لەدەست خۆیان بدەن! ئەوەی لە دەستیشی بدات شایەنی ئەو ژیانە نییە، كە بەدزی دەستی دەكەوێت، كەواتە با هەروا سەرشۆڕ و زەلیل و هەژار بژییت..

لێرە سەركەوتن دوای شكست و ماندوویی وەدەست نایەت، بەڵكو لەناكاو پەیدا دەبن و خدری زیندە بەدیاریی بۆ موسڵمان و بابا نوێڵیش بۆ مەسیحییەكانی دێنێت. ئەو سەركەوتنانەی ئێستا دەیانبینین لە بنەمادا شكستن، بەڵام داپۆشراون، مرۆڤەكان بەدرۆ سەردەكەون، هەرگیز ناتوانن هەستی گەورەیی سەركەوتن ئەزموون بكەن! ئێستا بەدڕەفتاریی و بێ دەروەستیی و ناڕەسەنیی هەموو ئاستەكانیان بڕیوە، مرۆڤی هەڵوێست و ئینتیما و ڕەوشت وەك دیناسۆرە زەبەللاحەكان لەبەین چووینە و ئێستا وێڵی پاشماوە و جێ پێیەكانیانیین! وا مرۆڤ وەكو ئاژەڵەكانی تر بەڕەڵلا و شێواو دەبن، هەموو ڕێگەیەكی بەرەو خودا و چاكەخوازی داخراوە!

دەسا ئەی خودای پەنا، تۆ دروستت كردووین... ڕێمان نیشان دە و ڕێكمان بخەوە، چونكە لەم زەمینەت هیچت نەماوە بەهانا و پشتیوانمان بێت.

rebandkhoshnaw@yahoo.com

# مێردمندالآنی ڕێگای مەرگ

# ئەسپی وێرغە لە ئۆتۆمبێلێك باشترە

کەریم سمکۆ



کارێکی دژوار، خەمی نانو سەختی ژیان ڕێگا نادات دەست بەرداری بین... کۆوار

**تازە** ڕۆژ سەری دەرهێنا بوو، بایەکی سارد تەزووی بەجەستەدا دەهێنا و دەستەکان لەنێو گیرفانەکان خۆیان حەشاردابوو، ڕۆژ هێدی هێدی خەریکی دووبارەکردنەوەی ڕێڕەوی خۆی بوو. بەشداربووانی سیناریۆی ئەم فیلمە وەك هەموو ڕۆژانی تر مێردمنداڵە چاوگەشەکانن. بەشێك لەم فیلمە مەرگەساتبارە دووبارە بووەوەیە، کاروانی قاچاخچییەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو شوێنی بارەکانیان ڕێگەیان گرتەبەر. حیلە حیلو تەقە تەقی نالی بارگیرەکان، دەنگە دەنگی مێردمندالآن ئەو دۆڵەیان پڕ کردبوو.

دەنگەکان، ئاوێتەی سروشتی دۆڵو ساردیی ئەو کوێستانەو نازی ئەوانی چاوگەش ببوو. بەرەو مەیدانی قاچاخچیەکان ملیان لەڕێگا نابوو.

### من دەڕۆم.. زوو دێمەوە

کاتێك بۆ لای ئەوان ڕێگام گرتەبەر، ئەو شوێنەی بارەکانیان تیادا قایم دەکرد، وەکو فیلمێکی بیانی دەهاتە پێش چاو، هەرکەسەو بە ئیشو کاری خۆی خەریك بوو.. لەهەندێك لاوە کۆمەڵ بە کۆمەڵ، چایان لێ نابوو، نان و ژاژیو پەنیریان دەخوارد، پیرو گەنج و منداڵ کۆببوونەوە.

منداڵێکم بینی بەزەحمەت کارێکی بۆ ئەنجام دەدرا، ناوە ناوەش هەناسەیەکی گەرمی لەنێو هەردوو دەستەکانی دەکردو درێژەی بەکارەکەی دەدا. کە بە تەواوی سەرنجم دایێ سەرماو سۆڵی سنوور تەواو بێزاری کردبوو. کە چوومە لای خەریکی پێچانی پاکەت بوو.

ئەو هێشتا (15) بەهاری تێنەپەڕاندبوو، خۆی گوتەنی دوای تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی، بارودۆخی نالەبارو سەختی خێزانەکەی ناچاری دەکات واز لەخوێندن بهێنێتو بەدوای بژێوی ژیاندا بگەڕێتو ئەم کارە کە بەدەرنییە لەمەترسی هەڵبژێرێت. ئەو گوتی" ناوم (خالید کەریمی)ەو خەڵکی دێی (زێوە)م"، ئەو کارەی خالید دەیکات لەئاست تەمەنی ئەودانیە، بەلآم کە پرسیم ئایا کارەکەی تۆ لەگەڵ ئەو تەمەنەت دەگونجێت؟ لەبەر هاوالەکانی شەرمێکی نواندو پێی گوتم" نەخێر کارەکەم پێ دەکرێت، ئا ئەوە نیە بەباشی ئەنجامی دەدەم..؟" ئارەزووی دەکرد خۆی لەم گفتوگۆیە بدزێتەوە، بۆیە لە پڕێکا روخسەتی خواستو گوتی" دەچم بسکیتێك دەکڕم برسیمە.. زوو دێمەوە".

### دۆستەکەم لەخەمی مندایە

لەو سەینو بەینەدابووم، کۆمەڵێك لە کاروانچییەکان بارەکانیان تەواو کردو بەرەو ڕۆژهەلآتی کوردستان کەوتنە ڕێو ڕێگای مەرگیان گرتەبەر. هێندێکی تر تازە دەگەیشتنو خەریکی نان خواردن بوون، لەولاوە مێرمنداڵێك سەرقاڵی بەستنەوەی ئەسپە سپییەکەی بوو، کە (سیروان مامەندی) ناو بوو و لەهەڕەتی(16) سالآن دابوو، چاوەکانی سیروان ماندوویێتیان لێدەخوێندرایەوە، ئەو مێرمنداڵێکی ڕوومەت ئاڵ بوو، بەلآم کاسبیی دەستەکانی ڕەش کردبوون، سیروان باسی ئەوەی بۆکردین، کە بەهۆی ڕەوشی سەختی خێزانەکەی نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانەو وەك خۆی گوتەنی سەوادی نیە، ئەو دوو ساڵە خەریکی ئەم کارەیەو وەك ئامـاژەی بۆکرد خێزانەکەیان (12) کەسنو هەموویان کار دەکەن، چونکە ئەگەر هەموویان کار نەکەن ژیانیان ناگوزەرێت. سیروان کە باسی لە ژیانی خەڵکی ڕۆژهەلآتی کوردستان دەکرد، بەئاهی قووڵەوە ئەدوا، سەربردەی ژیانی ئەوو هەزاران گەنجو مێرمندالی دیکەی ئەو ولآتە، تژیە لە نەهامەتی و فیلمی غەریبی. کە لێم پرسی کاتێك تۆ بەو تەمەنەوە ئەو کارە سەختە دەکەیت دایكو باوكو کەسوکارت لەخەمت دانین؟ یەکڕاست قسەکەی پێ بڕیمو گوتی" چۆن لەخەمم دانین، نەك هەر دایك و باوکم، بەڵکو دۆستەکەشم لەخەمی مندایە"، پێم گوت دۆستی چی؟ ئاماژەی بۆ دلآرامەکەی خۆی کردو گوتی" ئەوەی لەدوا ڕۆژدا ئەیکەم بەهاوسەری خۆمو چەند جارێکیش دیاریی بۆ من هێناوەو منیش دیاریم بۆ ناردووە". ئەو هێندە بە گەرموگوڕی باسی

خۆشەویستەکەی دەکردو ئەیگوت" لە تەمەنی خۆمەو کچێکی چاوڕەش‌و روخسار جوان و قژ درێژی بەژن باریکە، هەموو جارێك کە دەگەڕێمەوە، دێتە بەرامبەرم‌و منیش سەیری دەکەم.."

## کاروان بەرەو ڕێگایەکی نادیار

کاروان بەرەو گەروەکانی (خەڕەشە و بەردو نان) ڕێچکەی گرت، ڕێگای کەناڵ و هەموو ئەو ڕێگا پڕ مەرگەساتانەی ئەو مێرمنداڵە روح سووکانەی، کە ژیان وای لێ کردوون بەناچاری هاوڕێیەتی ئەو نەهامەتیانە بکەن، کاروان بەرەو ڕێگایەکی نادیار ئۆغری کرد، بۆلای سیمای پاسداران و رق و قینەی دوژمنە دزێوەکان، کە ساڵەهای ساڵە لەسنوورەکان بوونیان هەیەو مەترسییەکی گەورەن لەبەردەم ژیانی هاولاتییان، ئەویش مین‌و پاشماوەی تەقەمەنیەکانن، کەبەشێکی زۆری قوربانیەکان ئەم قاچاخچیە هەژارانەن، کە شەوان ئەم ڕێگایە دەگرنەبەر. شەوان تاریکیی باڵ بەسەر کاروانەکان دەکێشێ، دوای گەڕانەوەشیان لەبەر ترسی پاسداران لەتاریکی‌و بەو پەڕی نهێنییەوە دەچنەوە نێو خانەوادەکانیان، زۆرجاریش دەبنە قوربانی پەیداکردنی پاروێك نان. لەهەمووشی ترسناکتر بەردەوامی‌و راهاتنی ئەم مێرمنداڵانەیە لەسەر ئەو کارە کە بەدەر نییە لە مەترسی تیاچوون.

مێرمنداڵە قاچاخچییەکان دەیانگوت: زۆر جار کەوتووینە نێو بۆسەو بێ ویژدانانە هەڵسوکەتیان لەگەڵ کردووین. لەنێویشیاندا یەکێك چیرۆکی پڕ لە تراژیدیای خۆی گێڕایەوە" جارێکیان دووشەو لەشاخ ماینەوەو نەمانتوانی بچینە نێو خاکی ئێران، برسێتی‌و سەرمای شاخ‌و نووستنی سەر بەردو ترسی زۆر، ئازارو خەمی زۆریان بۆهێنایین، هەرچەند ئەو ماوەیە سەلامەت بووین، وەلێ لەڕووی جەستەیی‌و دەروونییەوە کەوتینە ژێر فشارێکی گەورە. مەترسی بوونی (مین)یش لەلایەکی تر". ئەوان کە قسەیان دەکرد هەناسەی تژی لەخەم‌و نیگەرانییان هەڵئەکێشا، چاوەکانیان پڕ بوون لەخۆزگە و ئومێدی زۆر، بەلام سەختیی پەیداکردنی نان‌و بوونی کورتانێکی رەق و قایشی ساردی ئەسپەکان‌و هەڵگرتنی ئەم بارە قوڕسە بەدەست و توندکردنی بەپەتێکی گرژ، حەزو ئارەزووەکانی ئەوانی دەکوشت و ناچاری دەکردن ئەو ڕێگا سەخت‌و دژوارە بگرنەبەر.

## لەنێوان مەرگ‌و ژیان دا

(زاهیر ئیبراهیمی) کە لەتەمەنی (15)ساڵی دایە، چەند ساڵێکە ئەو کارە دەکات، باوکی چەند مانگێك لەمەوبەر لەسەر سنووری (حاجی ئۆمەران_خانێ) بەر مین کەوت‌و گیانی لەدەست دا، زاهیر باسی لەوە کرد، کە هەر لە تەمەنی (13) ساڵییەوە لەگەڵ باوکی فێری ئەم کارە بووە، خۆی گوتەنی ئێستاش کە باوکی نەماوە خۆی سەرپەرشتیاری خێزانەکەی دەکات، ئەو گوتی:" هەموو رۆژێك بەر لەبانگی بەیانی لەماڵ بەڕێ دەکەوم بۆ سەر کارەکەم، ئەوەش دەزانم ئەو ریگایەی من دەیگرمە بەر ریگایەکە لەنێوان مەرگ‌و ژیاندا، کارێکی سەخت‌و تاقەت پڕووکێنە، ئازارێکی دژواری بەدواوەیە، رەنگە رۆژێك لەڕۆژان چارەنووسی منیش وەك چارەنووسی باوکم بێ، وەلێ خەمی نان‌و سەختیی ژیان رێگام نادات دەستبەرداری ئەو کارە بم. ئاخر ئەگەر ئەو کارە نەکەم چیبکەم؟" کاتێك زاهیر قسەی بۆ دەکردین ناخی پڕ بوو لەگریان، جار بەجاریش لەناخەوە ئاخێکی هەڵئەکێشاو درێژەی چیرۆکی کاروانچیانی ئەو سنوورەی دەگێڕایەوە.

(نەجات رەحمانی) یش، کە خەڵکی گوندی (کۆنە لاجانێ)یە و تەمەنی (17) ساڵەو قوتابی قۆناغی ئامادەییە، بەلام ئەمساڵ بەهۆی رەوشی نالەباری ئابووریی مۆڵەتی وەرگرتووە. ئەو بەجۆرێك باسی ئەسپەکەی خۆی دەکردو دەیگوت" ئەسپێکی وێرغەم هەیە رەنگی سوورە، لە ئۆتۆمبێلێك باشترە بۆ من، بەیەك



ڕێگای پڕ مەترسیی .. سەفەر بەنێو کێڵگەی لوغم    کۆوار

جار (7) کارتۆن پاکەتی لێ بار دەکەم". ئەو کە جلێکی شڕی لەبەر دابوو، خەمی نان هەموو شتێکی لەبیر بردبۆوە. ناوە ناوەش لەبەر خۆیەوە دەیگوت" بەخوا ئەگەر لە ڕێگای پەکەکە لابدەین ئیجرائاتمان لەگەڵ دەکەن‌و هەر ئەسپەی (1) ملیۆن تومەنمان لێ دەستێنن، بۆیە بەناچاری دەبێت ڕێگای ئەوان بگرینەبەر، کە ڕێگایەکی زۆر سەخت و ناخۆشە، هەرچەندە ئەوان هەر ئەسپەو (4) هەزار تومەنی خۆیان هەر وەرئەگرن". ئەو بەدەم قسەکردنەوە خەریکی بەستنی کارتۆنە پاکەتەکان بوو لە پڕێکا گوتی"تەماشاکە ئەمە ئەسپەکەمە، چۆن لەنێو هەموو ئەسپەکان دیارە"!.

# سەرخۆش بوون

# جیهانێك لە نهێنی و پێكێك لە وەهم

رامیار

**هەركە** قاپە شەڕابەكەم سەر هەڵبڕی، بیرم لەوە كردەوە، بۆ ئەو جیهانە تایبەتەی ئەو شەوەم نەكەمە نووسین؟؟ كاتێكیش بەردەوام بووم لە خواردنەوە، كەوتمە نووسینی چەند دێڕێك سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆم.. لە دەرەوە نمە بارانێكی نەرم دەباری و جار جاریش بۆنی خاك و پاییز و سەرما، تێكەڵ بە دووكەڵی جگەرەكەم دەبوون و شەوی دەكردە شەوێكی تاك و تەنیا.. من وەك عادەتی هەموو ئەوانەی دەخۆنەوە، سەرەتای هەموو شەڕاب تێكردنێكم وەبیرە، بەڵام نازانم كۆتاییەكەی چی بەسەر دێت!!

ئەو شەوە تەنیا بووم، گەلێك تەنیا، بۆیەش بڕیارمدا بنووسم، هەرچۆنێك بێت ووردە ووردە پێكم هەڵدەگرت و حەرف حەرف دەمنووسیەوە، ئەو حەرفانەی تەنیا لەكاتی سەرخۆشیدا دەنووسرێنەوە، ئەو حەرفانەی تێكەڵەیەكن لە راستی و خەیاڵ.. عەشق و تەنیایی.. بۆیەش ئەو شەوە بۆ من شەوێكی تاك و نوێ بوو، پێكم بەرز دەكردەوەو بەخۆشی نووسین و تەنیایی بۆنم دەكردو دواتر بە هێمنی دەمنۆشی و دەستم دەكردەوە بە حونجە كردنی وشەكانو هەمدیس دەمخواردەوەو جار جارەش كەوچكێك لەمەزەی نۆك، یان لەتێك لیمۆم بەسەردا دەكرد..

شەوێك تاك و تەنیا.. من و شەڕاب و نووسینەوەی ئەو هەموو دانپیانانەی كە بەتەنها لەسەرخۆشی دەیاننووسیتەوە.. ئاخر من بڕوام وایە نووسینەوەی دانپیانانەكان زۆر لەوە قوڕسترە كە هەستی پێدەكەین، بۆیەش رەنگە هەموومان بزانین سەرەتاكەی بنووسینەوە، بەڵام هەرگیز تەواو نابێت.

هەرچۆنێك بێت ئەم شەوە كەوتمە نووسینی حەرفەكان، رەنگە تەواو بێت و رەنگە شەوێكی دیكەم بەس بێت بۆ پاكنووسی، رەنگە هەر تەواویش نەبێت!! من دەزانم كە خەیاڵ دەبین، ئەوسا جورئەتی قسەكردنمان دەبێت.. كە مەست دەبین، دەبینە ئیمپراتۆر و كێمان بوێت لەتەكی دادەنیشین، بۆیەش گەورەترین پرسیاری ئێمەمانان ئەوەیە كە (كێ دەڵێ خەیاڵیش بەشێك نییە لە واقع؟؟ كێ دەبێژێ مەستییش بەشێك نییە لە ئاگایی؟؟).

من نازانم چۆن ئەو هەموو كاغەزەم نووسینەوە؟؟ دەمخواردەوەو دەمنووسیەوە، بیرم دەكردەوەو دەمنووسیەوە، بێدەنگ دەبووم، تووڕە دەبووم، مەست دەبووم، دەمنووسیەوە.. ئەو شەوە چەندین شتم نووسینەوە بێئەوەی دەست هەڵگرم!! سور سور قومم لە شەڕاب دەداو دووكەڵم بە ژوور بڵاودەكردەوەو دەمنووسیەوە.. كە بەیانیش هات، خێرا كەوتمە خوێندنەوەی ئەو هەموو نووسینانە، ئەو هەموو حەرفەی كە بەرهەمی مەستیم بوون، كاغەز كاغەز بە دوایان كەوتم.. ئای كە پڕ بوون لە بەرائەت، ئاخر ئێمە بەتەنیا بەسەرخۆشیی دەوێرین بنووسین.. بەمەستی كەشفی كەسایەتیمان دەكەین!! لەنێو ئەو هەموو دێڕە پەڕپووتانەی خەیاڵ، لە خوارووی لاپەڕەیەك نووسیبووم "ئەو نهێنیە بەكەس حەل نابێت!!"، بۆیەش لەبەردەم ئەو دێڕەدا وەستام و پرسیم (دەبێت ئەو نهێنیە چی بێت، كە لە خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێ و حەل بوونی لای هیچ كەسێك نادۆزرێتەوە؟ ئیدی بڕیارمدا بە دوای بگەڕێم، بەدوا گەڕانێك لەگەڵ هەموو ئەوانەی كە بۆ حەلكردنی نهێنیەكان سەرگەرم ئەكەن..بڕیارمدا بەشێك لەوان بئاخڤینم، كەمەستیی دەیانباتە جیهانی خەیاڵ و لەوێی خەیاڵ و وەهم بەدوای نهێنیدا دەكەونە گەڕیان.. من دەزانم ئەوەی سەری نەیەشێت پەڕۆ نابەستێت، هەروەكو چۆن ئەوەی پڕ نەبێت لە نهێنی ناخواتەوە!! ئەمەی خوارەوە بەشێكن لەو نهێنیانەی كە ئێمەی مەست نووسیومانەتەوە.





**تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا**
**مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا**

کات (ئێوارەیەکی درەنگ)، شوێن (باغی گشتی)..

ئەو ئێوارەیە لەگەڵ رێبینی هاوڕێم، لە سەهۆڵەکە بەرەو نێو بازاڕ رۆیشتین، لە رێگە باسی ئەو هەموو نووسینەم بۆ کرد، کە شەوی رابردوو بەسەرخۆشی تۆمارم کردبوون، بۆیەش کەوتینە گفتوگۆ، تا گەیشتینە باغی گشتی، بەڵام دیمەنی دوو پیاوی مەست لە کونجێکی ئەو باغە، وایان لێکردین کە رێڕەوی چوونە بازاڕمان بۆ نێو دڵی ئەو دوو مەستە بگۆڕین..

هەر کە لەو دیمەنە چووینە پێشەوە، زانیمان کە سەرخۆش و خەیاڵن، یەکێکیان کە تەمەنی لە سەرووی 35ساڵیی دەهاتە بەر چاو، دوو چاوی رەشی خەیاڵ و دەموچاوێکی پڕ ناسۆریی، خۆی و جلێکی کوردی تۆزاویی لەبەردەم چەند شووشەیەکی بەتاڵیی بیرەو قاپێکی عارەق و چەند پەلکە پرتەقاڵێك دانیشتبوو، لە بەرامبەریشیدا، یەکێکی دیکە، کە پێدەچوو لەتەمەن لەو گەورەتر بێت، پاڵی نابوو بە دارێکەوەو بۆ یەکتری بە شعر قسەیان دەکرد.. ئێمە لێیان چووینە پێشەوەو سڵاومان کرد، دیار بوو پێیان ناخۆش نەبوو، بۆیەش بەتەنها گوێمان لێدەگرتن.. من بە رێبینم گوت، ئەوانیش خاوەن نهێنیەکی تایبەتن و هەرگیز بۆیان حەل ناکرێت، کاتێکیش کابرای دانیشتوو گوێی لەو قسانەی ئێمە گرت، توونتر مژی دا لەجگەرەو بە ئاوازێکی غەریبەوە گوتی، تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا، مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا.. بۆیەش رێبین لێی پرسی، بۆ رقی لە عیلم و کارەبایە، لە وەڵامدا کەوتە هۆنینەوەی کۆمەڵێك قسەی نا پەیوەند بەیەکەوەو پچر پچر، بەڵام مەفهوومەکەی بۆ ئەوە ئەگەڕایەوە کە" جاران بێکارەباو عیلم دەمانتوانی خوانی ئێوارەیەك پڕ کەین لە خۆشەویستی، کەچی ئێستا بەو هەموو تەکنەلۆجیاو مۆبایلە، ناتوانین دڵمان بۆ یەك ساتیش خۆش بێت.

**لە بۆ یەك مەرحەبایێ چوومە لای یارم بەسەرخۆشی**
**نیقابی خستە ڕوخسارو بە جارێ کەوتە خامۆشی**

یەکێك لەگەورەترین ئەو گرفتانەی کە کەسی مەست پێیدا گوزەر دەکات، تەنیاییە، تیایدا بۆ گەیشتن بە کەسی مەبەست پەنا دەباتە بەر مەستیی و لەنێو مەستیش، وێنەی مەعشوق و یارەکەی لەنێو هەموو ئەو شتانە دەدۆزێتەوە، کە لەو کات لێیەوە نزیکن. ئەمە جگە لەوەی تا زێتر مەست دەبێت، زیاتر دەچێتە نێو خەیاڵ و وێنەی یاری لێنزیك دەبێتەوە..

رەنگە ئەو دیمەنەی مەستی بۆ یار لەنێو دەیان تێکستی شیعری بدۆزینەوە، لەوێشەوە بۆ نێو دڵی مەست و سەرخۆشان دادەبەزێ و تێکەڵ بە دونیابینییان دەبێت، ئەوەی خوارەوە دیمەنێکی دیکەیە:

**کات (دیسان ئێوارەیەکی درەنگ)، شوێن (نادی موەزەفین_ یانەی فەرمانبەران)**

لەگەڵ دوو برادەری هاوپۆلم، لەسەر مێزێك دانیشتبووین و بەدەم خواردنەوەی بیرە، کەوتبووینە قسەو باس دەربارەی بابەتێکی تایبەت، لەپڕ دەنگە دەنگی مێزەکەی تەنیشتم سەرنجی راکێشام، کە ئاوڕم دایەوە، لەوێ چەند گەنجێك بەدەم قسەکردن دەربارەی عیشقەوە بە گۆرانی و شیعری سۆزداریان گرتبوو.. من بە درێژایی ئەو ئێوارەیە، تا درەنگ کەوتنی شەو، گوێم لەهەندێك هەناسەیان گرت، یەکێکیان هاواری دووری خۆشەویستەکەی لێهەڵسابوو، بەوانی دیکەی دەگوت "ئاخر ئەمە چ ئازادییەکە، نەتوانیت دەستی یار بگریت و بەنێو رۆژێکی پایزدا گوزەر کەیت، ئەوانی تریش پێکیان هەڵدەگرت و بەدەم مەستانەو مەستانە دەیانگوت "با هەموومان لە دووری یار بینۆشین".

**تۆ لە زمانی گریان تێناگەی**

تا ئێستاش لەوە تێناگەم، بۆ لەکاتی مەستییی، ئارەزووی گریان دەکەین؟؟ من بۆ خۆم بەدەیان جار لەکاتی خواردنەوەدا گریاوم.. بە تەنیا بووم و گریاوم، لەگەڵ خەڵکانی دیکەش بووم شەرم نەیگرتووم و گریاوم.. بەڵام هەرگیز گریانی ئەو شەوە درێژەم بیر ناچێتەوە، کە کارزانی هاوڕێمان لە پڕێکدا پەنای بۆ بردو تا بەرەو بەیان ژێر نەبووەوە:

**کات (شەوێکی درەنگ)، شوێن (ماڵی کارزان)**

تا کاژمێر زیاتر لە12ی شەویش، ئێمە بەدەم خواردنەوە پێدەکەنین و گۆرانیمان دەگوت، بەڵام لە پڕێکدا، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە هۆکارەکەمان نەزانی، کارزان کەوتە گریان.. سەرەتا وەك هەموو جارێکی دیکە، وازمان لێهێنا تا بۆخۆی بەتاڵ بێتەوە، وەلێ هەرگیز بەتاڵ نەبووەوە، نەماندەزانی چی بکەین، دەستمان دەخستە ملی بۆ ئەوەی بزانین بۆچی دەگری، ئەو زیاتر دەیدایە گریان.. من دەمدیت کە چۆن لەهۆش خۆی دەچوو هەڵدەستایەوە دیسان دەیدایە گریان.. ئەو بەزمە تا بەرەبەیانی خایاند، کارزان بەردەوام دووبارەی دەکردە، نە ئێوە، نە ئەو، نەکەس لە زمانی گریان تێناگەن..

دواتر زانیم، کە ئەویش بەدەم حەلنەکردنی نهێنیەکی تایبەتی خۆی عەودالە..

هەموومان بەدەم، نهێنیەکەوە دەناڵێنین.

**کانوونی یەکەمی**

**2006**

# لاوان ئیدمانی حەب خواردن دەبن

رزگار کۆچەر

**ئیدمان** بوون و خووگرتن بەمادده بێهۆشکەرەکان شتێکی تازە نییە، کە گەنجانی کورد رووی تێدەکەن بۆ خافڵ بوون‌و لەهۆش چوون و ون بوون لەنێو ئەندێشە سەختەکانی رۆژگار، دیارە بۆ پۆلێن کردن و باس کردن لەجۆرە جیاجیاکانی ئەو ماددانە دەبێت پشت بە زۆرترین سەرچاوەی ورد ببەستین، بەو پێیەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نییە لەکوردستان دەربارەی ئەو کەسانەی مادده بێ هۆشکەرەکان بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێك سەرچاوەی نارەسمی باس لە زێدەبوونی ئەو دیاردە ترسناکە دەکەن لە نێو گەنجان ..

ئەوەی لێرە دەمەوێت باسی بکەم، خۆی لە دیاردەیەکی ترسناك دەبینێتەوە کە ئێستا رێژەیەکی زۆری گەنجان روویان تێکردووە، بەتایبەتی هەندێك لەگەنجانی رۆشنبیرو هونەرمەند تەنانەت هەندێك ئافرەتیش، حەب خورادن یان روون تر بڵێین ئەو حەبانەی کە ماددەی سڕکەریان تێدایە، بۆتە رێگا چارەیەك بۆ خافڵ بوون و بێ ئاگابوونێکی کاتی لەژیانی رۆژانە..

دیارە ئەوانەی ئەم جۆرە حەبانە بەکاردەهێنن، چەند هۆکارێکی کۆمەلایەتی‌و ئابووری دەبنە پاڵنەر بۆ خووگرتن بەم جۆرە دەرمانانە، کە چەند جۆرێکیان لە زۆربەی نەخۆشخانەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەبینرێن و هەندێکیان وەك چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی کۆکەی منداڵان وحەساسیە بەکاردێن .

(سۆمەدرن و ئارتین و فالیۆم و سەلیب و سیمۆو و ترامادۆل و میگادۆل و کۆدۆن و ........)و زۆری تر، هەمووی ئەو حەب و دەرمانانەن کە لە نەخۆشخانەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەفرۆشێن و ئێستا هەندێك لە گەنجانی هەولێر خوویان پێ گرتووە، بەتایبەتی گەنجانی گەرەکەکانی تەیراوەو سەیداوەو کوردستان و نەورۆز و 92و باداوە.

بۆیە ئەگەر بێت ومرۆۆ بە وردی سەیری باری گوزەرانی خانەوادەی ئەم گەنجە تووش بووانە بکات، کەهەندێکان گەنجی ناسراوی شارن، ئەوا دەبینێت لەنێو خێزانێکی هەژارو کەم دەرامەت ژیان دەگوزەرێنن‌و باری قورسی خانەوادەکەیان بۆتە هۆکاری سەرەکی خووگرتن بەم دیاردە دزێوە، هەندێکیان ئیدمانیان گرتووە لەسەر بەکارهێنانی‌و بوونەتە باری قورس لەسەر خۆیان و خانەوادەکانیان .

وەك دەرکەوتووە هەندێك لەوانەی حەب دەخۆن، زۆرجار لەگەڵ نەشئەبوون ئازاری جەستەی خۆیان دەدەن، تەنانەت هەندێکان بە جگەرە یان بە مووس یان بە شووشە جەستەیان زامدار دەکەن و خۆیان





خافڵ دەکەن و دەکەونە نێو جیهانێك پڕ لەخەیاڵ و حەسرەت و ئاخ هەڵکێشان .
ئەوانەی حەب دەخۆن زۆرجار باس لە نەشئەیەکی تایبەت دەکەن، کە ئەم جۆرە حەبانە هەیەتی، تەنانەت هەندێکیان بۆ زیاتر بێهۆش بوون روو لە بە کۆکتێل کردنی جۆری دەرمانەکان دەکەن، بۆ نموونە پێنج دانە لە حەبی فالیۆم 10 + سۆمدرینێك کە بەشێوەیەکی زانستیی وردوخاشی دەکەن، دوایش لەنێو کەپسولێك کۆی دەکەنەوە ئینجا دەیخۆن، نەشئەو خەیاڵ بوونی لە دوازدە کاتژمێر کەمتر نابێت، ئەگەر چایەکی شیرن و سەندەویجێکی چەوری لەدوا بخورێت ئەوا بۆ ماوەیەکی زیاتر مرۆڤی ئیدمان بوو خەیاڵ دەبێت و بیٚ ئاگا دەمێنێتەوە.

دیارە وەك باس دەکەن جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خواردنەوەی مادده کهولیەکان و ئەم جۆرە حەبانە هەیە، تەنانەت هەندێك لەو گەنجانە خواردنی ئەو حەبانە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ئەم حەبانە لە مەشڕوب هەرزانترن و لەکاتی خواردنەوەش بۆنیان نییە، بێجگە لەوەش مەسروفی هەرزانترە و ماوەی خەیاڵ بوون‌و بیٚ ئاگا بوونیش زیاترە ...

ئەو گەنجانەی ئێستا ئەم جۆرە حەبانە بەکار دەهێنن، ڕوویان لە ماددەیەکی تری بێهۆشکردن کردووە، ئەویش جۆرە دەرزییەکە کە لەقۆڵی خۆیانی دەدەن‌و بۆ ماوەیەکی ئێکجار زۆر خەیاڵ(مەست) دەبن، ئەوانەی ئەم جۆرە دەرزییە بەکاردەهێنن زۆر زووتر تەئسیریان لێدەکات‌و وایان لێدەکات لە جەوێکی عاتیفی وەك خۆیان دەڵێن (خۆش) بۆ ماوەیەك بژین !!!!

ئەوانەی بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەرمانانە بەند دەکرێن و دەگیرێن تەنها پێنج رۆژ زیندان دەکرێن و دوایی ئازاد دەکرێن، بۆیە لەدوا سەردانم بۆ بەندیخانەی ناوەندی شاری هەولێر( محەتە) بەمەبەستی ئەنجامدانی راپۆرتێك بۆم دەرکەوت هەموو ئەوانەی لەسەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە حەبانە بەند دەکرێن، هیچیان لە سیٚ جارو چوار جار کەمتر نەبوونەتە میوانی ژوورەکانی بەندیخانە .

(ف– ج) کوڕێکی تەمەن 22 ساڵە، وەك خۆی دەڵێت چەندین جارە بەند دەکرێم، ئەو دەڵێت من دەمێکە حەب دەخۆم، وەك خۆی ئاماژە دەکات و دەڵێت برادەرێکم فێری ئەم کردارەی کردم، کە زیاتر هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ باری خراپی ماڵەوەیان، کە وەك خۆی دەڵێت برایەکەم تابڵێی لەگەڵم خراپە، بۆیە منیش ئەو حەبانە بەکاردەهێنم تا دووربم لە بیرکردنەوە، دەربارەی ئەوەی ئەو چ جۆرە حەبێك بەکاردەهێنێت، (ف) دەڵێت من جاران زۆر فالیۆمم دەخوارد، جار هەبوو پێنج حەبم دەخوارد، بەڵام ئێستا ماوەیەکە فێری ئارتین‌و سۆمەدرین بوومە، لەلایەکی تر (ف) دەڵێت زۆرجار دەچمە نەخۆشخانەکان‌و سەیدەلیەکان پێیان دەڵێم پشتم دەیەشێت، ئەوانیش ئەو حەبانەم دەدەنیٚ، دەربارەی برادەرەکانی (ف) دەڵێت ئێمە هەموومان خەڵکی یەك گەڕەکین‌و ئاشانایەتی زۆرمان هەیەو بەیەکەوە دادەنیشین‌و ئەم حەبانە دەخۆین...

(ج – م) ئەویش کوڕێکی ترەو تەمەنی 19 ساڵە، وەك خۆی دەڵێت ئەوە یەکەم جارە لەسەر حەب خواردن دەکەومە بەندیخانە، ئەگەرچی ماڵەوەشمان نازانن بەڵام ئەوە دواجارە، چونکە خۆشم نازانم بۆ وام بەسەر خۆم هێنا! باوڕبکەن حەزم نەدەکرد کەس بزانێت من ئەم کارەم کردووە، بەڵام برادەرێکم ئەوەی بەسەرهێنام و جارێکی تر ئەمە دووبارە ناکەمەوە، دەرباری ئەوەی ئەو چ جۆرە حەبێك دەخوات، دەڵێت من زیاتر ئەو شڕوبە دەخۆم، کە منداڵ بۆ کۆکە بەکاریدەهێنن، کە وەك خۆی دەڵێت ئەو چەند شووشەیەك لەسەریەك دەخوات‌و جارجاریش حەبێك دەخوات ناوی سەلیبە، کە بە ئاشکرا لە دەرمانخانەکان دەیانکڕێت......

Rzgar_kochar@hotmail.com

## ئەگەر ڕێگات کەوتە سوێد

# سینەما

# کچەی کلاّو سوور

د.سەپان




**ئێوارەی** پێشتر بڕیارماندا بەیانی، کە دەیکردە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2006/7/15بۆ سینەما بچین. لە سوێد، کە بەڵێن بەمنداڵ دەدەیت، دەبێت بیگەینیتە جیّ، یانی کە بڕیار درا، شوێنی پەشیمان بوونەوەی نییە، مەگەر کارەساتێکی ناخۆش و ناکاو بێتە ڕێگا، ئەگینا، ئەگەر لەجیاتی بەفر تەوریش ببارێت، هەردەبێت بۆی بچیت و بەڵێن بگەینیتە سەر. بۆیە ئەگەر لەسوێد بژیت، یان بەسەردان بۆی بچیت، هەوڵ بدە هیچ بەڵێن بە منداڵ نەدەیت، چونکە ئەگەر بەڵێنت دا، لەسەر تۆ دەبێت بەماڵ و تاپۆکەشی بەناوی ئەوان دەبێت! ئەگەر بەڵێنت بۆ کڕینی شتێك یان بۆسەردانێك دا، دەبێت بیّ سیّ و دوو جێبەجێی بکەیت، چونکە هێنانەوەی شێرو ڕێوی داد نادات و دەرگای نوێت بۆ ناکاتەوە. من ئەو ڕاستیانەی سەرەوەم باش دەزانی، بۆیە بیرم لە پەشیمان بوونەوە نەدەکردەوە. ئەگەر خوانەخواستە پەشیمان بووبامەوە، دیارە ئەوڕۆژە لەخۆم تاڵ دەبوو، تا ئێوارەش منداڵەکان بیّ زەوق دەبوون، باس لەوە هەرناکەم، کە لە داهاتوو کەمتر متمانەیان پێدەکردم!

ماڵی ئێمە لەسەنتەری (شیستە) نزیکەی چوار کیلۆمەتر دوورەو من بە پیّ چووم، (نالی و نازە)ش لەگەڵ دایکیان‌و خوشکە بچوکەکەیان بە پاس چوون. ئەوان پێش من گەیشتن‌و لەشوێنی دیاریکراو چاوەڕێی منیان دەکرد. یەکترمان بینییەوەو من دەستی نالی‌و نازم گرت‌و بەرەو هۆڵی بلێت کڕین ڕۆیشتین. جاریّ نەمان دەزانی چ فیلمێك سەیر دەکەین، بەڵاّم پاش سەیرکردنی ڕێکلامی هەموو فیلمەکان، نالی و ناز بڕیاریاندا سەیری فیلمی "کچەی کلاّو سوور " بکەن. هەموو جاریّ ئەوان بڕیار دەدەن، کە چ فیلمێك سەیر بکەین. بۆیە ئەمجارەش وەك جارەکانی ڕابردوو، لە هەڵبژاردنی فیلم خۆم دوورەپەرێز ڕاگرت و بەشداریم لە هەڵبژاردنەکەیان نەکرد.

ئەگەر نەزانیت سەیری چ فیلمێك بکەیت و بە ئاسانی بۆت هەڵنەبژێردرێت، غەم مەخۆ و چارەسەری ئاسانە. تۆ دەتوانی لە کچە بلێت فرۆشەکە بپرسیت، کە ئەم هەفتەیە چ فیلمێك زۆرترین بینەری هەیە، یان ئەو زۆر بەئاسانی فیلمێکت بۆ پێشنیار دەکات، چونکە ئەوانەی لەسینەما کاردەکەن، ناوەڕۆکی فیلمەکان زۆر باش دەزانن.

ئەگەر باس لەهۆڵی بلێت فرۆشتن بکەیت، ئەوا پاش ئەوەی بە قاڵدرمەی کارەبا قاتێك بەسەر دەکەویت، ڕاستەوخۆ دەرگای

سینەمات دێتە بەرچاو، لە ڕاستیدا ناوی دەرگایە، ئەگینا هیچ دەرگایەکی پێوە نییە. بەرامبەرت کۆشکێك لەشێوەی بازنەیی دروست کراوە. لەناو ئەم بازنەیە، چەند گەنجێك وەستاون، بلێت و ساردی دەفرۆشن. هەموویان زۆر بەڕێزەوە قسە لەگەڵ کڕیارەکان دەکەن. لەلای دەستە ڕاست ڕێکلامی فیلمەکان هەڵواسراوەو چەند تەلەفزیۆنێکیش ڕێکلامی فیلمەکان نیشان دەدات. کە زیاتر بۆ بنەبان هەڵدەکشێیت، دیسا لەشێوەی بازنە کورسی دروستکراوەو ئەوانەی چاوەڕێی کردنەوەی هۆڵەکانیان دەکەن، لەسەری دادەنیشن. لەبەرامبەر کۆشکی بلێت فرۆشەکان، کە دەکاتە دەستەڕاستی ئەوان، ساردی و شەندەری لەگەڵ چوکلێتو شیرنی داندراوە، زۆربەی بینەران دەیکڕنو لەگەڵ خۆیان بۆ هۆڵی نیشاندانی فیلم دەیبەن. سینەمای گالەریای "شیستە" شوێنێکی زۆر خۆشەو بەوێنەو ڕێکلامی زۆر جوان هەموو هۆڵە بەرزو گەورەکە ڕازاوەتەوە.




ئێمە بلێتمان کڕی، بۆ هەرسێکمان جگە لە شەندەری و ساردی نزیکەی 30 دۆلاری ئەمریکی تێچوو. بۆ شەندەری و ساردیش نزیکەی دە دۆلارمان دا.

لە سوێد و هەموو دەوڵەتانی پێشکەوتووی جیهان، چوون بۆ سینەما جیاوازی زۆری لەگەڵ چوون بۆ شانۆ نییە. دیارە هەندێك کەس، چوون بۆ شانۆیان لا خۆشترەو هەندێکیش چوون بۆ سینەمایان لا خۆشترە. ئەوە زیاتر پەیوەندی بە زەوقەوە هەیە، بۆیە ناتوانین بڵێین کامە شوێن خۆشترە. بۆ یەکێك لەوانەیە چوون بۆ سینەماو سەیرکردنی فیلم خۆشتر بێت، بۆ یەکێکی تر چوون بۆ تیاترو سەیرکردنی شانۆ خۆشتر بێت، بەلاّم ئەوەی لێرە گرنگە، بۆ هەردووك لا خەڵك دەچێت، زۆربەی جاریش ئەکتەرەکان لە هەردووك بوار کار دەکەن. یانی لە فیلمو لە تیاتر. چوون بۆ هەردووك شوێنیش وەك چوون بۆ ئاهەنگ وایە. بینەران جوانترین جل لەبەر دەکەنو بۆ ئەو شوێنە فەرهەنگیانە دەچن. بۆ هەردووك لاش، زۆرتر بۆ سیانسی (لێدانی، نیشاندانی) ئێواران دەچن، چونکە بەڕۆژ کاردەکەن. لە هەردووك بواریش بیر لەمنداڵ کراوەتەوە. یانی شانۆ بۆ منداڵ هەیەو فیلمیش تایبەت بۆ منداڵ بەرهەم دەهێندرێت.

لەنێوان هەردووکیان چەند وردە جیاوازییەك هەیە وەك: سینەما لە یەك شوێن لەنزیکەی دە هۆڵی جیا فیلم پەخش دەکرێت، بەلاّم لە تیاتر تەنیا یەك شانۆنامە پێشکەش دەکرێت. لە شانۆش وەك دەزانین هونەرمەندەکان بەزیندوویی دەبینینو لە سینەما فیلمیان گیراوە. گرتنی فیلمیش پارەی زۆرتری لە پێشکەشکردنی شانۆ تێدەچێتو قازانجیشی زۆرترە. حکومەت یارمەتی هەردووك بەش دەدات، چونکە دەمێکە لێرە تێگەیشتووین، گەلی بێ شانۆ، گەلی مردووەو بەرهەمهێنانی فیلم گەشەپێدانی بەشێکی گرنگی فەرهەنگییە.

من هەموو ئەوجارانەی بەسەردان بۆ ستۆکهۆڵم دەگەڕێمەوە، لەگەڵ نالی و نازە بۆ سینەما دەچین. ئەو فیلمانەی دەمانەوێت سەیریان بکەین، ئەوان هەڵی دەبژێرن، چونکە فیلمەکان فیلمی منداڵانن. زۆرجار ئەو فیلمانەی دەیبینین، یەکێك پێشتر لە برادەرانی ئەوان بینیویانەو پێیان باشە ریکلامی بەلاشی بۆ دەکەن، ئینجا منداڵەکانی تریش لەسەر پێشنیاری برادەرانی منداڵەکانیان، لەگەڵ دایكو باوکیان سەیری هەمان فیلم دەکەن.

ئێمە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 15–7–2006 چووین بۆ گالەریای شیستە و سێ بلێتمان بۆ فیلمی کاتژمێر 14.40 کڕی. ئەگەر کەمێك وردتر باس لە سینەمای شیستە بکەین، ئەوا لەیەك کاتدا، لە 11 هۆڵی جیا دەتواندرێت فیلم پەخش بکرێت. فیلم بۆ گەورە، بە زمانی ڕەسەن نیشان دەدرێت و تێکستی سوێدیش لەسەر فیلمەکە دەنووسرێت. بەلاّم فیلم بۆ منداڵان ئەگەر سوێدی نەبێت بۆیان دۆبلاج دەکرێت. ئەوان لە هونەری دۆبلاج زۆر سەرکەوتوونو بینەر هەست ناکات، کە لە ڕاستیدا ئەم فیلمە بە زمانی سوێدی نییە.

هەمووجار بۆ هەموو کەس سەردانەکانی سینەما وەك یەکە. ئەگەر بلێتت بە ئینتەرنێت نەکڕیبێت، لە یەك لەو چوار قاسەیەی هەیە، بلێت دەکڕیت. لەگەڵ بلێت کڕینەکە، بەگوێرەی ژمارەتان، شەندەری و ساردی دەکڕیت، هەندێکی






لەهۆڵی چاوەڕێ کردن دەخۆیت، زۆربەشی لەکاتی دانیشتن و سەریرکردنی فیلم دەخورێت. ئەو فیلمە کارتۆنییەی ئێمە دەمانویست سەیری بکەین، لەهۆڵی ژمارە 5 لێدەدرا. ئێمە شوێنی دانیشتنی 57, 58 لەگەڵ 59 مان لەڕێزی 5 وەرگرت. نزیکەی پێنج خولەك پێش نیشاندانی فیلم، دەرگای هۆڵیان بۆ کردینەوەو هەریەکەو لەسەر کورسییەکی سووری زۆر خۆش و نەرم دانیشتین. فیلمی ئەو ڕۆژە بەناوی "چەند ڕاستییەك دەربارەی کچەی کڵاو سوور" بوو. نووسەری چیرۆکی ئەم فیلمە لە ئەسڵدا ئەڵمانییە و (برایانی گریم) ی نووسیویانە. ڕاستریش ئەمە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە و ئەوان تەنیا بەزمانی ئەدەبی لە سەدەی 19 نووسیویانەتەوە. دیارە هەمان چیرۆك لەلایەن نووسەری فەرەنسی (شارل پێڕۆ) ش بە کەمێك جیاوازی لە هی بریانای ئەڵمانی نووسراوەتەوە. ئەم چیرۆکە لەهەموو جیهان بە گشتی و ئەوروپا بەتایبەتی زۆر بەناوبانگە. ئێمە لەماڵ هەمان فیلممان بە زمانی رووسی هەیەو دەیان جار بینیومانە. من پێم وابوو، ئەم فیلمەش وەك ڤەریانتی رووسییە، بەڵام کە بینیمان، سیناریۆکەی تەواو جیا بوو. من بە نالی و نازیشم گوت، کە ڤەریانتی رووسییەکەم پێ خۆشتر بوو، بەڵام ئەوان تامیان لە هەردووکیان وەك یەك وەردەگرت.

ئەگەر بە کورتی باسی ئەم چیرۆکە بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکات:

"داپیرە نەوەیەکی کچی دەبێت و کڵاوی سوور لەسەر دەنێت. هەردووکیان بەیەکەوە لە دارستانێك دەژین. ڕۆژێك ئەم کچە لەکاتی گەڕانی لە دارستان لەگەڵ برادەرەکانی، کە هەموویان گیاندارن، قسە دەکات و پێیان دەڵێت، کە لە چ شوێنێك لەگەڵ داپیرەکەیدا دەژیت. لەکاتی هێنانی ناوی شوێن، ڕێوی لەپشت دارێك گوێی لێدەبێت و دەچێتە ماڵی داپیرەو خۆی دەکات بە نەوەکەیان، یانی کچەی کڵاو سوور. داپیرە دەرگای لێدەکاتەوەو خزمەتی دەکات و لەناکاو، ڕێوی بەفێڵی خۆی داپیرە دەبەستێتەوە و چاوەڕێ دەکات کچی کڵاوسوور بگەڕێتەوە، تاکو بیخوات، کڵاوسوور دەگەڕێتەوە، ڕێوی لە شوێنی داپیرەو لەناو جلی ئەو دانیشتووەو خۆی وەك داپیرە، باش و ڕووخۆش نیشان دەدات، بۆ ئەوەی لە دەرفەتێك بتوانێت کچەی کڵاوسوور بخوات، بەڵام پێش ئەنجامدانی ئەم کارە گڵاوەی، لای کڵاوسوور ئاشکرا دەبێت. برادەرانی کڵاوسوور بەهانایەوە دێن و ئەنجامەکەی وەك هەموو چیرۆکێکی منداڵان بە شادی و خۆشی کۆتایی دێت، یانی ڕێوی بە هەزار شەڕە شەق، خۆی بۆ دەرباز دەکرێت".

ئەوەی سەرەوە ناوەڕۆکی فیلمەکە بوو، ئەگەر باس لە هۆڵی نیشاندانی فیلمەکەمان بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو. هەر فیلمێك لەم هۆڵە نیشان بدرێت، لەیەك کات 93 کەس دەتوانێت بیبینێت. لە ڕێزە کورسییەك 11 کەس شوێنی دانیشتنی هەیە. لە ڕێزەکانی 2 تا 6 کورسی بۆ 13 کەس داندراوەو لە دوا ڕێزیش 17 کەس دەتوانێت دابنیشێت. چوار بڵندگۆی گەورە لەلای ڕاست و چەپ داندراوە. هەندێك بڵندگۆی تریش لەپێشەوە هەن. لە پێشەوەی کورسییەکان سێ بەرمیلی سەوزی گەورە بۆ زبڵ داندراون. بینەر بە دەرگای دەستە ڕاست دێتە ژوورو پاش سەیرکردنی فیلم بە دەرگای دەستە چەپیش دەچێتە دەرەوە. هەموو هۆڵەکە کارپێت ڕێژ (مافوور ڕێژ) کراوەو زۆریش پاك‌و خاوێنە. ئەوە ماوە بینووسین، لەنێوان کورسیەکان، لە شوێنی باسك لەسەر دانان، قۆرتێك یان کونێك بۆ دانانی ساردی کراوە. هۆڵەکان زۆر خۆشن و فیلمەکە هەرچەند درێژ بێت، بەدانیشتن لەشت ئەزیەت ناخوات. دەنگەکانیش ئەوەندە بەرزن، بینەر ناچار دەکات، لەگەڵ ڕوداوەکان بڕوات. هەموو بینەرانیش بۆ سینەما دەچن، چونکە دەیانەوێت چەند کاتژمێرێکی خۆش لەژیانیان لە سەیرکردنی فیلمی ئەمجارە بەسەر بەرن.

ئەم فیلمەی ئێمە نزیکەی یەك کاتژمێرو نیو درێژ بوو، جگە لەئێمە چەند کەسێکی تریش لەگەڵ منداڵەکانیان هاتبوون و هەمووومان بەیەکەوە سەیرمان کردو کاتێکی خۆشمان بەسەر برد. ئەوەی لێرە سەرنج ڕاکێش بوو، کەس لە بینەرانی فیلم لەکاتی نیشاندانی، قسەیان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد، هەموویان خەریکی شەندەری و ساردی خواردنەوە بوون.



پاش سەیرکردنی فیلمەکە، لەکاتی هاتنە دەرەوەمان، نالی نهێنییەکی بۆ منو نازەی خوشکی درکاند، نهێنییەکەشی ئەوە بوو، کە ئەو جاری دووەمیەتی ئەم فیلمە دەبینێت.
– دیارە ئەم فیلمەت زۆر پێخۆشە، من لێیم پرسی.
– بەڵی! زۆرم پێخۆشە، وەلامی دامەوە.
پاش هاتنە دەرەوەمان لەهۆڵی سینەماو سەیرکردنی فیلم، کەمێك پیاسەمان لە گالەریای شیستە کردو ئەوجا هەمووومان بەپاس بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە.

## زانیاری لەسەر سینەما لە سوێد :

– لە 5 ئەیلولی 1905 بۆ یەکەم جار کۆمپانیای سینەمای SF فیلمی یەکەمی نیشانداو تا ئێستاش ئەم سینەمایە لە کارکردن بەردەوامە.
– ئێستا لە سوێد نزیکەی 1100 سینەما هەیە.
– ساڵانە نزیکەی 18 ملیۆن کەس بۆ سەیرکردنی فیلم دەچێ.
– دوو کۆمپانیای مەزن خاوەنی زۆربەی سینەماکانە. یەکیان ئەستۆریا سینەما، دووەمیان SF، یەکەمیان نزیکەی 50٪ و دووەمیشیان نزیکەی 20٪ هۆڵی هەیە.
– پەیدا بوونی تەلەفزیۆن، کاری ڕاستەوخۆی کردە سەر سینەما. ئەوکات ساڵانە نزیکەی 80 ملیۆن جار سەردانی سینەما دەکرا، بە پەیدابوونی تەلەفزیۆن لەکۆتایی پەنجاکان، بوو بەهۆی دابەزینی ئەم ڕێژەیە. لە هەشتاکان پەیدابوونی فیلمی ڤیدیۆش کاری کردە سەر کەم چوون بۆ سینەما.
– شاری سینەما بەناوی (هێرۆن) لە کونگێنس کورڤە لە ستۆکهۆڵم 18 هۆڵی نیشاندانی فیلمی تێدایەو بە هەموویان 4166 کورسیان تێدایە.
– لە یەك چرکە 24 وێنە لێدەدرێت. هەمان فیلم لە تەلەفزیۆن 25 وێنە نیشان دەدرێت.
– فیلمی سینەمایی بە گشتی بە قەبارەی 35 ملم دەگیرێ، بەڵام لە پەنجاکانی سەدەی بیستەوە فۆرماتی 70 ملم یش پەیدا بووە. لێدانی ئەم فیلمانە بە ئامێری تایبەتیە.
– نزیکەی 900 کەس تەنیا لە کۆمپانیای SF کار دەکات.
– ساڵی 2005 نزیکەی 190 هەزار جار فیلم نیشاندراوە. ئەمەش دەکاتە 640 ملیۆن مەتر یانی 16 جار بەدەوری زەوی.
– ساڵی 2005 نزیکەی 7ملیۆن و 789 هەزار کەس چۆتە سینەماکانی کۆمپانیای SF.
– نرخی یەك بلێت نزیکەی 11 دۆلاری ئەمریکییە.
– لە 10٪ لە نرخی بلێتی سینەما، بە ئینستیتوتی فیلمی سوێد دەدرێ، ئەوەش یارمەتییەکی زۆرە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سوێدی.
– بۆ ئەوەی لە سینەما کارت پێبدرێت، دەبێت تەمەنت لە نێوان 19–25 ساڵ بێت.



# پۆرترێتەکانی ژیان

## بەراوردکارییەکی سیستەمی ژیان، لەنێوان هەولێرو بیلەفێلد



زانا خەلیل

2

### سەنتەری ئیرۆس و ماڵی مەلائیکەتی شین

**لەهەولێر** کەپتی سێکسی وەکو خێوەتێکی گەورە ئاسمانی شاری داگیرکردووە، دەڵێی لافاوە رووی لە ژووری ماڵی رۆحەکان کردووە، پیرو گەنج و ئافرەت و پیاو، هەموویان بەبێ جیاوازی وەکو یەك کەپتن، بێگومان هۆکاری ئەو کەپتیەش یەکجار زۆرە، بەڵام بەرچاوترینیان ئەوەیە کە تا ئێستا پێناسەی خەڵکی هەولێر بۆ ئەخلاق پێناسەیەکی سواو و ئاوەسوو کۆن و ژەنگهەڵێناوەو تەواو بە سێکسەوە گرێدراوە، کەسێ کە دزبێ و کەسێ کە مرۆڤ بکوژێ و کەسێ کە لەسەر حیسابی جەماوەر خۆی قەڵەو بکاو کەسێ کە درۆ دەکاو رق هەڵدەگرێ و بوختان دەکاو هەموو ئەوشتانە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا مومارەسە دەکا، بەڵام هێشتا وەکو دوو مرۆڤ، کە خۆشەویستی دەکەن بێئەخلاق نین!

خۆشەویستیی و مومارەسەکردنی کردە ئیرۆتیکی و سێکسیەکان لەسەر بنەمای تەوافق و رێز لەیەکتری نان و خۆشەویستیش بە بێئەخلاقی لە قەڵەم دەدرێ لە هەولێر! ئەو حاڵەتی بێ ئەخلاقیکردنی عیشق و ئیرۆتیکە بۆتە کولتور لەو شارەو بەدرێژایی هەزاران ساڵە کرۆك و رەگی خۆی لەخاکدا دەباتە خوار، لەگەڵ ئەوەشدا پیرو گەنج و ژن و پیاو، مەرام و خەون و بیرکردنەوەکانی ژیانی رۆژانەیان لەسەر سێکسە، ئەوەندەی رۆژێك لەهەولێر بیر لە سێکس دەکرێتەوە، وەکو شەش مانگی رێك وایە لە بیلەفێلد ..

ئەو کولتورە رەگ بەخاکدا رۆچووە هەروا بە سانایی ناگۆڕدرێ، بێگومان زەمەنی درێژو هۆکارو زەمینەخۆشکردنی زۆری دەوێ، بەلاّم ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کەهەولێر تا ئێستا وەکو (حەلەب – پایتەختی رۆشەنبیری ئیسلامی) و (ئیستەنبۆڵ – پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی ) و ( بەغداد – پایتەختی خولەفای راشدین ) و (قاهیرە – سەنتەری فتوای ئیسلام ) و (دیمەشق و تونس و..) هەندێ لە وڵاتانی تری ئیسلامی و عەرەبی دواکەوتووش.

(نەك بیلەفێلد) تەقەببولی ئەوە ناکا لە رێگای دانانی سەنتەری ئیرۆس و ماڵی مەلائیکەتی شین بەشێك لە کەپتی دانیشتوانی کەم بکاتەوە.



بیلەفێلد



هەولێر

## سەنتەری ئیرۆس و ماڵی مەلائیکەتی شین چین ؟

لە بیلەفێلدو تەواو لەشەقامی (ئیکندۆفە شتراسە) بالاْخانەیەکی سۆرتاریکت دەکەوێتە بەرچاو و لە لەوحەیەکدا نووسراوە ( سەنتەری ئیرۆس – ماڵی بەختەوەری مرۆڤەکان ) کە لە لەوحەکە تێدەپەڕی و دەچیتە ژوورەوە، گۆڕەپانێکی چوارگۆشەی گەورەت دەکەوێتە بەرچاو، لەناوەڕاستدا باخچەیەك هەیەو چواردەوری باخچەکەش کاشی ڕێژکراوە، کە بەسەر کاشیەکاندا هەنگاو دەنێییت دەبیٚ لە جامخانەکان بڕوانیت، هەر ژوورەو پەنجەرەیەکی گەورەو دەرگایەکی هەیە، ئیدی هەموو جۆرە سیمایەك دەبینی، لە رووخساری چینیەوە بگرە تا دەگەیتە ئەمەریکی، لە ئەمەریکیەوە تا دەگەیتە تورك و فارس، لە تورك و فارسەوە تا دەگەیتە بولگاری و ئیسرائیلی و مەغریبی و سعودی و هەموو جۆرێك، لەویٚ لە سەنتەری ئیرۆس هەموو جۆرە مەلائیکەتێك دەدۆزیتەوەو بە 30–50 ئۆیرۆ، چی کەپتی گیان و دەروونی خۆت هەیە بەو زەمین و زەمەنەی پەخشان دەکەیت.

ماڵی مەلائیکەتی شین نەختیٚ جیاترە، لە دەرەوەی شارە، ڤیللەیەکی سپییە و بە رووناکی شین داپۆشراوە، چوونە ژوورەوەی بە 100 ئۆیرۆیە، دەتوانی 24 سعات بمێنیتەوە، ئەویٚ بەهەشتی زەمینە، شەڕاب دەنۆشی، دەچیتە ساونە، حەمام دەکەیت، نان دەخۆیت، لەبەر دیکۆری ناوەوەی ڤێللەکە سەرسام و مەست و سەرخۆش دەبیت، هەر لە ژوورەکانی هاڕونە رەشید و ئەو جۆرە خەلیفانە دەکات، وابزانم سوودیان لە هونەری میعماری ئیسلامی وەرگرتووە، سەرباری ئەو هەموو شتەیش پەنجا حۆری لەوێدا کاردەکەن، تۆو ئارەزووی خۆت، حەز دەکەی یەکێکیان رزگار مەکە.. حەزدەکەی هەموویان رزگار بکەو یەکێکیان نەبیٚ..

بۆچی سەنتەری ئیرۆس و ماڵی مەلائیکەتی شین لە هەولێریش نەبیٚ؟

بوونی ڤێللەی مەلائیکەتی شین و سەنتەری ئیرۆس لە هەولێر بە دەیان خاڵی پۆزەتیڤی لێدەکەوێتەوە، بەر لە هەموویان کەمکردنەوەی ئەو هەموو کوشتن و بڕینەی کە رۆژانە لەسەر ئیرۆتیك و عەشق ئەنجامدەدریٚ، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو هەموو کێشە کۆمەڵاْیەتیانەی کە رۆژانە تووشی خەڵك دەبنەوە بەهۆی ئەو هەموو کەپتیە سێکسیەی، کە رۆحی مرۆڤەکانی داگیرکردووە.

بەکورتی من پێم وایە یەکیٚ لەو خاسیەتانەی کە شار لە گوند جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە شار دەبیٚ ئاوەلاْ بیٚ، دەبیٚ شار دەرگای خۆی بۆ هەموو جۆرە کولتوورو رۆشەنبیری و دیاردەیەك ئاوەلاْ بکا و لە تواناشیدابیٚ کە بتوانیٚ هاولاْتیان و تۆریستانی ناو خۆی، لەهەموو رووەکانەوە تێرو بەختەوەرو شادومان بکا.

بیلەفێلد: شارێکە دەکەوێتە ناوەڕاست بەرەو خۆرئاوای ئەڵمانیا، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 350،000 کەسێك دەبێت، لە هەرێمی نۆرد راین ڤێستفالنە.

# ئایا هەر بە تەنها وابیردەکەمەوە؟

# گەشتێك بۆ عەممان



د. ڕێدار محەمەد ئەمین

هەر کە لە سنووری عێراق دەردەچیت، هەست بە گۆڕانکارییەکی گەورە دەکەیت، دەڵێیت عێراق بە چەندین سەدە لەدوای وڵاتەکانی دراوسێیە، بەراوردیش ناکرێ لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان، ئەمە تەنها هەستی من نیە، بەڵکو هەستی هەموو ئەو کەسانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان گەشتیان بۆ دەرەوە ئەنجام داوە، بە دڵنیاییشیەوە هەستی ئەوانە دەبێت کە لە داهاتوودا گەشت دەکەن. ئەم جیاوازیە بەرفراوانەی هەموو بوارەکانی ژیان وات لێدەکات بیر لە وڵاتەکەت بکەیتەوەو بڵێی چی ئێمەی گەڕاندۆتەوە دواوەو چی ئەوانی گەیاندۆتە ئەم حاڵەتە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە حەز دەکەیت هەموو کونج و کەلێنێکی وڵاتەکان بگەڕێیت و لەهەموو خەڵك پرسیار بکەیت، ئەوەندە ئارەزووی گەڕان دەکەیت و بۆ شوێنی ئاوا دەڕۆیت، گەر سەد ساڵی تر ئەم شوێنە لە وڵاتی خۆت بوایە سەیرت نەدەکرد! چی ئەم شوێنانە لای تۆو خەڵکی تر خۆشەویست دەکات، چی شوێنە جوانەکانی وڵاتی خۆت لا ناشیرین دەکات؟

لە گەشتێکمدا بۆ ئوردەن تێبینی زۆر شتم کرد، جیاوازی زۆرم دی، بۆم دەرکەوت ئەو وڵاتە هەژارەی کە هیچ بەرهەمێکی نەوتیی، دەریایی ، کشتوکاڵی، پیشەسازیی نیە، لەهەموو ڕووێکی ژیان لە ئێمە پێشکەوتووترن، لە ڕووی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، سیاسی، فێرکردن، بگرە تا بچووکترین بواری ژیان، ئەوەم پێ مەتەڵێکی سەیر بوو، چونکە وڵاتەکەی خۆم ژێری هەموو نەوتەو سامانی ئاوو کشتوکاڵ و پیشەسازیشی زۆرە، کەچی زۆر لە دواوەترە، بەڵام دوای ماوەیەك مانەوەم لەوێ، هەڵدانی مەتەلەکەم زۆر لا ئاسان بوو، ئەویش لە ئەردەن حکومەت و خەڵك وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن، حکومەت شەو و ڕۆژ لەخەمی هاوڵاتیاندایە و هاوڵاتیش هەموو دەم ئامادەیە گوێڕایەڵی حکومەت و خزمەتی وڵات بکات.

### 5 ملیۆن کەس

هەروەك لە نەخشەدا دیارە وڵاتی ئوردەن دەکەوێتە باشووری خۆر ئاوای کوردستان، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 5 ملیۆنە، بەڵام لەمانە زیاتر لە دوو ملیون و نیو فەلەستینین، واتە زیاتر لە 50٪ ی دانیشتوان پێك دەهێنن، زۆربەی زۆری ئەم فەلەستینیانە لە چینی ناوەڕاست و خوارەوەن و بە دەگمەن لە دەسەڵاتدان، ئەوانیش پۆلین دەکرێن بۆ چەند گرووپێك، فەلەستینی بەر لە ساڵی1947، دوای 1967 ، دوای راپەرینی گەلی فەلەستین و هەندێکیش بەم دواییە هاتوونە، ئامارێکی فەرمیم نەبوو بۆ کورد لەئەوێ، بەڵام ڕەنگە کورد کەمتر لە 1٪ ی ئەم وڵاتە پێك بهێنن و ئەوانیش بە چەند قۆناغ هاتوونە، ئەوانەی سەردەمی سەلاحەددین ئەیوبی، ئەوانەی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و ئەوانەی سەردەمی پادشایەتی، تەنانەت هەندێك لە دوای ڕاپەڕینی 1991ەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ، ئێستا گەڕەکێك هەیە لە عەممان بە ناوی ((جبل الاکراد))چیای کوردان، زۆربەی کوردەکانی ئەوێ لە چینی بەرزن و خاوەن دەسەڵات و پایەی بەرزن و بازرگانی گەورەشیان تێدایە، لەوانەش خاوەنی ((مکەمۆڵ)) کەوا شوێنێکی بازرگانی گەورەیە و خاوەنەکەی کوردە، خەڵکی ئەوێ زۆر کوردیان خۆش دەوێ یان ڕێزی دەگرن، چونکە کوردەکانی ئەوێ بەڕێزو رۆشنبیرو بە پیاوی چاك ناسراون، لە ئوردەن دا دەریاچەیەکی گەورە هەیە پێی دەگوترێ دەریای مردوو، کە دەچیتە ناو ئەم دەریایە وا هەست دەکەیت خوێی هەموو دونیا کۆکراوەتەوە و لە ناوی کراوە، بۆیە هیچ گیانەوەرێکی تێدا ناژێت تەنانەت میکرۆبیش، ئەم دەریایە بریتیە لە نزمترین شوێن لەسەر زەوی و بۆتە دووبەش، بەشێك بەر فەلەستین و بەشێك بەر ئوردەن کەوتووە، چڕی ئاوەکە لەئاوی ئاسایی زۆرترە، من یەکێکم لەوانەی مەلەوانی نازانم، بەڵام زۆر بە سانایی لەم دەریایە سەر ئاو دەکەوتم، لە وڵاتی ئوردەن نزیکەی 30 زانکۆ هەیە (لێ وردبەوە 30 زانکۆ بەرامبەر 5 ملیۆن دانیشتوو!) بە دەیان نەخۆشخانە هەیە، بە گوتەی هاوڕێیەکەم کە لەوێ ماستەری بەڕێوەبردنی کار (ادارە الاعمال) ی هەیە، ئەو نەخۆشخانانە ساڵانە نزیکەی 8 ملیار دۆلار بۆ حکومەت وەبەر دەهێنن!

### کورد و فەلەستینی

هەر جارەی سواری تاکسی دەبووین و بە کوردی قسەمان دەکرد، شۆفێرەکە لێی دەپرسین خەڵکی کوێن؟ دەمانگوت کوردی عێراقین، لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی زۆر لەو کوردانەی سەردانی ئوردەنیان کرد بوو و دەیانگوت ئوردەنی ڕقیان لەکوردە، چونکە کورد دۆستی ئەمریکایە، ئێمە پێمان وابوو ئەوان زۆر ڕێز لەکورد دەگرن و خۆشیان دەوێ، بە بڕوای من دوو هۆکار لەپشت ئەم خۆشەویستی و ڕێز دەربڕینە هەبوو، یەکەم: چینی ناوەند و خوارەوە لە ئوردەن زۆربەیان فەلەستینین



عەممان

و بە کێشەی کورد ئاشنان، بۆیە زۆر جاران بە ئێمەیان دەگوت ئێمەو ئێوە هەردوو قوربانین، دووەم: بوونی ژمارەیەکی زۆر کورد لە ئوردەن، کە جێگەی ڕێز و تەقدیری ئەوانن، زۆر لەو تاکسیانەی لەگەڵیان سوار دەبووین پاش ئاشنا بوون و ناسین بە زۆر پارەیان لێ وەردەگرتین، یەکێك لە شوفێرەکان کاتێك زانی ئێمە کوردین خۆشحاڵییەکی زۆری دەربڕی، گوتی من کاتی خۆی باوکم شوفێری لۆری بوو و ماوەی چەند ساڵ هاتوچۆی کوردستانی دەکرد (سەرنج بدە وشەی کوردستانی بەکارهێنا، نەك باکووری عێراق) باوکم دەیگوت کوڕم کوردستان زۆر خوشە وەك بەهەشت وایە، خەڵکەکەی زۆر مرۆڤی چاکن من جارێکیان گوتم: ئەی گەروایە باوکە، سەددام بۆ لەناویان دەبات، گوتی کوڕم چونکە ئەوان موسڵمانن! شوفێرەکە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: ئێمە دەمانزانی ئێوە موسڵمانن و لەئێمەش موسڵمانترن، سەددامیش هەرگیز بۆ عەرەب شەڕی نەدەکرد، بەڵکو دیکتاتورێك بوو لە دیکتاتۆریش زیاتر!

ئەم قسانە دڵخۆشییەکی زۆری بۆ دروستکردین، سوپاس بۆخوا کەسانێکی عەرەب هەن دەزانن کێشەی ئێمە چیە، خۆشەویستی ئەم شوفێرە بۆ ئێمە ئەوەندە زۆر بوو، تا ئەو ڕادەیەی بەزۆر پارەی کرێیەکەی لێ وەرگرتین. زۆریش هەوڵیدا لەگەڵی بچینەوە ماڵەوەو نانی ئێوارەی لەگەڵ بخۆین، بەڵام ئێمە پارەکەمان پێدا و سوپاسمان کرد، دوای چەندین ڕۆژ لەکاتی کڕینی شتومەك لە دوکانێك، کە خاوەنەکەی لە بنەڕەتدا فەلەستینی بوو، لێی پرسین شێوازی قسەکردنتان سەیرە ئێوە خەڵکی کوێن؟ گوتمان کوردین، گوتی هاوچارەنووس، هاوقوربان، خاوەنی ئەم دوکانە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئێمە دەربڕی، لە شتومەکەکانیش نرخی ڕۆژی دابەزاند، لەهەموو هەڵوێستەکانی جوانتر ماوەیەك دوکانەکەی جێ هێشت و دووشەربەتی بۆ هێناین، ئەمەش لە بری ئەوەی زۆر داوای کرد ئێوارە لای ئەو نان بخۆین، بەڵام ئێمە داوای لێبوردنمان کرد، چیرۆکی خۆشەویستی ئەم بەرەگەز فەلەستینیانە بۆ کورد گەلێ زۆر بوو، من ئەم دوانەم بە نموونە باس کرد، چونکە لێرە مەودای باسکردنی زیاتر نیە.

## ئەو خاکەی دەپەرستین، کە پادشامان بەسەریدا دەڕوات!

لە یەکێکیانم پرسی بۆچی ئەوەندە پادشاتان خۆش دەوێ ، گوتی چۆن تێی دەگەیت؟ ئێمە ئەو خاکە دەپەرەستین کە پادشامان بەسەریدا دەڕوات، چونکە پادشامان بە خۆیو باوك و باپیری، لەوەتەی ئەو بنەماڵەیە هەیە خزمەتی ئێمە دەکەن، پادشامان دەڵێت: تەنیا ئەو پەنجا ئەندامەی بنەماڵەم خزمم نین، بەڵکو هەموو خەڵکی ئوردەن بە بنەماڵەی خۆم دەزانم، ئێمە دەزانین وڵاتەکەمان کەم دەرامەتەو پادشامان لەشوێنان دەرۆزە دەکات، تا وەبەرهێن لە وڵاتەکەمان بکەن، سەیرکە زۆربەی زۆری هوتێل و کۆمپانیا و خزمەتگوزاریەکان هی خەڵکانی بێگانەن، مەلیك هەموو ئاسانکاریەك بۆ کۆمپانیاو سەرمایەدارەکان دەکات بێنە وڵاتەکەمان، سەرەڕای ئەم کەم دەرامەتیە ساڵانە هەر هاوڵاتییەکی ئوردەنی، گەورە بێت یان بچووك، مووچە خۆر بێت یان بێ مووچە 30 دینار دیاریمان هەیە، ئایا ئەمانە هۆکار نین تاکو پادشامان خۆش بوێت؟

## بازرگانی بۆ بنەماڵەی پادشا قەدەغەیە!

لە درێژەی قسەکانی ئەم شوفێرەدا لێم پرسی، بەڵام من خەڵکێکی زۆر دەوڵەمەند لە ئوردەن دەبینم، کە خاوەنی کۆمپانیاو بەرژەوەندی بەرزن، ئایا ئەوانە هەموو ئەندامانی بنەماڵە نین، گوتی: نەخێر بە پێی دەستوور قەدەغەیە بنەماڵەی پادشا بازرگانی بکەن، بەڵکو بازاڕی ئازاد و بەربەرەکانی هەیە، سەیرکەن جاران تەنها کۆمپانیای مۆبایلی (فاست لینك) هەبوو کە نرخی قسەکردنی یەك خولەك بە 8 قرشە (بەرامبەر 10 سەنت)بوو، بەڵام ئێستا کۆمپانیای (ئومنیە) هەیە و نرخی یەك خولەك بە 5 قرشە (نزیکەی 7 سەنت)، لە هەردوو باریشدا پارەکە لە سەر چرکەیە نەك خولەك (بە پێچەوانەی کۆمپانیاکانی لای خۆمان)، لەڕاستیدا یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئێمە نەبوونی ئەو بازاڕە ئازادەیە، کەچی ئیدیعای بۆ دەکەین، بەڵام بازاڕی ئازاد تەنها بۆ لێپرسراوەکانەو بازاڕ موڵکی ئەوانە. خۆزگە بڕیارێك دەردەچوو قەدەغە بووایە لێپرسراوەی حزبی بەرزو و لێپرسراوی حکومەت بازرگانی بکەن، ئەو کاتە نەك هەر بازاڕ پێش دەکەوت، بەڵکو گەندەڵیش تا ڕادەیەکی زۆر لەناو دەچوو، بازاڕی ئازاد و بەربەرەکانێی نەبوونی گەندەڵی، وا دەکات خزمەتگوزاریەکان بە ئاسانی فەراهەم بکرێن، لە ئوردەن هەر کاتێك داوای تەلەفۆنی نورماڵ بکەیت، بەیانی دێن بۆتی دەبەستن، هەر لە ڕێگای تەلەفۆنەوە دەتوانیت بەچەند کاتژمێرێك هێڵی ئینتەرنێت دەستەبەر بکەیت، هەموو جۆرەکانی سووتەمەنی بە تەلەفۆن دەگاتە ماڵ، جگە لەمانە کارەبا بەردەوام هەیە، ڕۆژێك کارەبا پچڕا لەو هوتێلەی لێی دەخەوتین، خاوەنەکەی گوتی 20 ساڵ دەبێت کارەبا لێرە نەبڕاوە، دوای دوو کاتژمێر چاکیان کردەوە.

# لە تۆڵەی بنەماڵەکەی خیانەتی هاوسەریی دەکات!

## مێردەکەم هەژدە ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، بۆیە خۆشم نەدەویست

رێبەند

**کچێک** لەپەنای خەمەکانی خۆی حەشار دەدا، دواییش بەتاوان وەڵامی ئەو زۆردارییە دەداتەوە، کە بنەماڵەکەی لێیان کردووە. با بزانین شیرین بەدەستگیرکراوی چ تاڵاوێکی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

"هەر لە منالیمەوە دایکم کۆچی دوایی کردووە، بێ بەش بوویمە لە خۆشەویستی و نازی ئەو، لە ماڵی باپیرەم گەورەبووم، باوکیشم هەر لەگەڵ ئەواندا ژیاوەو پاش مردنی دایکم ژنی نەهێناوەتەوە و هەمیشە لەگەڵ من باش بووەو زۆری خۆش ویستووم. بەڵام لە ساواییمدا خراپەیەکی وەهای لەگەڵ کردووم، کە ئێستا ئابڕووم پێی چووە و ژیانی بۆ نەهێشتووم!

دوای ئەوەی باوکم لەگەڵ من و سێ خوشك و دوو برا گەورەکەی ترم دەچێتەوە ماڵی باوکی خۆی، واتە باپیرەی من، مامێکم خەریکی ژنهێنان دەبێت، بەڵام کەسی نەبووە ژن بەژنیی پێ بکات، بۆیە لەبەدبەختیم منیان بەبنپشك داوەتە برای ئەو کچەی بۆتە مامۆژنم، من ئەو کات تەمەنم چەند مانگێك بووە و برای مامۆژنیشم کە ناوی (ئەحمەد)ە تەمەنی هەژدە ساڵ بووە! واتە لەو کاتەی ساوا بووم داومیانەتە کوڕێکی گەنج! من کچە بچووکی ماڵ بووم، ئێستاش نازانم بۆچی لەنێو هەمووان منیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بمکەنە پارە و خەرجی ژنهێنانی مامی پێ بکەن!؟

تەمەنم نزیکی چواردە ساڵ دەبوو، ئەو کات پۆلی دووەمی ناوەندی بووم، دڵم بەوە خۆش کردبوو دەبمە پۆلی سێیەمی ناوەندی و لە بەکەلۆریا دەردەچم.

بەیانییەك داپیرەم نەیهێشت بچمە قوتابخانە، زۆرم پێ سەیر بوو، چونکە بەدرێژایی تەمەنی قوتابخانەم، داپیرەم بەیانییان زوو لەخەوی رادەپەڕاندم و دەیگوت زووبە هەستە بچۆ قوتابخانە درەنگە با دوانەکەوی..

ئەو رۆژە داپیرەم هاتە سەر جێگاکەم و پێی گوتم: کچم جارێ بەئیسراحەتی خۆت بخەوە، ئەمڕۆ ئیجازەت بۆ وەردەگرم و مەچووە قوتابخانە، دایکت ئیشی پێتە!

واقم ورما! داپیرەم چ ئیشی پێمە؟ بۆ نایەڵێ بچمە قوتابخانە. دواتر داپیرەم گوتی: کچم خەمت نەبێت، ئیدی تاقیکردنەوەت نابن، بەیەکجاری ئیسراحەت دەکەی! من لەم قوتابخانەیە رزگارت دەکەم! لەگەڵ ئەم قسەیەی داپیرەم قسەکانی ئامۆژنم بەبیر هاتنەوە،

کە دەیگوت تۆ دەستگیرانی ئەحمەدی برامی و لە منداڵیەوە لێی مارە کراوی. ئیدی دوای ئەو قسەیەی داپیرەم، زمانم گیرا و هیچم پێ نەگوترا!

داپیرەم بەناوهێنانی زێڕو دەوڵەمەندیی ئەحمەد هەڵیدەخەڵەتاندم! نەیدەزانی من هەرگیز دڵم بەزێڕو ئەم شتانە خۆش نابێت، من لەو کاتانەدا بیرم لەوە دەکردەوە شوو بەکوڕێکی هاوتەمەنی خۆم بکەم بۆ ئەوەی لەیەکتری تێبگەین و پەکترمان خۆشبوێت.

هەر لەو ماوەیەدا کە تەمەنی من گەیشتبووە چواردە ساڵ، ئەحمەدیش سی و چوار ساڵی تەواو کردبوو، ئێوارەیەك دەستگیرانم و مامۆژنم و دایکی هاتنە ماڵمان و بەزۆر بردمیانە ژووریٔ بۆ ئەوەی بەخێرهاتنیان بکەم. هەر ئەم ئێوارەیە پەلکێشی بازاڕیان کردم و لەخۆیانەوە چەند جلوبەرگ و پێداویستی بووکێنیان بۆ کڕیم، دواتر 30 مسقاڵ زێڕیشیان بەدیاری بۆ هێنام. بەڵام من نەك دڵم خۆش نەبوو، بەڵکو خەریك بوو شێت بم! زۆر شتی خراپم



بەبیردا دەهات، بەڵام نەمدەتوانی هیچ بکەم!
ئەحمەد لەو ماوەیەدا چەند جارێك سەردانی دەکردم و هەوڵی دەدا پەیوەندییم لەگەڵ دروست بکات و خۆشەویستیمان لەنێوان پەیدابێت، بەڵام من نەك هەر خۆشم نەدەویست، بەڵکو زۆر ڕقم لێی دەبووەوەو بەدوژمنی خۆمم دادەنا! دوای دوو مانگ لە خۆئامادەکردن، بەبووکیان گواستمەوەو بەتەواوی کەوتمە ژیانێکی دۆزەخی، مێردەکەم بەلای خۆیەوە باش بوو، زۆر هەوڵی دەدا دڵی من ڕازی بکات، بەڵام من خۆشم نەدەویست و هەمیشە بەپێچەوانەی ئەو دەجوولامەوە!
ماوەی چوار ساڵ بەسەر هاوسەریەتیمان تێپەڕی و دوو منداڵمان هەبوو، کچی گەورەم سێ ساڵ و ئەوی دیکە ساڵێك و نیو بوو، ئیدی هەستم دەکرد هاوسەرو منداڵەکانم خۆش دەوێت و دڵم پێیان دەسووتا، چونکە ئەحمەد هەموو دەم پێی دەگوتم، کە خۆشی دەوێم و گەورەیی تەمەنی کێشەمان بۆ دروست ناکات، بەڵام من ئەم قسەیەم لێ وەرنەدەگرت، چونکە جیاوازیی تەمەنمان بۆ ئەحمەد نەك هەر کێشە نەبوو، بەڵکو قازانجیشی بوو! بەڵام بۆ من کێشە بوو، چونکە من حەزم دەکرد هاوسەری گەنجێکی لە تەمەنی خۆم بم، نەك پیرەپیاوێکی وەکو ئەو!
لەو کاتانەی کچە بچووکەکەم فێری ڕۆیشتن و یاریکردن بووبوو، کوڕێکی گەڕەکەکەمان ناوی دەرباز بوو، یەخەی دەگرتم و بەفێڵی کچەکەم لێم دەهاتە پێش، گوایە منداڵەکەمی خۆش دەوێت. دەرباز بەدزی ئەحمەد خواردن و یاری منداڵانەی بۆ کچەکەم دەکڕی، وای لێ هات چەند جارێك تەلەفۆنی بۆ مۆبایلەکەم دەکرد و قسەی زیادی لەگەڵ دەکردم، تەنانەت جارێك باسی ئەحمەدی کردو گوتی: حەیفە تۆی نازدار ژنی ئەو پیرەمێردەی! ئەو قسەیەی کاری زۆری تێکردم، هەرچەند لەدەمی دەربازم دایەوە و گوتم: ئەحمەد عەیبی نییەو لەهەموو کەس باشترە. بەڵام ئەو قسەیە هی دڵم نەبوو، هێشتا برینی جارانم ساڕێژ نەبوو بوو، لەم چوار ساڵەمدا یەك چرکەش هەستم بەدڵنەوایی و خۆشیی نەکردبوو لەگەڵ ئەحمەد!
دەرباز ئیدی هەموو ڕۆژ تەلەفۆنی دەکردو کاتێ دەیزانی ئەحمەد لەماڵ نییە لەبەر دەرگا دەوەستا بۆ ئەوەی بێمە دەرەوەو قسەم لەگەڵ بکات، منیش ئەمەم پێ ناخۆش نەبوو، بۆیە دەچوومە دەرێ و وەڵامی دەربازم دەدایەوە، ئەم کوڕە لە تەمەنی خۆم بوو، هیچ ئیشی نەبوو، هەموو دەم بەدوای منەوە بوو، ئەمەش خۆشییەکی زۆری بەمن دەبەخشی، قەت تامی خۆشەویستی کەسێکی هاوتەمەنی خۆم نەکردبوو!
دەرباز دەیگوت: من تۆم خۆش دەوێت، دەشزانم تۆ ئەحمەدت ناوێت و بەناخۆشی تۆیان بەو داوە!
دوای ماوەیەکی تر دەرباز بەپاڕانەوە قسەی لەگەڵ دەکردم تا قسەی لەگەڵ بکەم و ڕێگەی بدەم بێتە ماڵمان! بۆیە من سکم پێی سووتاو لەکۆتاییدا وەڵامم دایەوەو پەیوەندییم لەگەڵدا داناو ڕێگەم دەدا بێتە ژوورەوە!!!
دوای ساڵێك لە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکەمان، کێشەیەکی گەورەمان هاتەپێش، ئەوەی لەم کوڕەم چاوەڕێ نەدەکرد، ڕووی دا! من دوای ئەم ساڵە تازە کچێکی دیکەم



بووبوو، ڕۆژێکیان دوو پۆلیس هاتنە ماڵمان و داوایان لێ کردم لە گەڵیان بچمە بنکەی پۆلیس، منیش پێم سەیر بوو.. بۆیە گوتم چ ئیشتان پێمە؟ وەڵامیان نەدامەوەو گوتیان درەنگە! خێرا دوو کچە گەورەکەم لای دراوسێکەمان بەجێهێشت و کچە ساوایەکەشم لەگەڵ خۆم بردو چوومە بنکەی پۆلیس.
چی ببینم! دەرباز لەبنکەی پۆلیسەکە بەتاوانی دزی دەستگیر کرابوو.. لەکاتی دان پێ دانانیش بەتاوانەکەی گوتبووی شیرینم لەگەڵدایە! زۆرم پێ سەیر بوو، نەمدەزانی بۆ ناوی منی هێناوە؟ بەڵام ئێستا کە گیراوم پێیان گوتووم کە دەرباز ویستوویەتی تاوانەکەی لە دزییەوە بگۆڕێت بەتاوانی دەستدرێژیی سێکسی! گوایە ئەگەر وا بکات سزای دادگای لەسەر سووکتر دەبێت.. نەیدەزانی بەم (درۆیە)ی منیش بەتاوانی خیانەتی هاوسەرەکەم دەستگیر دەکرێم!
ئێستا ماوەی چوار مانگە دەستگیر کراوم و مێردەکەم بەردەوام سەردانم دەکات و بڕیاریشی داوە لێم ببوورێت! جا نازانم بەڕاستی لێم دەبوورێت یان دەمکوژێت؟!
ئێستا پەشیمانم لەوەی کردوومە و دەبوایە بیرم لە خێزانەکەم و سێ منداڵەکەم بکردبایەوە، چونکە ئەگەر بەم زووانەش ئازاد بکرێم، ناوێرم بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان، لەوانەیە مێردەکەم لێم خۆش ببێت، بەڵام مام و باوکم هەر دەمکوژن!

کانوونی یەکەمی
2006

واعیز

وایدادەنێین ئەو واعیزانە، نەسیحەتی خوارەوەن بۆ سەری، نەك واعیزەی پیاو ماقوول بۆ هاولاتییان..



کامیل فەخرەددین

1

**مراویەکانتان** مەنێرنە قوتابخانەی هەلۆکان

زۆر خەلْك هەیە، کەقسەیان لەگەلْ ئەکەیت و لێیان ئەپرسی کاروبارتان چۆنەو چۆن ئەژی؟ یەکسەر دەست دەکات بە گلەیی کردن و خۆی بە مەغدوور ئەزانێ و دەلْێ : غەدرم لێکراوە، یان ناحەقییم بەرامبەر دەکرێت و منیان ناوێ، یان دەلْێ : ئەمە ژیان نیە منی تێدا ئەژیم، هەمیشە بەشخوراو و نەگبەتم .

(د. واین دایر) ئەم جۆرە خەلْکانە بە (مراوی ) ناوزەد دەکات و دەلْێ: ئەو جۆرە کەسانە تاوانی سەرنەکەوتنیان لەخۆیان دوور دەخەنەوەو دەیخەنە ئەستۆی ئەمو ئەو.

دواتر( د. واین دایر) مەتەلێکی کۆن دەکاتە نموونەو دەلْێ: هیچکات مراویەکانتان مەنێرنە قوتابخانەی هەلۆکان .

لەدونیادا مراوی زۆرن، وەلێ ژمارەی هەلۆکان زۆر کەمن ... هەلۆ بەرز دەبێتەوەو دەچێتە نێو گۆڕەپانی ململانێکان ومەیدانی پڕ لەهەول و تەقەللای ژیان، پاشان دەفڕێ و بەرز دەبێتەوە، وەلێ مراویەکە رازیە بەو کارەی هەیەتی، یان تەنانەت بە سەرشۆڕی و رەزیلیەوە خۆی لە چەندین کاری سووکتریش دەدات، هیچکاتێك لەوە تێناگات بۆچی لەکارەکەی پێش ناکەوێت .

قورسترین کاریش لەدونیادا ئەوەیە مراویەك ناچار بکەی وەك هەلۆ رەفتار بکات .

کێ پێی باشە کۆمەلگە هەر هەمووی مراوی بێت ؟

2

(ناپلوێن پۆناپارت) وەك هەلۆ هەمیشە لە هێرشەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا .. جارێك هەوالی پێ ئەدەن، کە بواری گەڕانەوەی نەماوە، چونکە هەموو پردەکانی دواوەیان رووخاندووە، (پۆناپارت) بە پێکەنینەوە دەلێ : گرنگ نیە بەلامەوە هەموو پردەکانی دواوە بروخێنرێن، چونکە هەرگیز بیرم لە گەڕانەوە نەکردۆتەوە، هەلۆ هەمیشە بۆ پێشەوە و بەرز دەفڕێت .

3

فارس دەلێ : جوابی ئەبلەهان خامۆشییە .

هەلۆ، کە ویستی بفڕێ کێ ئەتوانێ ئازادیی فڕینی لێبگرێ. تۆ بلێی هەلۆ جوابی مراویەکان بداتەوە ؟

ئێستا تۆ ئەتوانی نموونەیەك لەخەیالی خۆت دروست بکەی، وەك ئەوەی بتەوێ ( مراویەك فێربکەی وەك هەلۆ بفڕێ ) نموونەت بۆ ئەوە چی یە؟

(حەمە سەعید حەسەن ) ی نووسەر لە بابەتێکیدا ئەنووسێ : قەت هەلۆتان دیوە سەنگەر لە شەمشەمەکوێرە بگرێ؟.

4

برادەرێکم بۆی گێڕامەوە، لەنێو وەستانی سەرەیەکدا ژنێك کە منالێکی جوانکیلەی بە باوەشەوە بوو، لەپێش منەوە راوەستا بوو. برادەرەکەم گوتی: لە ژنەکەم پرسی ئەومنالە جوانە ناوی چییە ؟ ژنەکە ناوێکی ناخۆش و دوور لەجوانی منالەکەی گوتبوو. برادەرەکەم گوتی ئەو منالە جوانە بۆ ئەو ناوە ناخۆشەتان لێناوە ؟

دایکەکە لەوەلامدا دەلێ : ئاخر چیبکەین فەقیرین دەستمان کورتە .

ئاخر مراوی لەناو هەزار هەلۆشدا بێ هەر مراویە، ئەگەر بەشێوەش نەیناسی بە گوتارو کرداریەوە دیار دەبێ .

5

کەس راستیی، یان راست گوتنی خۆش ناوێ .

تۆ دەزانی هاولی کارەکەت مراویە، رۆژێك لە موجامەلەیەکدا پێی دەلێی ئەمرۆ لە هەلۆ دەچیت، کەچی سەرلەبەری ئەو رۆژە هاولەکەت خۆی بە هەلۆ ئەچوێنێ و بروا ئەکات و دلیشی پێی خۆش ئەبێ .. لەکاتێکدا ئەگەر حەقیقەتی بە مراوی بوونی خۆی پێ بلێی تووڕەو زوویر ئەبێ. کەس حەز ناکات مراوی بێ، لەکاتێکدا ناشتوانن هەلۆ بن .

# کەمتەرخەمیت.. کەواتە تاوانباری!



**ئەنیس مەنـــــسوور**

**تــۆ** هەنـدێك كـات یـان هـەموو كـات مرۆڤێـكی كەمتەرخـەمیت.. وەك چـۆن وردبوونـەوەو تێرامـان دیاردەیـەكی مرۆیـی گشتییە، كەمتەرخـەمییش دیاردەیـەكی گـشتییە و لـەدێر زەمانـەوە هەیـە، لـە زەمـەنی كۆنـدا خانووەكـان بەسـەر خەڵكـدا دەكـەوتن و ئێـستاش فرۆكـە لەئاسمانـەوە بەردەبێتـەوەو كەشـتیە ئاسمانییـەكان شكست دێنن و كەشتیە ئاویەكانیش نقوم دەبن.

ئەمانـە هـەمووی جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكەنـەوە، كـە كەسـێك لـە كاتێكـدا كەمتەرخەمییـەكی نوانـدووەو لـە دەرەنجامیـشدا ئـەوە رووی داوە كـە هـەمووكان دەیزانین. ئەم تێبینیانـەی سـەرەوە لەلایـەن (د. لۆرانس بیتـەر) نووسـەری ناوداری ئەمریكا پشتڕاست كراوەتـەوە، پیتـەر كتێبێكی گاڵتـەجاری سوودبەخشی نووسیوە بەناوی (تیـۆرەی بیتـەر) كە تیایدا پرسیاری ئـەوە دەكات ئاخۆ لەبەرچی هـەموو شتێكی ئەم دونیایە پیس و تێكدەچێت؟

ئەم كتێبە رووداوی جیهانیی بەناوبانگ لە نموونـەی كەمتەرخـەمی تێدایە. دواتر كتێبەكە ئامۆژگاری خوێنەر دەكات بەوەی چۆن بتوانێ خۆی لە كەمتەخـەمی دەرباز بكات و خـەڵكانی تـریش رزگـار بكـات، بـۆ ئـەوەی هـیچ نـەبێت لـە كۆتاییـدا بتـوانێ خـودی خـۆی رزگـار بكـات.. دەرەنجامی كتێبەكە دە ملیۆن كەس وەڵامی ئامۆژگارییەكانی بیتەریان داوەوە، دە ملیۆن دانە لەو كتێبە فرۆشرا!

لـە سـاڵی 1682 (مـاكۆلی) بیرمەنـدی نـاوداری ئینگلیـز سـكاڵای لـە گەنـدەڵی كەشـتیگەلی بـەریتانیا كـردو رای گەیانـد: ئـەم كەشـتیگەلە نموونـەی گەنـدەڵی و بـێ سـەروبەری و شـاردنەوەی راسـتییەكان و نەزانییـە.. هـیچ رێكخستن و سەركردایەتییەكی تێدا نییە. پیاوانی دەریاوانی بەریتانیا نموونـەی نابەرپرسی و جەردەیین، نازانم ئینگلیز چۆن خۆیان بەسەركردەی دەریاكان دەزانن!

(ویلنگتۆن) پێش هێرشەكەی ساڵی 1810 بۆسەر پرتوگال، ئەفسەرانی سوپاكەی كۆكردەوە و پێی راگەیاندن: ئای ئەگەر پورتوگالییەكان دەیانزانی ئێوە و سەربازەكان چین و چۆنن.. لە خۆشیاندا هەڵدەفڕین! ئەو پیاوانەی سوپای من كەچە پیاو و زبڵدانی سوپاكانن!!

لەجـەنگی خۆبـەخۆیی ئـەمریكادا، (ژەنـەراڵ ریـچارد تـایلۆر) حـەوت رۆژ پـێش هەڵگیرسـانی جەنگەكـە گـوتی: سەربازەكانم هێندەی شارەزای ناوەراستی قارەی ئەفریقیان، شارەزای شارەكانی نێو ئەمریكا نیین، نەزان و گێژن.. لەم وڵاتە لەدایك بوونە و كشتوكاڵیان تێدا كردووە. بەڵام وەكو درەخت هیچیان نەدیوە، تەنها تیشكی رۆژو هـەوری بـەری ئاسمانـەكانیان بینیـوە، بۆیەشـە لـە سێبەری خۆیـان بترازێ، هـیچ شتێك لەسـەر رووی زەوی ناناسنەوە!

زانایانی بەریتانیا لە ساڵی 1940 (لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا)، لە توێژینەوەیەكدا ئاشكرایان كرد، كە ئەو بۆمبانەی لەشەڕدا بەكاری دێنن، بێ هێزترە لە بۆمبی ئەڵمانیەكان.. دواتر زانیان كە بۆمبی بەریتانیا تێكەڵی ئەلەمنیۆمی كەمە و تەنها پێویستی بەوەیە تۆزێك لە پێكهاتەی ئەلەمنیۆمی زیاد بكەن.. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تا ساڵی 1943 بۆمبەكانیان چاك نەكردەوە و تێكەڵی ئەلەمنیۆمەكەیان تێدا زیاد نەكرد!!

دەیان هەزار نموونەی تر هـەن لە كەمتەرخـەمیی مرۆڤ لە ژیانیدا، بەرامبـەر پـرس و كێشە گرنگەكان، لە هەموو سـەردەم و قۆناغەكانیـشدا ئـەم دیاردەیـە هـەبووە. بـەڵام دەبـێ چارەسـەرێك بـۆ ئـەم نەخۆشـیە هـەبێت.. دەبـێ چارەسەرێك بۆ ئەم گرێیە هەبێت..

یەكێ لە چارەسەرییەكان ئەوەیە: ئەو ساتانە كار بكەین، كە حەزمان لێیە و بەئاگاین و دەمانەوێت بیكەین. ئەو كەسەی بەبرسیەتی كار دەكات یان بەماندوویی، ئەوا لە هەمووان نزیكترە لەوەی هەڵە بكات یان بێ توانا بێت.. ئەو كەسە یەكێك دەبێ لەو ملیۆنان كەسەی بوونەتە هۆی كارەساتی مرۆیی گەورە و پێشبینی نەكراو... بەڵام چۆن؟!

و/ رێوان

سەرچاوە: شرق الاوسط 2006-12-11

# سیمین چایچی:
# ژنی وامان هەیە نەك لەسەر ئاستی ئێران، بەڵكو لەسەرتاسەری جیهان ناسراوە



**( سیمین چایچی) هەم وەك نووسەر، هەم وەك ژنێكی داكۆكیكارو چالاك، دەنگێكی دیارو پڕ بزاوتی ژنانەی شاری سنەی رۆژهەڵاتی كوردستانە، لە هەڤپەیڤینێكدا لەگەڵ (كۆوار)، سیمین خان تیشك دەخاتە سەر رەوش و ئاستەنگەكانی بەردەم بزووتنەوەی ئافرەتانی رۆژهەڵاتی كوردستان بەگشتیی و شاری سنە بەتایبەتی.**

**كۆوار**

*** حەزدەكەم لەوە دەست پێ بكەم ئافرەتانی سنە تاچەند رۆڵ و بەشدارییان هەیە لە بزووتنەوەی فەرهەنگی و ئەدەبی؟**

– ئەمە دوو پرسی جیاوازە، بزووتنەوەی ئەدەبی كە ئەوەی تر ژنانەو پیاوانەی نیە، هەموو بەشدارن، ژنانیش بەش بەحاڵی خۆیان لەم بوارە بەشدارن، وەلێ ئەوانیش كە كار دەكەن كۆمەڵێكی كەمن زۆر نین، بەڵام توانیویانە شان بەشانی پیاوان كار بكەن و خۆیان بنوێنن و بەرهەم پێشكەش بكەن. بەخۆشییەوە ئەو ئافرەتانەی كە هاتوونەتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە كاری باشیان كردووە، بەڵام لەبواری كۆمەڵایەتییەوە نەك تەنیا لەشاری سنە، بەڵكو بەگشتی هێشتا نەگەیشتووینەتە كۆمەڵگای شارستانی، بەو شێوەیەی كە لە رۆژئاوادا هەیە، ژنان فشاری زۆریان لەسەرە، چونكە هەم وەكو ژن لەباری یاساییەوە پشتگیریان نیە، هەم لەبواری كۆمەڵایەتییەوە. بەڵام وەك بەرچاوە بزووتنەوەیەكی ژنان لەئێران بوونی هەیە، لەنێویشیاندا ڕەنگە ژنانی كورد لەڕۆژهەڵاتی ئێران لە چالاكترینیان بن، یانی هەر ناڕەزاییەك سەبارەت بە ئافرەت یەكەمجار لەشاری سنەو لە كوردستان دەست پێدەكات، دواتر دەپەڕێتەوە شوێنەكانی دیكە، بۆ نموونە یادی(8)ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان یەكەم جار لە سنەوە، دووەم جار لەتاران دەستی پێكرد. بەشانازییەوە دەڵێم ژنانی سنە لەدوای ژنانی تارانی پایتەخت بەپلەی دووەم دێن. هەرچەند نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ كە چالاكییەكانمان چاودێری زۆریان لەسەرەو پڕۆژەو بەرنامەكانمان پێویستیان بەمۆڵەت وەرگرتنی فەرمی هەیە. كە ئەمەشیان ئاسان نییەو بەسەختییەوە جێبەجێ دەكرێت. تەنانەت ئەو وتارانەی كە بمانەوێ لە مەراسیمێكدا بیانخوێنینەوە، ئەبێت ئەوان بیبینن.

***كێن ئەوانەی چاودێریی جموجۆڵەكانتان دەكەن ؟**

-- دەسەڵات چاودێری چالاكییەكانمان دەكات، (NGO)كانیش لەژێر چاودێریی دەوڵەتدان و سەربەخۆ نین، كاتێ بۆ چالاكییەكی ئەدەبی و رۆشنبیری مۆڵەت وەردەگرین، هەر شیعرێ، هەر وتارێ كە دەیخوێنینەوە، ئەبێ ببینن و ناوەڕۆكەكەی بزانن.

*** وێرای ئەو چالاكییانەی ئاماژەت بۆكرد، ژنانی سنە تاچەند دەتوانن و رێگایان پێدەدرێت، دامودەزگای پەیوەندیدار بە پرسی ژنان دابمەزرێنن؟ ئایا ئەم جۆرە دامەزراوانە ئامادەییان هەیە؟**

– لەسەرانسەری ئێران و رۆژهەڵاتدا بزووتنەوەی ژنان بەهێزەو ئێستاش كاری زۆرترو بەهێزتر دەكەن، هەر گرفتێك كە دژی ژنانە، هەر یاسایەك دژی ئافرەتانەو لەپەرلەمان دەچەسپێت، لە بەرامبەریاندا ژنان ناڕەزایی دەردەبڕن، ئەو بزووتنەوەو بەرهەڵستییەی كە ئێستا لەرۆژهەڵاتدا هەیە، لە رەوتە ئەدەبیەكان نییە، رێكخراوە ئەدەبیەكان زۆر بەهێز نین، بەتایبەت لەشاری سنە، ئەوانەش كە كار دەكەن بۆ خۆیان كار دەكەن، بەڵام ژنان لەشاری سنە بەهێزترو یەكگرتووترن لەسەر كاری خۆیان.

*** ئەم دامەزراوانە چ بۆ ژنان ئەكەن؟ ئایا چالاكیەكانیان لە چ بوارێك خۆ دەنوێنن و چۆن پشتیوانی لەخواست و داخوازیەكانی ژنان دەكەن؟**

– بەداخەوە ئەو (NGO) یانە، چونكە بواری ئابووریی سەربەخۆ نین، لەباری سیاسی ناتوانن ئەو شتەی كە مەیلی خۆیانە بیڵێن، یاخود ناتوانن پڕۆژەكانی خۆیان بەتەواوی ئەنجام بدەن، رووبەڕووی جۆرێك لەلاوازی دەبنەوە، هەرچەند ئەوانەی ئەو كارە دەكەن، زۆر جددین و لەسەر كاری خۆیان بەهێزن، هەندێ (NGO) هەیە سەبارەت بە پاراستنی ژینگە، ئەوە هەر هی ژنانە، (NGO) هەیە سەبارەت بە ماددەی بێهۆشكەرە، كە بەداخەوە لەنێو كچان و ژنانی ئێمە دیاردەی پەنا بردن بۆ مادده سڕكەرەكان بەدی دەكرێت. بۆیە ئێستا لەو بوارەشدا كار دەكەین و هەندێ پەیوەندیمان بەو پرسەوە هەیە.

*** بەو پێیبە (NGO)كان تا رادەیەك توانیویانە رێگا لەو كەسانە بگرن، كە ئاڵوودەی ئەو ماددانە دەبن؟**

– ئەوان هەوڵی خۆیان دەدەن، بەڵام تا چەند سەركەوتوون ئەمەیان شتێكی دیكەیە. بەخۆشییەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، ژنان زۆر

کەم پەنا دەبەنە بەر ئەم دیاردەیە، بۆیە ڕێژەیەکی کەمن و زووش دەناسرێنەوە. ئینجا ژن لەهەموو کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە ژیانێکی باشی نییە، لەهەموو بوارێکەوە گرفتی هەیە، ئیتر جێی نیگەرانییە ئەگەر یەك ژن، یەك دوو کچ تووشی ئەم دەردە بن. ئەمەیە وادەکات ئێمە هەوڵی خۆمان بدەین.

*** ئەو ڕێکخراوو دامەزراوانە لەکوێ سەرچاوەی مالی بەدەست دەهێنن؟ ئاخۆ پیاوان لەسەرخستنی ئەزموونی ئەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بەژنان هیچ ڕۆلێکیان هەیە؟**

– بە بڕوای من ئەگەر پیاوانیش هاوکاری بکەن، هاوکارییەکەیان لەدڵەوە نییە، چونکە بڕوایان بەو کارە نییە، من وای بۆدەچم هەر پیاوێك کە ئیدیعای ئەوە دەکات، کە هاوکارەو لەکێشەکانی ژن ئاگادارە، هەوڵدانەکەی هەوڵدانێکی سادەیە، چونکە ئەو گرفتی ژن ناناسێ، بۆ چارەسەری بنەڕەتی هەوڵ نادات، ئەو هەر لە روخسارەوە سەیری مەسەلەی ژن دەکات، مافی ئەوەش بەخۆی دەدات، وەك پیاوێك بڕیار لەسەر ژیانی ژن و لەسەر کاروباری ژن بدات. مەگەر لەکارە ئیداریەکە پیاو تا ئاستێك یارمەتیدەر بێ. لەباری ئابووریشەوە کاتێك جارجار کۆڕو کۆبوونەوەیەك سازدەکرێت، ئەوا خەڵکی ڕۆشنبیر یارمەتییان دەدات.

*** تا ئێستا هەڵکەوتووە لەسەر ئاستی ئێران ژنانی کورد وەك دەنگی ناسراوو دیار دەرکەوتبێ و بووبێتە جێی ئاماژەی خەڵکی غەیرە کورد؟**

_ وەك ئاماژەم پێکرد، ئەو ژنانەی کە کارو چالاکی لەبواری ئافرەتان ئەنجام دەدەن ناسراون، ژنانی کورد کە چالاکی دەنوێنن، نەك لەسەر ئاستی ئێران، بەڵکو ژنی وامان هەیە لەسەرتاسەری جیهان ناسراون و کاریان لە کۆنفرانسە جیهانییەکان کردووە. من خۆم لەکۆتایی ساڵی(2006) لەکۆنفرانسێك لە ستۆکهۆڵم سەبارەت بەپرسی ژن کوشتن بەشداریم کردو وتارم پێشکەشکرد. بەخۆشییەوە دوای ژنانی تاران ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپلەی دووەم دێن. دەبێ ئەوەش بزانین ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە لەرۆژهەڵات بوونی هەیە، لەشارەکانی تری وەکو تاران بوونی نیە.

*** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژن تاچەند زوڵمی لەسەرە؟ ئایە هێشتا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبنەوە؟ بەتایبەت لەلایەن خودی خێزانەوە، ئایا تا چەند ئازادی بۆ ئافرەت فەراهەمکراوەو دەتوانێ بە ئازادی کار بۆ بەدیهێنانی ماف و خواستەکانی بکات؟**

- لە شاری سنە ئەم گرفتە تا ڕاددەیەك چارسەرکراوە، ئێستا بنەماڵە خوێندەواری زۆری تێدایەو کراوەتر لە ژنەکانیان دەڕوانن، بەڵام هێشتا لە کۆمەڵگاو لادێکان فشاری سەر ژن هەیە. ئەمەش وایکردووە دیاردەی خۆسووتاندن و خۆکوشتن لەلایەن ژنانەوە زۆر بێت. لەو ناوچانە کە ژنێك ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبێتەوە بنەماڵەو کۆمەڵگا پشتیوانی لێناکات. بەداخەوە بەتاوانی خۆشەویستی ژن دەکوژرێت، وەلێ بۆ کوڕەکە مەسەلەیەك نییە، ئاخر شەڕەف و نامووس دەبێ هەر لای کچ بپارێزرێ و لای کوڕ شتێك نییە. بۆ ئەبێ مافی مرۆیی هەر بۆ پیاو بێ و بۆ ژن نەبێ؟ کە پیاوێك ڕێگا نەدات خێزانی خیانەت بکات ئەبێ خۆشی ئەم خیانەتە نەکات، نابێ ئەمە تەنها بۆ ژنەکەی بێ و خۆیشی ڕەچاوی ئەم مەسەلەیە نەکات. من بڕوام بە ئەخلاقیەت هەیە، ئەخلاقیەت شتێکی مرۆییە، نەك بەو سوننەتییەی کە هەیە.

*** باسی خۆکوشتنی ژنانت کرد، کاتێك کە ئافرەتێك پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات دامەزراوەکانی تایبەت بە مەسەلەکانی ژن چۆن دەڕواننە ڕووداوێکی لەم چەشنە، ئایا لەحاڵەتێکی تر کە ژنێك ڕووبەڕووی توندوتیژی ئەبێتەوە، تاچەند داکۆکی لێدەکرێ و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەی دەدرێت؟**

– بەداخەوە چونکە (NGO)کان سەربەخۆ نین، من زۆر بڕوام بە جموجۆڵی ئەوان نیە، ناتوانن ئەو جۆرەی کارەی کە خۆیان مەبەستیانە ئەنجامی بدەن. من وەکو ژنێك بەرگریکاری ژنانم، من خۆم بەتەنیا نیم، کاتێك ژنێك گرفتی دەبێ زۆر هاوڕێی دیکەم لەگەڵ من پەیوەندی دەگرن. بەمەش دەتوانم تا ڕادەیەك یارمەتی بدەم، بەڵام خۆ ناتوانم شەڕ بکەم. یەکێ لەو شتانەی کە ژنان بەرەو خۆسووتاندن و خۆکوشتن رادەکێشێ، لەداخی ئەوەیە کە مافی تەڵاق وەرگرتنی نیە، ئەو مافە لەدەست پیاوە، لەدەست ئافرەت نیە. وەك چۆن پیاو مافی هەیە هاوڕێیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ژنیش ئەو مافەی هەیە. لە قانونی ئێران ژن ناتوانێ بێ رازیبوونی پیاوەکە داوای تەڵاق بکات. ئەبێ هەر پیاوەکە ڕازی بێ، ئەگینا ئافرەتەکە ناتوانێ و وەك قوربانی ئەمێنێتەوە، ئەبێ تەحەمولی گرفتەکان بکات. ئەبێ ئەو ژیانەی کە بەدڵی نییە قبووڵی بکات، ئافرەتانی ئێمە ناتوانن بەهۆی لێدانەوە لەلایەن مێردەکانیان لەدەزگای پۆلیس و دادگا شکایەت بکەن، هەتا لەلای بنەماڵەی خۆشیان نایدرکێنن کە لێیان دراوە.



*** وەك هەستدەکرێ ئافرەتی کورد لەڕێگای خوێندن و بەشداربوونی لەبزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەکان بەرەو پێش دەچێ، تۆ چی لە ئایندەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەخوێنیەوە؟**

– ئێستا ئەو فشارە زۆرە هەر هەیە، من پێم وایە هەلومەرجی باشوور کاریگەریی لەسەر بیرو بۆچوونی ژنان داناوە، یانی پێی دڵگەرم بوونە، هەم لە بواری فیکرییەوە ژنانی ڕۆژهەڵات زۆرتر کتێب دەخوێننەوەو ئامادەییان لە ژنانی باشوور زیاترەو زۆرتر دەخوێننەوە، هەم زۆرتر دێنە ناو کۆمەڵگا، گەر بێن بە فیکرەوە دێن، دەرکەوتنەکە ڕواڵەتی نیە لە جەوهەرەوەیە، لەم ڕووەوە زۆر گەشبینم. ئێستا کچان وشیار بوونەتەوە، لە 63٪ یان دەڕۆنە زانکۆ، واتا ئەگەر 40 کوڕ بڕۆن، 60 کچیش دەڕۆن بۆ زانکۆ، کە ئەمەش جێی شانازیە.

# لە پەنجەرەی ئومێدەکانمەوە دەڕوانمە ژیان.. *
# چوون دەزانم خەونەکانی شۆڕش گوزەشتن!

نوری بێخاڵی

**من** بەش بەحاڵی خۆم دەیان و سەدان نموونەی لەمەی خوارەم هەن و ژمارەیەکی زۆریشیان دەناسم، جا مەرج نییە کەم ئەندام بووبن، رەنگە هەر یەکێکیش لەئێوە هێندەی من و زیاتریش بناسن، بەتایبەتی ئەوانەی زادەی واقیعەکەن، گرنگ ئەوەیە هەر کەسێکی هاوشێوەی ئەو مرۆڤە بتوانێ کەم تا زۆر لەنێو گوزارشت و ئاماژەکاندا خۆی بدۆزێتەوەو گلەیی ئەوە نەکات، کە لێرەدا وەك ناو لام لێنەکردۆتەوە، چونکە دڵنیام ئەم چیرۆکە بەشی زۆربەتانی تێدایە و ئێوەیش بە سادەیی و خاکەرایی و گەورەیی خۆتان دەمبەخشن.

سەرکز بە رێگاداو بەدەم تێفکرینێکی قووڵەوە دەڕۆیشت..هەستم دەکرد ناوە ناوە بە دزییەوە دەیڕوانیە قاچە لەرزۆکەکەی، ئەو قاچەی لە هەنگاودا خاوو لەرزۆك بوو، پرتە و بۆڵەیەکی لێوە دەهات و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا..تا ئەو چرکەیەش لێی نزیك نەبوومەوە نەمزانی ئەوە قەدەری مەرگی شاراوەی مینە بەو دەردەی بردووە، کەسێك نە ڕنینەوەی گیاو گوڵی بەهاران و نە داربڕین داویەتە دەست قەدەری شووم و کەمینی شاراوەی مین، بەڵکو ئەو لەو ساتانەدا کە لە شەوە ئەنگوستەچاوەکاندا لەگەڵ پۆلی هاوسەنگەرانی وەك سوێسکە، سەر لووتکە و دامێنی چیاو بن بەردیان بۆ راوی دوژمن تەی دەکرد کەوتۆتە ئەو داوە..نەك هەر ئەوە ئەو بەر لەو کارەساتەش چاوێکی کردبووە قوربانی داستانێکی پارتیزانی، هەستت دەکرد هێشتا بۆنی شاخی لێدێت و لە روخساریدا زۆر چاك تەپوتۆزی سەنگەرت دەخوێندەوە، کە رووی پرسیارم تێی کرد، وای دەزانی مینا ئەو جادوبازانەم کە ناویان لەخۆیان ناوە، یان ناویان لێنراوە رۆژنامەنووس، ئەوانەی ئەو زۆربەیانی هەر بە عەریزەچی و ماستاوچی و زمانلووس ناو دەبرد. ئیێ ناهەقی نەبوو وەك بە قسەکانی دیاربوو زۆری تر پێشتر چووبوونە لای و نان و پیازیان بەسایەی ئەمەوە خواردبوو، ئەو دەیگوت ئێوەش لە پانکردنەوە بۆ بەرپرسان بترازێ شتێکی دیکەتان لەباردا نییە، ئێوە کوڕی گوێڕایەڵ و بێدەنگ و دەمی روو لە پارووی چەوری دیوەخان و بارەگا و دەزگاکانی حزبن و قسەی خێر بۆ کەسێ ناکەن حزب و بەرپرس چارەیانیان نەوێ..تا حاڵیم کرد بەرد شەقی برد، ئیدی درێژەمان پێدا.

رەنگە کەسێك..خوێنەرێك هەبێت و بیری بۆ لایەکی دوور بڕوا و پێی وابێت رۆژێك پێشمەرگە، یان لە ریزی رێکخستنە نهێنییەکان بوومە (کە وانییە)، بۆیە حیکایەتی قارەمانییەکان دەگێڕمەوە..یان لەوانەیە یەکێکیان کورد گوتەنی (شەو بالیفی خراپ دانابێ) و وا دەزانێ دەمەوێ نەوەی ئەمڕۆ چاوشۆڕ و قەرزباری منەتەکانی نەوەی دوێنێ بکەم و پێیان بڵێم سوپاسگوزار بن، ئەوە نییە بوونەتە حازرخۆری بەر سێبەر و بە هەوەستی خۆتان دەلەوەڕێن، بەڵام دڵنیابن هیچ کام لەم دووانە و بیرکردنەوە هاوشێوەکانیان نین، بەڵکو تەنها دەمەوێ ئەوە بڵێم گەلۆ ئەوەی بریسکێتەوە (بدرەوشێتەوە) ئاڵتوون نییە، بەڵکو زۆرجار ئاڵتوون و زێڕی نایاب ها لەژێر بۆسۆی گووفەکەکانی ژیان و تەپ و تۆزی رۆژگاری بێ مروەتیی..تەنها دەمەوێ بڵێم، بە تایبەت بۆ ئەوانەی جەوهەری پێشمەرگەی رەسەنی دێرین ناناسن و درك بە رەوشی ژیان و گوزەرانی ئەمڕۆی خۆیان و ماڵ و مناڵەکانیان ناکەن و شەلم کوێرم نابوێرم، لەبەرامبەر ئەو بێدادیی و نایەکسانییەی ئەمڕۆ و بەناوی رەخنە لە دەسەڵاتی کوردی و کایەکانی، وردو درشتی کەسەکان بەیەکەوە دەهاڕن و تەڕ و وشکی شۆڕش دەسووتێنن، بەتایبەتیش دیمەنە جوانەکانی ژیان و تێکۆشان و قوربانیدانی پێشمەرگەیەکی دێرین، کە هەموو تەمەن و خەیاڵی عاشقانەی گەنجێتی و دواڕۆژی خۆی دایە دەستی شۆڕش و ترۆپکی چیا..

کەسێك بیەوێ پێشمەرگە و پارتیزانێکی رەسەنی دێرین بدۆزێتەوە، کە تا ئەم چرکە ساتەش ئاودامانە لەهیوای جوان و خەونی ژیان، سەرێك تا ئەمڕۆش سەرمەستی ئازادی مرۆڤ و سەربەستی و پاراستنی سەروەری و بوونی مرۆییە، با بچێت لە



هێشتا بەهیوای خەونی جوان ئەڕوانمە ژیان

کووچەی شەقامێکی لاتەریکی لانەوازدا، کە لەژێر ساپیتەی ماڵێکی هەژارانەدا کەسێك خۆی و منداڵەکانی گرموڵە بووە.. لە پێچی ئەو کۆڵانە تۆزاویانەدا، کە هاواری دەنگی عارەبانچییەکان تێیدا دەزرنگێتەوە، عارەبانەکانی سەوزە و میوە و کۆنەفرۆشی و شەربەنات و چلورەو کرێمستیو ئەزبەری و شێلمو پاقلەو لۆبیافرۆشی .. لەناو ئاپۆرای گۆڕەپانەکانی کرێکاریدا..لەهەر شوێنێك کە پڕیەتی لەماناکانی سەختی ژیان بگەڕێت، لەوێ زۆرینەی ئەو مرۆڤە راستەقینانە دەدۆزێتەوە.

دەزانن ئەو فزولیەی من رۆژێك دێت سەرم دەخوات، یان وەك لە کوردەواری دەڵێن (سەرم دەباتەوە رەشی باوکم) و کەسیش ناڵێ ئافەرین..من دەمێکە دەمەوێ بەو هاوزمانانەم بڵێم، گەلۆ پێشمەرگەی دێرین، ئەوانەی لەشەوە نووتەك و سارد و سڕەکاندا گیانیان خستبووە سەر لەپی دەست، ئەوانە نین کە رۆژانە لەنێو مۆنیکاکان و بە ریزێ حیمایەوە چاومان لێ زەق دەکەنەوە..ئەوانە نین ئێستا زۆربەیان بە قودرەتی قادر و سیحر و عەساو پەڕجووی حزب لە پشتی مێزەکانەوە بسکەی سمێڵیان دێت..ئەوانە نین کە زۆربەیان بیست و چوار سەعاتی خوا لەسەر شاشەی tv و ناو ستۆدیۆی رادیۆ و لەسەر رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا چاوو گوێچکەیان سیخناخ کردووین و دروشم بازیمان بەسەرەوە دەکەن..ئەوانە نین لە رۆژانی شاخ پێیەکیان لە بارەگاکانی شۆڕش و دووانیان لە دیوەخانەکانی بەعس و دامەزراوەکانی بووە و ئەمێستا سیا فایل دەرچوون..

بەهەرحاڵ با بێینەوە سەر دیمەنی ئەو کەسەی بە شەققە و دارملو تەنها چاوێکەوە، بە بێزاریی ملی رێگای گرتبوو، منیش بەو بێهێزی و بێزاریەیەوە رێگام پێیگرت، ئەوەی راستی بێت من ئەوم نەدەناسی و دۆستێکم گوتی کە پێشمەرگەیەکی دێرینە و خاوەن حەوت سەر منداڵە و تەنها و تەنها بڕە مووچەیەکی خانەنشینی هەیەو بۆی بڕاوەتەوە، کە بەشی خێزانەکەی ناکاتو ناچار بەهاوکاری دۆستێکی خۆی شڕە دوکانێکی وردەواڵە و شیرینی داناوە و خۆی پێ سەرقاڵ کردووە..ئەو هێندەی دیکەی هانیدام بیدوێنم...

بەر لەوەی بگاتە دوکانەکەی، کە لە کۆڵانێکی پڕ کەندو کۆسپ و چاڵ و قیڕنەکراو بوو، کەوتبووە نزیك قوتابخانەیەکی سەرەتایی، چاك و چۆنی و سڵاوێکی گەرمم لێیکرد و خۆم پێی ناساند، خوا هەڵناگرێ ئەویش بە ڕێکی سڵاوەکەی وەرگرتمەوە و ڕێزێکی زۆری لێنام..ئیدی گەیشتینە دوکانەکە و هاوکاریم کرد لە هەڵدانەوەی دەڕابە و چووینە ژوورەوە و دانیشتین، پاش دمودوێکی زۆر چیرۆكو سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوەو منیش تا بڕستم تێدابوو گوێم بۆ قسەکانی قولاخ کردبوو، زۆر کەڕەت هەبوو لە ئاست وێستگەو قۆناغەکانی ژیانو تەمەنی ئەو لە شاخ، کە بێگومانم حاڵی زۆربەی پێشمەرگە و هاوسەنگەرەکانیشی بەهەمان ناسۆریی بووە، فرمێسك لە چاوم دەزا، بەڵام لە شەرمی ئەوەی نەبا بە سیناریۆی تێبگات نەمدەهێشت بە سەر و سیماو روخسارمەوە ئەو دیمەنانە ببینێ..ئەو ئەوەندە بە چێژ و حەسرەتەوە قسەکانی دەکرد، هەستم دەکرد کە ئێستاش بە رۆح لەگەڵ ئەو چرکانەی تەمەنی دەژییێت، بەڵام گەورەترین و جوانترین شت لەو مرۆڤەدا ئەوەبوو، کە وێڕای ئەو سەختی و نەهامەتی و ناسۆرییانەی ژیانیشی، سەرەڕای سەدان شەوو رۆژ هیلاکی و ماندووبوون و شەونخوونی



ئیرادەمان هەبێ، هیچ شتێك ناتوانێ رەوڕەوەی ژیان بوەستێنێ

و برسێتی و تینوێتی، لەبەرامبەر هەموو ئەو مەحرومی و بێنازییەی خۆی و هاوسەنگەرانی لەمڕۆ و لەسایەی دەسەڵات و شۆڕشی کوردیدا، گوێم لێنەبوو و هەمستم نەکرد لە وشەیەك و تەنانەت پیتێکیش پەشیمانی خۆیم نیشاندا، بگرە هەر شانازی بەوە دەکرد، کە راستە ئەوو زۆر لە برادەرەکانی هاوسەنگەری، بەوانەش کەشەهید بوون، بێناز و بێبەشن لە ژیانێکی شایستە، بەڵام شاد و خۆشنوودە کە ئەمڕۆ گەل و وڵاتەکەی بە ئازادی و سەرفرازی دەبێنێ و ئاڵای کوردستان و سەدای ئەی رەقیب بەبێ ترس دەشەکێتەوە و دەزرنگێتەوە...

ئەو دەیگوت کە کوڕی بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و خێزانێکی هەژاری ئەم وڵاتە بوو، چەندین جار و بەهۆی سیاسەتە شۆڤینییەکانی رژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق خانوو وماڵیان وێران و خاپوور کراوە و ئاوارە و دەربەدەر بوونە، بەدرێژایی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و شۆڕش و راپەڕینە نەپساوەکانی کورد، تا بەئەمڕۆ دەگات زیاتر لە (30)سی شەهید لە بنەماڵەکەیان هەیە، جگە لەوانەی قەدەری ئەنفالی عروبە راپێچی بیابانەکانی کردن و ئەوانەش کەم تا زۆر جەستەیان بەر رەحمەتی ئەشکەنجە و زەبر و زۆری جەللادی زیندانەکانی دوژمن کەوتوون و ئەوانەش کە لێرە و لەوێ لە کاریگەری کیمیابارانەکان دەرنەچوون..

درێژە پێدەدات و دەڵێ کە، باوکی پێشمەرگەیەکی عەگیدی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بووە، دوو لە برا و مامێکیشی هەروا، بۆ خۆیشی دوای نسکۆ و سەرلەنوێ چەخماخەی شۆڕشەکانی دوای نسکۆ و تاکو راپەڕینو بەبێ پسانەوە پێشمەرگە بووە، دوای کۆتایی پرۆسە شوومەکانی ئەنفال لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارە و دەربەدەر بووە..



تەپو تۆزی شەڕ چارەنووسمی بە کوێ گەیاند؟!



لەپۆلی دووەمی ناوەندی دەبێت، کە بە پراکتیکی دەچێتە ناو شۆڕش، سەرەتا لەبەر تەمەنی بچووکی زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەن بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو رازی نابێت و سوور دەبێ لەسەر مانەوەی لە نێو بارەگاکانی پێشمەرگەدا، بەکورتی دواڕۆژی زانستیی و چارەنووسی خوێندنی خۆی کردە قوربانی خەونە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، هەر لە شاخ دەبێت کە ژن دەهێنێ، زیاتر لەجارێك بریندار دەبێت، سەختترینیشیان ئەو دوو جارەیە، کە لە یەکەمیاندا لە داستانێکی رووبەڕووبوونەوەدا لە بادینان چاوێکی لەدەست دەدات، دووەمیشیان لە دەشتەکانی گەرمەسێرو لە گەڕانەوەی دوای ئەنجامدانی چالاکی پێشمەرگایەتی دەکەوێتە بەر مین و پێیەکی لە دەست دەدات و رەوانەی ئێران دەکرێت..ئەو دەمانە کە زۆر کەس دەرفەتی ئێرانی وەرگرت و رووی لە هەندەران کرد، کە رەنگە بۆ یەکێکی وەك ئەو هەر زۆر ئاسان بووبێت، کەچی ئەو هەر بڕیاری مانەوەی لە تەنیشت نیشتمان دەدات.. لەوەش گرنگتر چ لە شەڕە بەدناوەکانی ناوخۆیی سەردەمی شاخ و چیش لەوەی دوای راپەڕین، خاوەنی هەڵوێستێکی نەگۆڕ بووە، ئامادە نەبووە بەهەر ناوو بڕوبیانوویەکەوە بێت سەنگەر لە هاوزمان و هاونەتەوە و نیشتمانییەکانی بگرێت و گوللە بنێ بە سینگی براکانی، سەرەڕای جیاوازی دونیابینی و ئایدیۆلۆژی و ئینتیمای سیاسیو حزبی، تەنانەت هەندێك لە هاوسەنگەرانی بۆیان باس کردم، کە لە سەرەوەختی براکوژی شاخ، ئەو کاتانەی شەڕ دەبوو، یان بۆ کارێك رادەسپێردران کەس نەیدەدۆزیەوە و خۆی لە سووچێکدا ون دەکرد و زۆرجاری وا هەبووە لەسەر ئەو هەڵوێستانەی بە ترسنۆك ناویان بردووە، تەنانەت کاتێ پاش راپەڕینیش شەڕی ناوخۆ روویدا، ئەگەرچی ئەو دەم چەکدار نەبوو، بەڵام نەفرەتی لە بارودۆخەکە دەکرد..

بەهەرحاڵ دوای ئەو ژیانە پڕ شکۆیە، پاش ئەو هەموو قوربانیدانە، جگە لەوەی ئەندامە خۆشەیستەکانی جەستەی خۆی لە دەستدان و لە داهاتووی زانستی و خوێندەواریش بێبەش بوو، بەجۆرێك کە لەبەر بێ بڕوانامەیی لە هیچ شوێنێك دانەمەزراوە و دانامەزرێ، ئەمێستا دوو لە کوڕەکانیشی هەریەکەو سەرقاڵی ژیاندنی خێزانەکانیان و هاوکاریکردنی باوکیانن و لە خوێندن دابڕاون، تەنها یەکێکیان نەبێت کە لە قۆناخی ئامادەیی دەخوێنێ و کچێکیشی بەشوو داوەو یەکێکیشیان تازە پێڕەوکە دەکات و ئەوەی تریان لە قۆناخی سەرەتایی دەخوێنێ، خوا گۆڕی باوکیشی پڕ نوور بکات، کە شرە خانووێکی بۆ جێهێشتوون و دەست بە تەمەنی برا و خوشکەکانییەوە بگرێ، کە چاوی میرات ناکەن و لە خانووەکەدا دەگوزەرێنێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆر کەس، جگە لەوەی ساردی و گەرمییان لەگەڵ کورد بەش نەکردووە و تەنانەت تیریشیان لە سێبەری شۆڕش و شۆڕشگێڕان گرتووە، ئەمێستا لە سایەی دیموکراسییەتی کوردی، لە بورجی عاجدا دەژین و هەیانە مناڵەکەی هێشتا خوێندنی تەواو نەکردووە بە بڕوانامەیەکی ساختە لە کۆلێژێکی بەرز دەخوێنێ.. ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە حکومەتی کوردی دوای یەکگرتنەوەی، هەوڵ و پلانێکی جددی بخاتە کار بۆ ئەوەی ئاوڕێکی دڵسۆزانە لەهەموو ئەو پێشمەرگە دێرینانە بداتەوە، کە هەموو تەمەنی گەنجیی خۆیان کردە قوربانی ئەو دەسکەوتانە، هەموو ئەو جوامێرانە بە جیاوازی ئینتیمای سیاسی و حزبی و مەزهەبی بەسەر بکاتەوە، بەمەرجێك ریشی خۆی لەو کار و هەنگاوەدا نەداتە دەست هەندێك لەوانەی بەناوی گرووپی پێشمەرگەی دێرین و زیندانی سیاسی و نازانم چی و چیتر، ورگ و گیرفانی خۆیان پڕ کردو بارەگاکانیشیان ئێستا سارد و سڕن و وەك کونەپۆ تێیدا خوێندبن وان، خۆ هەر نەبێ حکومەتی کوردی دەتوانێ لەم بوارەشدا ئەزموون لە خەبات و هەوڵ و هەڵوێستی گەلانی تر وەربگرێو دەزگایەکی کارامەی هەبێت بۆ لەخۆگرتنی خەون و داخوازی و پێداویستی تێکۆشەر و پارتیزانە دێرینەکان و خێزانو ماڵ و مناڵەکانیان..فەرموو ئەوە ئەمریکا، وێڕای ئەوەی لە ڤێتنامدا داگیرکەر بوون، کەچی ئێستا کۆمەڵەی شەڕوانە دێرینەکانی ڤێتنامی هەیە و های لایف و پڕ دەسەڵاتن..ئەوە کوبا، سەرەڕای لادانی دەسەڵاتە سیاسییەکەی لەزۆر لە بەها و پرەنسیپ و دروشمەکانی شۆڕشی خۆی، کەچی تا ئەم چرکەیەش مناڵ و نەوەی شۆڕشگێڕ و هاوسەنگەرانی کاسترۆ قەدر گران و رێز لێگیراون.....هتد.

*ئەو پێشمەرگەیە کە بەناوی (ئاسۆ) ناسراوە، ئەوەندە دیمانە و دیداری بێ ئاکامی لەگەڵ کراوە، رازی نەبوو چیتر گاڵتە بەخۆیو خەونەکانی بکات (لەسەر زاری خۆی) و دیسان لێرە ناوو وێنەی بڵاوبکرێتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو چیرۆکەی ببێتە پەند، تا خەڵك و بەتایبەتی نووسەر و رۆژنامەنووسان و ئەوانەی رەخنە لەدەسەڵاتی کوردی دەگرن، لە خستنەڕووی چەمکەکان تەڕو وشك بەیەکەوە نەسووتێنن و قسە فڕێ نەدەن.

# پێکهەڵپژانی نەوەکان ، خواستێکی قۆناغە یان راستییەکی مێژوویی

حەسەن مستەفا



( ئەوەی نەوەی ئێستای ئەمریکییەکان دەیزانن زیاتر بەرهەمی گرێبەستە بازرگانیەکانە تا بەرهەمی پەیوەندییە سیاسیو کولتورییەکان /کیسنجەر لا39 )

**ئەگەر** بە دیقەتێکی مێژوویی لەرابردووی نزیکی نەتەوەییمان بڕوانین، بەلای کەمەوە رووبەڕووی سێ نەوەی جیاواز دەبینەوە، کە خاوەنی سێ تێڕوانینی جیاوازن بۆ ئایندە. نەوەیەك لەسەرەتای شۆڕشی کورد پشکداری کردووەو شانازی بەو رابردووەی خۆیان دەکەنو ئەو رۆژانەمان بیردەخەنەوە کەوا لەسەر دەستی ئەوان بەردی بناغەی شۆڕشی چەکداری دامەزراوەو ئارەزووی ئەوە دەکەن هەمیشە چاومان لەسەر ئەو رابردووە بێت، کە چۆن پێشمەرگە لەسەرەتادا بەئیمکانیەتێکی زۆرکەم ئەرکێکی زۆر گرانی هەڵگرتووەو ئەوپەڕی قارەمانێتی نواندووە. تەواوی یادەوەرییەکانیشیان لەنێوان ئەو چواردە ساڵەی شۆڕش قەتیس بووە، کە شۆڕش بۆی دروست کردوون، ئێستا ئەوان هێزگەلێکن زیاتر لەهەوڵی دەستەبەرکردنو رێکخستنی پەیوەندیو کێشە کۆمەلایەتیەکاندانو دەیانەوێ لەڕێی دیوەخانەکانیانەوە کێشەگەلێك چارەسەر بکەنو کەمتر تێکەڵی گێرمەو کێشە قووڵەکانی سیاسەت بن. دوای ئەوان نەوەیەکی رادیکاڵ دێ کەوەك هێزێکی مۆدێرن لەدوورخراوەکانی مەنفاو پاشماوەی هێزە کاراکانی ناو شۆڕشی پێشتر، کە خاوەنی ئەزموونێکی عەسکەریو خەباتی پارتیزانی بوونو دواتریش لەناو جەرگەی خوێندنگاکانو ریزی سوپاوە کەوتنە پەیوەندیکردن، ئەوانیش هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەن کە شۆڕشیان زیندوو کردۆتەوەو لە مەفرەزەی بچووك بچووکی سەرەتایی دەستیان پێکردووە، هەروەها بەوەوە دەنازن کە لەبەرامبەر دژوارترین رژێمی فاشی تێکۆشانیان کردووەو لەسەردەمێك ژیاون کە گەورەترین کارەسات دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجام دراون، ئەوەش بەسەروەریی دەزانن بۆمێژووی خۆیان، کەوا هاوکاری راستەقینە بوون بۆسەرگرتنی راپەڕینی جەماوەری ئازاری نەوەدو یەك، ئێستا ئەوان لەسەر کورسی دەسەلاتدانو تەواوی کاروباری ولات لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم بەڕێوە دەبەن، بەلام ئەوانیش چ لەناوخۆیاندا بێت چ لەدەرەوەی خۆیان، رووبەڕووی تەحەددای تر بوونەتەوە بەتایبەت تەحەددای نەوەی نوێ، کە نەوەی دوای راپەڕینو ئازدییەکانی کوردن، بەلام ئەوانیش لەناوخۆیاندا بێکێشە نینو هەمیشە لەهەوڵی دۆزینەوەی پێناسێکی راستەقینەی خۆیاندان.

سەرەڕای دەرکەوتنو دەرخستنی جیاوازییە قووڵەکانی ئەم سێ نەوەیە، لەتێڕوانینو بیرکردنەوەدا، بەلام هەست دەکەین لێکچوونێکی تەواویشیان لەنێواندا هەیە، ئەویش بەهۆی دووبارە بوونەوەی رووداوەکانی ناو مێژوو لەفۆرمی جاران، واتە مێژوو خۆی دووبارە کردۆتەوەو کۆمەڵگای خستۆتە نێوان جغزی بازنەکانی خۆی. بۆیێ تێکەڵییەك لە هاوشێوەبوونی نەوەکان هەست پێ دەکەین، کە دواجار هەموویان خوازیاری ئیستیقرارن و خەون بەئایندەی سەرفیرازی نیشتمان دەبینن، بەلام هەریەکەی بۆمەرامێکی جیاواز، هەموویان خەون بەدەسەلاتەوە دەبینن، کەچی زۆربەیان لەدەسەلاتی مەعنەویدا خۆیان پێ مەغدوورە، لەبەرامبەر دەسکەوتی ماددیش چاوچنۆکیان بێسنوورە، واتە ئەو یاسەیە نادیارە کە کار لەسەر رێکخستنەوەی ئەو پەیوەندییە تێکچووانە دەکات. ئێمە لەم باسەدا بۆ ئەوەی روونتر لە هزرو خەونی نەوەکان تێبگەین.

پێوستە سەرەتا باس لەهەلومەرجی بابەتیو مێژوویی ئەو قۆناغە بکەین، کەوا نەوەکانی لەخۆگرتووە، هەرچەندە زیاتر دەکەوینە قسەکردن لەسەر دوو نەوە، واتە نەوەی هەشتاکانو نەوی دوای راپەڕین، چونکە لەمەیدانی کارو پراکتیکدا ئەوان دیارترنو نەوەی پێش ئەوان زۆر بەتەمەندا چوون، یان بەشێکن لە پاڵپشتی مەعنەوی بۆ نەوەی هەشتاکان.

ئەگەر بەشێك لەنەوەکانی پێش راپەڕین بەئومێدی دروستکردنی بەهەشت تێکۆشابن، لەناو زەمەنێك کە نێڵە نێڵی ئاگر رۆژ بەڕۆژ بلێسەی گەرمتر دەبوو، یان هەر لەتەنیشت ئەوانەوە کە نەسلێکی دیکە هەبوون، بەردەوام خەیاڵیان لەسەر دەرچوونو رزگاربوون لەجەنگ (جەنگی قادسیە) دەنیشتەوە، ئەو جەنگەی مۆرکێکی ناچاریی بوو بە تەوێڵی ئەو نەوەیەوە لکابوو، بەهۆیەوە زۆریان لە دووفاقیدا دەژیان. لەبەردەم هەڵبژاردنی راستتر یان بێکێشەتر، راستترینیان ئەوەبوو دابڕانێك لەنێو خێزان دروست ببێ، بەهۆی پەیوەندیکردنی گەنجەکان بە باوەشێکی تری رۆحیی، کە بەرخودانی بەرهەمدێناو ئامانجێکیشی وەخۆ گرتبوو، هەروەها مژدەی گەیشتنە بەهەشتیشی لێ رادەدێرا، کە ئەمەش لەسەر حسابی ویژدان دوایی بە بڕیارەکە دەهێنا، چونکە جێهێشتنی خێزان لەدۆزەخ، ئافاتی بۆ ویژدانی تاکە رزگاربووەکان یان ئەوانەی لەهەوڵی خۆ رزگارکردندابوون بەرەو ئەو جێیەی کە قەولی



کاتێک ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەبێت بە مەترسییەکی گەورە

**نەوەی بەر لە ڕاپەڕین، کە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەهەموو توانایانەوە کەوتنە دروستکردنی فشار بۆ دەرکردنی نەوەی دوای ڕاپەڕین لە بەهەشتی دروستکراوی خۆیان**



بەهەشتی تێدا دەدرا، دروست دەکرد. بێکێشەتریش بۆ خێزان و دەوروبەر دەکەوتە سەر حسابی ئازاری دەروونیی و نەمان و بێسەرو شوێن بوون لە بەرموٚدای بەرەکانی جەنگ. چونکە نە پیریی و نە ئارەزووی نەچوونە مەیدانی جەنگ هۆکار نەبوون بۆ ڕزگاربوون لە بلێسەی ئاگری شەڕ، نە ئابووری و نەئیغرای مالی هۆکارنەبوون بۆ کێشکردنی لاوان بەرەو مەیدانەکانی جەنگ. نەنیشتمانپەروەری و نەحەزکردن لەچەك و نەخۆبینینەوە لەبەرەکانی جەنگ بەکۆمەڵێك نیشانەی ئازایی و گیانی زاڵبوون بەسەر ئەوانی تر هۆکارنەبوون. تاقە بوارێك کەنەفەسێکی کورتی لێوەدەهات بۆ خۆپەنادان لەکوورەی شەڕ مەیدانی خوێندن بوو، خوێندنیش لەبەرئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونی لێچاوەڕوان نەدەکرا بۆیە ئەویش لەبەرەیەکی ئیجبارییی دەچوو کە تاقەتی دەپڕووکاند. بەڵام لەبەر ئەوەی نوایەك بوو بۆ ڕزگاربوون، ئیدی ببووە بەرەیەکی ئارام لەناو جەنگەڵی جەهەنەم، هەرچەندە دەستی ڕەشی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەت لەو مەیدانەشدا بەهەمان زمانی توندوتیژیی هەڕەشەی لەبیری تاکەکان دەکردو ڕۆژبەڕۆژیش نیشانەی پرسیاریان دادەنا لەسەر ئەو ناوانەی ڕەفزی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیان دەکردەوە. کە ئەمە زەمینەی بۆ خۆش دەکردن بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان تۆمەتی جیا جیایان بخەنە پاڵ. لەو مەیدانەشدا هەزاران قوربانی دراوە بەبێ ئەوەی خەتایەکیان هەبووبێ ! کەواتە بیر تەنها بۆ ئەوە ئازادبوو کەوا ڕێڕەوی ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی سەردەست هەڵبژێری. هونەرو نووسین و تەواوی بوارەکانی ژیان زیاتر بۆ ئەوە دەروازەیان لە بەردەمدا دەکرایەوەو دەرفەتیان دەدرایێ، کە لەخزمەت ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەت نەفەس بدەن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش وەزارەتی پەروەردە بڕیارێك دێنێتە پێش بۆ ئەو قووتابیانەی کەوا (غیاب) دەبن و ڕێژەی لەسەدای غیابەکەیان زۆر کەمتر

دەکاتەوە لەوەی پێشتر، بۆ ئەوەی بەئاسانی دەربکرێن و بەرەکانی جەنگیان پێ گەرمتر بکات ( بەداخەوە تا ئەمڕۆش کار بەم بڕیارە دەکرێ ). کەواتە دەگەینە ئەوەی بڵێین نەوەی ئەوسا لە تەنگەنەفەسی دابوو، لەناوەوە ئەوانە ناڵێم کە ڕێبازی شۆڕشیان هەڵبژاردبوو، هەرچەندە ئەوانیش ڕووبەڕووی زەحمەتیەکی زۆر ببوونەوەو هەمیشە خەتەری گیانیان لەسەر بووە، ئەوان لە بواری دەروونیی و ویژدانیی کەمێك ئارامتر دەژیان، بە پێچەوانەی ئەمان کە تەواو لێی بێبەش بوون، بەڵام دەبینین ئەوانیش لە دەرەنجامدا تەواو ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ خەون و ویژدان و پەیمانەکانیان، خەونی ئەوان تژی بوو لە بەخشندەیی و میهرەبانی و پەیمانەکانیان بەهەشتێکی وەخۆ دەگرت، کە جێگایەك دەبێ یەکسانی تیادا وەك ئامانجێکی گشتی لێی دەڕوانرێ، بەڵام بەدیارکەوت ئەوانە خەونی خۆشی ئەوان بوون، چونکە دوای ڕاپەڕینی ئازاری نەوەدو یەك کە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەهەموو توانایانەوە کەوتنە دروستکردنی فشار بۆ دەرکردنی نەوەی دوای ڕاپەڕین لە بەهەشتی دروستکراوی خۆیان. ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەنانییەتی ئەم نەوەیە بەدیارکەوت. هەر لەڕێی دەسەڵاتەوە کەوتنە هەڵتەکاندنی ڕیشەی پەیمانە دێرینەکانیان و نەوەی تازەیان ئیجباری ئەوەکرد کە دەبێ لە برا بچووکی ڕابێ، برا بچووکی بەو مانایەی کە وەك دابێك لەنێو فەرهەنگی خۆمان کاری پێ دەکرێ. کەواتە ڕایەڵی نێوان ئەم دوو نەوەیە پەیوەندییەك بوو لەسەر خراپی هەڵسوکەوتی سەری ( هەراش ) بەرامبەر خواری ( بچووك ) بەرجەستە بوو. بەو مانایەی نەوەی پێش ڕاپەڕین بەتایبەت ئەوانەی خودانی خەباتی ڕزگاریخوازیی بوون، ئامادەییەکی ڕوونیان دەرنەبڕی و دیموکراسیانە مامەڵەیان نەکرد بۆ سپاردنی ئەرك بەنەوەی دوای ڕاپەڕین، بەتایبەت ئەرکی بەرپرسیارێتی حکومی و پەرلەمانی، بۆ ئەوەی زیاتر



دەرگاکان بێ دنیابینی نەوەی دوێنێ بەداخراویی دەمێننەوە

هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن‌و بەو مافانەش شادبن کە لە ڕێڕەوی خەباتی دیموکراسیدا لە ولاتە دیموکراتەکاندا بە ئازادی‌و بە ئاسانی پێی دەگەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە خۆیان کەوتنە تاودانی ئەم مەیدانانەش، سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئۆرگانە هەستیارەکانی حزب. بۆیێ لە دەرەنجامدا بە کێماسییەکی گەورە لە بەڕێوەبردن دەرکەوتن، کە تا بەئەمڕۆ دەگات دەنگی گلەیی‌و ناڕەزایی بەرامبەر گەندەڵییەکانیان بە یەکنەگرتوویی‌و لاوازیی لێرەو لەوێ نووزەی دێ. کەواتە بێدەنگیی جەماوەریش بەتایبەت لاوانی تازە پێگەیشتوو هۆکارێك بوو لەدەرکەوتنی وەها ئەنجامێك، هەرچەندە تروسکاییەکی ئومێد، لە شکاندنی تۆقی بێدەنگی لێرەو لەوێ جار ناجارێ دەبیسین، کە ڕەنگبێ بەشێکیان کاردانەوەبن بەرامبەر سستی‌و تەمبەڵی لایەنی بەرپرس بەرامبەر بە بەجێنەگەیاندنی ئەرکەکانیان بە نیوەچڵی‌و کەمتەرخەمی. بەشەکەی تریش ڕەنگە کاردانەوەی دیموکراسی کۆمەڵگا دیموکراتەکان‌و کاردانەوە خێراکانی جیهانگیری‌و ئابووری‌و باڵکێشانی بەسەر ناوچەکەمان بە تایبەت هەرێمی کوردستان دەستی هەبووبێ لە تەقینەوەو دەرکەوتنی خواستی نوێ، هەرچەندە شۆڕشی زانیاریی‌و بەجیهانی بوونی ئابووری و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ چاوی نەوەی تازەی ئێمەی کردەوەو ئاشنای کرد بە ڕەگەزە پێکهێنە سەرەکییەکانی خۆی، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕاڕاشی کردن لەبەردەم بەرپرسیارێتیدا، بەرپرسیارێتی بەرامبەر نیشتمان، واتە دروستکردنی فشاری دیموکراسیانەو ئینجا مانەوەو کارکردن لەنێو ئۆرگانەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی و جەڕباندنی توانای لاوان‌و ڕێگە پێدان و بەشداری پێکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە. یان بەرپرسیارێتی بەرامبەر مەددی پێشکەوتووی جیهانی‌و هەبوونی خوێندنەوەیەکی کوردیانە بۆ ئەو ئاستانەو گونجاندنیان لەگەڵ بویەری(واقیعی) میللەتەکەمان، ئەگینا ناتوانین خۆڕاگر بین لەبەردەم شەپۆلی پێشکەوتنەکانی جیهان‌و سەرەنجام بەرەو نادیار لوولمان دەدات، کە ئەم حاڵەتەمان بەسەردا تێپەڕی لە ئەنجامی فەرامۆش کردنی ڕۆڵ‌و پێگەی لاوان‌و وای لێهات بڕوانامەکانیان پوولێکی قەڵپی نەدەهێنا و ئەوانیش بە کۆمەڵ خۆیان دەسپاردە شەپۆڵەکانی نادیار بەرەو کۆمەڵگا دیموکراتەکان، کە ئەمە گەلێك حاڵەتی تراژیدی لێکەوتەوەو برینی قووڵی لەدڵی دایك‌و باوکان بەجێهێشت، سەرەڕای نانەوەی سەدان کێشەی جۆر بە جۆری کۆمەڵایەتی، لە ڕووی سیاسی‌و ئارامیشەوە دەسەڵاتی کوردستانیان خستە ژێر پرسیاری زۆرو زەوەندەی بێگانان. نەبێ ئەم حاڵەتە خۆی دووبارە نەکاتەوە، گومانم نییە کەوا چەندبارەش ببێتەوە، ئەگەر بێت‌و عەقڵیەتەکان نەگۆڕێن‌و نیشتمان نەبێتە نیشتمانی هەمووان لە بەجێگەیاندنی ئەرك‌و بەدەستهێنانی ماف، هەروەها ڕێککەوتن دروست نەبێ لەسەر هەڵبژاردنی پرانسیپێکی هاوبەش بۆ خزمەت کردن‌و ڕەگی بێموبالاتی لە ڕۆح هەڵنەکێشن‌و هەموو وەك یەك، هەست بە بەرپرسیارێتی نەکەن‌و تایبەتمەندێتی نەوەکان لەبەرچاو نەگیرێ، لەسەدەی نوێ‌و هەزارەی تازەدا گوڕو تینێك بەبەر کولتوری نەتەوایەتی‌و کوردایەتی نەکەنەوەو خۆ دوور نەگرن لە ڕێگای بیرۆکراسی‌و ئیرەیی بەیەکدی بردن....تد. بێگومان هەر هەموو کۆمەڵگا لەجێی خۆی گرێژنە دەکا و ڕۆژێکیش دێت شەپۆڵێك بە شەپۆڵەکانی تری بسپێرێ‌و بەرەو عەدەمییەتی ببات.

## ئەحمەد حوسێنی:

# رۆشنبیریی کوردی سەر بە کولتوری سەردەستەی داگیرکەرە



**ئەحمەد** حوسێنی، پێی وایە رۆشنبیریی و کولتوری کوردی هەڵقولاوی کولتوری داگیرکەرانی کوردستانەو بەهۆی ئەو سنوورانەی، کە کوردستانی گەورەی لەیەکتر دابڕیووە، کورد نەیتوانیووە خاوەن فیکرو فەلسەفەو کولتوری رەسەنو خۆماڵی بێت، حوسێنی وای دەبینێت ئەگەر رۆشنبیریی بێگانە، کە خۆی لە هزرو رۆشنبیریی تورکو فارسو عەرەب... دەنوێنێت، لەمێشکی کورد دەربهێنرێت، ئەوا خاڵیو بەتاڵ دەمێنێتەوە.

نووسەرو رۆشنبیری رۆژئاوای کوردستان (ئەحمەد حوسێنی) کە لە دایکبووی ساڵی1955ی شاری ئاموودایەو دەرچووی کۆلێژی فەلسەفەیە،(17) ساڵە لە ولاتی سوێد دەژیت، وێڕای سەرقاڵبوونی بەچەند پڕۆژەیەکی رۆشنبیری، هەفتانە لە کەناڵی ئاسمانی رۆژ، پرۆگرامی (دەنگڤەدانا پەیڤا) پێشکەش دەکات..

( کۆوار) سەبارەت بە پەیوەندیی رۆشنبیرییو پرسی زمانی کوردی چەند پرسیارێکی رووبەڕووی حوسێنی کردەوە.

کۆوار

*** هەست دەکرێت پەیوەندیی رۆشنبیریی کوردی ناوەوەو دەرەوەی ولات، تا ئاستێك لاوازەو رۆشەنبیرانی پارچە جیا جیاکانی کوردستان زۆر بەکەمی ئاگاداری هەوڵو پرۆژەکانی یەکترن، هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

– یەکەم هۆکار بە بڕوای من بوونی سنوورە، کە هەتا ئێستاش رۆشنبیری کورد بە شێوەیەکی قووڵ بەلای ناوەڕۆك و گیانی ئەم سنوورانەدا نەچووە، چونکە هەموو کێشەو گیرو گرفتەکان لە (سنوورەکان) سەرچاوە دەگرن، هەوڵدان بۆ روون کردنەوەی دەرئەنجامەکان، لە کۆتایشدا دەرئەنجامەکانی سنوورەکان لەگیانی کورددا و لە عەقڵیەتی کورددا چەسپیون. هەر ئەم دەرئەنجامانەش دەتوانن هاوکاری کورد بکات، کە ئەو چیە و لە کوێوە هاتوەو بەرەو کوێ دەچێت؟ چونکە ئەگەر ئێستا لە راستیی رۆشنبیری کوردی بڕوانین دەبینین نیە، ئەو رۆشنبیرییە کوردییەی کە هەیە سەر بە کولتوری سەردەستەی داگیرکەرە، چونکە رۆشنبیری کورد شاگردی هەرە دڵسۆزی کولتوری سەردەستەیە و خودی ئەو رۆشنبیرە وەك خەڵکانی تر لە قوتابخانە و زانکۆیەکانی ئەوان پەروەردە بووە.

رۆشنبیری کورد لەهەمان کاتدا دێت بەشداری زمان، بەشداری بەرجەستەکردنی ئەم رۆحە دەکات، کە لە بنەڕەتدا ئەو رۆحەی لە زمانی سەردەست وەرگرتوە. بە واتایەکی تر ئەو هەوڵ دەدات خۆی تەرجەمە بکات. لە پرۆسەی تەرجەمەکردندا، ئێمە لە یەکتر دوور دەکەوینەوە. ئەگەر تۆ (16) ساڵ بەزمانی عەرەبیت خوێندبێت، منیش (16) ساڵ بە زمانی توركی خوێندبێتم، بێگومان رۆشنبیرییەکی جیاوز دەردەچێت و سەدا سەد هەردوو کولتورەکەمان لێك جیاوز دەبن، فۆرمی ژیانمان شێوەی تێگەیشتنمانە.

بۆ ئێمەو دەوروبەریشمان دەگۆڕدرێت، نەك هەر ئەمە تەنانەت لە جلو بەرگماندا، لە چێشتخانەکەماندا، لە گفتوگۆ کردنماندا. لە شێوەی وەرگرتنی تێڕوانینمان بۆ ژیان و سروشتو هتد. کولتوری سەردەست شتێکی ڕووت نیە، بەڵکو هەموو شتە مێژوویی و جوگرافیەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنێ و دەیخاتە ناو دەروونمان. ئنجا ئێستا ئێمە گەیشتووینە ئاستێك کە یەکتر نەناسین، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی فەلسەفە و کتێبخانەی هاوبەش و هزرێکی رەسەنی کوردی. ئێمە شتەکان لە کولتورێکی تر وەردەگرین. ئەگەر ئێستا پێت بڵێم لێکۆڵینەوەیەك لەسەر (پارالۆیا) یان (کێشەیەکی دەروونی) بکە. تۆ سەرچاوە لەکوێ دێنی، سەدا سەد دەچیت دەگەڕێیت بە دوای سەرچاوەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیو زمانە بیانییەکان. ئەمەش دەرئەنجامی سنوورەکانە کە ئێمەیان دابەش کردووە. پێویستە ئێمە دان بەم راستیەدا بنێین، نەك تەنیا لە جوگرافیادا بەڵکو لە دەروونی خۆمان دەربێنین، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کورد چۆن چوارچێوە دروست دەکات، پێویستە ئەو چوارچێوە بۆ هەموو کێشەکان دروست بکرێت، هەتاکو ئێمە نەتوانین ئەم چوارچێوانە دروست بکەین، ئەوا ئێمە هەر لە یەکتر دوور دەکەوینەوە. کاتێك ئەم کێشانە دەست نیشانکران لەگەڵ بوارەکانی تری ژیان، رۆشنبیر دەتوانێ چوارچێوەی بۆ دابنێ. ئەمەش ئەرکی رۆشنبیران دەبێت، بۆیە پێویستە رۆشنبیری کورد بە جورئەتەوە بەشداری دەستنیشانکردنی کێشەکان بکات.

*** تۆ پێت وایە کورد خاوەنی رۆشنبیرییەکی خۆماڵی کوردی نییە، ئاخۆ بەشێکی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم رەوشە بۆ کەمتەرخەمی خودی رۆشنبیرانی کوردیش ناگەڕێتەوە؟**

– کێشەکە لەوە دانیە کە ئێمە پرۆفیسۆرمان نیە، یان نووسەری خاوەنی (10) پەرتووکمان نیە، کە لەسەر مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم بنووسێ، بەڵکو ئەوەی بۆ ئێمە جێی پرسیارە ئاخۆ



# کێشە لەوە دانیە کە ئێمە نووسەری وامان نییە لەسەر مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم بنووسێت، بەڵکو ئەوەی جێی پرسیارە ئاخۆ ئەو نووسەرە تاچەند دەتوانێت دەربارەی مۆدێرنیزمی کوردی بنووسێ؟

ئەو نووسەرە تاچەند دەتوانێت دەربارەی مۆدێرنیزمی کوردی بنووسێ. شتی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە تۆ بەرەو ئەو گیانە هەنگاو بنێی تا بتوانی ئەو کێشانە دەست نیشان بکەی. راستە ئێمە کولتورو زمانمان هەیە، بەڵام تایبەتمەندیەکانمان، کەسایەتیەکانمان، تراژیدیەکانمان، بوونمان، ئەمانە زۆر گەورەن، تراژیدیەکانمان زۆر بە ئازارن، بۆیە پێویستە رۆشنبیری کورد بەشداری دەست نیشانکردنی ئەو تایبەتمەندیانە بکات، ئەگەرنا بۆ ناوی لەخۆ ناوە (رۆشنبیری کورد)؟ ئا ئەوکاتە دەتوانم بڵێم هەندێك شت دەتوانێت کاریگەری خۆیان بنوێنن، پێویستە هەندێك دەزگا بێنە دامەزراندن، رۆشنبیری کورد هەر یەك لەلای خۆیەوە دەتوانێت پرۆژەی خۆی پێشکەش بکات، بەڵام بەمەرجێك پرۆژەیەکی رۆشنبیریی شارستانی خۆماڵی بێت، کە بتوانێت گیانی کورد بەرجەستە بکات، نەك زاراوەیەك بەرجەستە بکات، یان نوێنەرایەتی شارێك یان حزبێك بکات، ئەم جۆرە شتانە لە بزاڤی رۆشنبیریی جیهاندا نییە. رۆشنبیری راستەقینە دەتوانێت بەرەو خاڵە دژوارەکانی ئەم نەتەوەیەوە بچێت، کە بوونەتە هۆی تێکچوونی نەتەوەکەمان، دەبێت سەر لەنوێ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن لەسەر فاکتەرەکان بکرێت، کە سنوورمان بە نموونە هێنایەوە. بۆ ئێمە بترسین لەوەی کە ئێمە زمانێکی یەکگرتوومان نیە؟ بۆ خاڵە نێگەتیڤەکانی زمان دەست نیشان ناکەین؟ تاکەی ئەم ترسە؟ گرنگ لێرەدا ئەوە نیە چەند زاراوە لەناو زمانی کوردیدا هەیە. بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەم زاراوە زمانانە تا چەند روحی ئەم نەتەوەیە دەست نیشان دەکەن؟ لەکوێ ون بوونە، ئەو کەسایەتیەی کە کورد لەمێژوودا هەیبوو کوا؟ دەبێت ئێمە خۆمان بدۆزینەوە، تایبەتمەندیەکانی کورد پاش سەد ساڵی سووتاندن و تواندنەوە، کوا بەرەو کوێ رۆیشتن؟ جا وەك گوتم: بەشداربوونی رۆشنبیر دەتوانێ هزرێك، بیرێك دابمەزرێنێ، ئەو بیرە دەبێت بتوانێت لە سنوورەکان بپەڕێتەوە، رۆشنبیر دەبێت پرۆژەیەکی بۆ ئەم بیرە هەبێت، هەروەها ئەو پرۆژەیەش قابیلی گۆڕان و گونجاندن دەبێت لەگەڵ ژیانی نوێ.

*** ئاخۆ یەکخستنی گوتاری رۆشنبیریی و دروست کردنی پردی پەیوەندیی رۆشنبیریی کوردی، تەنها پێویستی بە جۆرێك لە دیدارو گردبوونەوەی رۆشنبیریی هەیە، یان رۆڵ و بەشداری میدیای کوردیش هەیە و پێویستە، پێت وا نییە لەم رووەوە میدیای کوردی تا رادەیەك نزیك بوونەوەیەکی دروستکردبێ؟**

– ئەگەر مرۆڤ راستیی بڵێت، ئەوا رۆشنبیری کوردی پێویستی بە (سارتەر و فۆکۆ و دریدا)یێك هەیە، تا وەکو مرۆڤ بتوانێت ئەم بیرە تەرح بکات. لەلایەکی ترەوە ئەو تراژیدیایەی کە ئێستا لەبەردەستە پێویستی بە کۆگایەکی مێژوویی گەورە هەیە. بەراستی پێویستە هزرێك هەبێت بتوانێت تراژیدیایەکە هەڵبژێرێت، چونکە کێشە و ئاستەنگ بەرەو زیادبوون دەچن، بۆچی کێشەکان زیاتر دەبن؟ چونکە کات دەڕوات و (ساتە مێژوویەکەشی ) لەدەستمان دەچێت و پێڕا ناگەین، بۆیە فیستڤاڵ و چالاکی رۆشنبیری، وەڵامدەر نین بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەك، ئەمە تەنها ئەوەیە کە بە شێوەیەکی کاتی سنوورەکان لەبیر دەکەیت و هیچ شتێکی تر نیە.

ئەنجامدانی فیستڤاڵ لەهەر کات و ساتێك دابێت، بەقەد ئەوە گرنگ نیە، کە پێویستە سنوورەکان، کە لە ناخمان کێشراون لەبیر بکەین و لەناویان ببەین.

## خەسرەو جاف:

# حەز لە هەموو شتێکی کۆن دەکەم، تەنها ئافرەت نەبێت

(2-2)



**مرۆڤێکە** لە سەروسیما نورانی، لە وێنەی زاهیدێکی مەرقەدی باوەنوور، شاهانەو فیودالْ ئاسا، بەرزەفڕ دێتە بەرچاوو ئوتومبێلی هامەر داژوا، سیگاری چرووت دەکێشیْو جلوبەرگی میرو مسیۆ وسینیۆران دەپۆشیْ، وەلی لەئەتوارو سادەییدا کەم سەختو ئاسانو حازر بەدەستە، وەك فەلامەرزەکەی هەزار فامیل، خەییامییانە دەڕوانێتە نهێنییەکانی ئەودیو، لە چنینەوەی کانی تەقیوی ناخی شیعردا هەرزەکارێکی بەئازارە، لەنووسینی رۆمانێکی هەشت بەرگیدا خودان قەڵەمبازی ئەسپێکی بەغارە، لە کۆڕی زمانو شێوەزارو ئیدۆمدا هاوتای هێمن و مەلا شوکرو هەژارە، هۆگری مەجلیسی شەوانی بەزم و رەزمە، سەلیقەو زەوقی ئەندازیارییەکەی بە میزاجێکی هونەرمەندانە دەردەبڕیْ، باپیرەی چەند نەوەیەکە، خولیای شتی دانسقەو دەگمەن و کۆنە، بەلاْم بۆ کەنیژك و رەگەزی نیان، هەمیشە چاوی لە خونچە وپشکوژە. بەبۆنی ئافرەت هەستناك و بێبارە، لەکۆنگرەی ئێلی جافا برا گەورەو دەم راستو سەرۆك هۆزە. لەنێو ئەو هەموو کەسایەتیو بوارانەدا، خۆی دێتە پەیڤین و وەلاْمی ئەو پرسیارنەی (کۆوار) دەداتەوە.

کۆوار

***هەمیشە دەڵێن بیناسازی دایکی هونەرەکانە، لەوێوە رۆمان، چیرۆك، پەخشان، شێوەکاری، بەهرەی وەگرتووەو پەیوەستییێك هەیە لەنێوانیاندا، ئاخۆ بەڕای تۆ پەیوەندییەك لە نێوان پسپۆری و بەهرە هونەرییەکەتدا هەیە؟**

– هونەرو ئەدەب تێکەلاْون، وەك دوو رووباری سەرکێش و کەفچەڕێن تێکەڵ دەبنو جیا دەبنەوە، دیسانەوە تێکەڵ دەبن، بیناسازی هونەرێکی پڕ لەجوانییە، بۆ نموونە ئەوانەی کە دەچنە بەشی بیناسازی کۆلیژی ئەندازیاری، هەر هەموویان دەبنە ئەندازیاری بیناسازی، بەلاْم نابنە ئەندازیاری هونەرمەند، چونکە مەرج لە بیناسازیدا ئەوەیە کە دوای ماوەیەك بۆ خۆی دەرکەوێت ئەندازیاری ئەو بەشەیە، ئەوە حسابە، واتا خاوەنی پەنجەمۆربوون، کە هونەرە لەهەر هونەرێکدا، بۆخۆی بە ئاسانی بەدەست نایەتو تووشی گیرو گرفتو کێشە دێت، کێشەی کەسیو ماددی. من خۆم تووشی ئەوانە هەر هەمووی هاتووم، زۆر ئیشم بەجیْ هێلاْوە، زۆر کارم زەرەر کردووە، زۆر تووشی هەڕەشەو شەڕە قۆچیش هاتووم، بەلاْم وازم لە شێوەکاری خۆم نەهێناوە، ئێستاش کە کەسێکی ئاسایی سەیری بینایەك بکات، دەزانیْ کە ئەوە پەنجەمۆری خەسرۆجافە.

*** جا من مەبەستمە بڵێم لەنێو ئەو سەلیقە جوانەی بیناسازیدا چۆن لە رۆمان دەگەی؟**

– پەیوەندییان هەیە بە یەکەوە، بەلاْم پەیوەندییەکە مەجازییە، وەك هاوکێشەیەکی بیرکاری نییە، کە دوو کەڕەت دوو بکاتە چوار، واتا دەکرێت بیناسازی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ شیعردا، بۆچی دەڵێیت (بیت الشعر – بیت السکن)؟ چونکە بەیتێکی شیعری سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەیە، سەرنج بدە خانوو، یان ماڵیش دەروازەی هەیە، دەبیْ ناوەڕاستی هەبێت و بەجۆرێك دابەشی بکەیت، کە حەوشێکیشی هەبێت. بە کورتی پەیوەندییەکە چەشنی ئەو هاوکێشەیە نییە کە باسمان کرد، بەلاْم بێگومان بیْ پەیوەندیش نیە.

*** زۆر جار کە باس لەمرۆڤێکی نورانی دەکرا، دەیان گوت فلاْن کەس بە ڕیشێکی سپی جوانەوە، بەسەرو قژێکی ئاڵی نورانیەوە دەردەکەوێت، بەو دیمەنەی ئێستای خەسرۆجاف لە رووخساردا مرۆڤێکی رۆحانی، نورانی دیارە، تۆ لە دیوی رۆحانیدا چ لێکدانەوەیەکت بۆ بوون.. بۆ زیندەگی هەیە؟**

– من هێشتا مووم لیْ دەرنەهاتبوو بووم بە پێشمەرگە، لە (62–66) پێشمەرگە بووم، سەر لقی بارزانی نەمریش بووم، ئەوکاتە کە مووم لیْ دەرهات، ریشم هێلاْیەوە، ئەو کاتە قوتابی پێنجەمی ئامادەیی بووم، وازم لەخوێندن هێناو بووم بە پێشمەرگە. وەك گوتم تا ساڵی (66) هە ر ئەو ریشەم هەبوو، دوای ئەوە بارزانی نەمر مۆڵەتی دا خوێندن تەواو بکەم، ئەوەبوو دواناوەندیم تەواو

کردو چوومه دەرێ، دەوروبەری (20) ساڵ لە دەرەوە بووم. لە کۆلێژی ئەندازیاری بیناسازیش، ئەو کۆمەڵگەیەیەی کە منی تیا بووم هەر هەمووی ریشیان هەبوو. ئیدی ریش لە ریشی پێشمەرگایەتیەوە بوو بە ریشی هونەریی، ئینجا دوای ئەوەی کۆلێژیشم بە پلەی باش تەواو کرد، ریشەکە بوو بە ریشی پسپۆریی و کاروبار، ئێستاش تەمەنم (62) ساڵەو ئەو ریشەم هەرماوە، کە کاتی خۆی رەش بووەو ئێستاش سپی بووە، کە جەنابیشت دەڵێی نورانی، ئەوە لوتفو خۆشەویستی جەنابتە، لەکاتێکدا رەنگە لەژێر ئەم موونە هەزاران کاری ناڕەوا خۆیان مەڵاس دابێت.

*** لە (3) ساڵی رابردوودا بەمەیدانیی وەکو سیاسەتکارێك لە پەرلەمانی عێراق ئیشت کرد، پێشتریش زۆر لە بەغدا لەگەڵ عەرەب ژیاوی، ئەزموونی عەرەبیش ئەمڕۆ کە لایەنێکە لەو هاوکێشە سیاسییەی، کە کورد تێی کەوتووە، بە رای تۆ ئەو شەقامە ئەوەی تێدایە تۆ بتوانی بە سیاسییانە بیدوێنیو کێشەکەی خۆتی تێ بگەیەنیت؟**

– کاتێ من لەبەغدا بووم نەم دەتوانی بێم بۆ کوردستان و بمێنمەوە، چونکە من هەمیشە مەترسی کوشتنم لەلایەن هەندێك دەوڵەتەوە لەسەر بووە.

*** ئەو دەوڵەتانە کێن؟**

– با بڵێین دەوڵەتی رۆژهەڵاتی کوردستان.

*** بە حوکمی ئەوەی پەیوەندیتان لەگەڵ شادا هەبووە؟**

– رەنگە، خۆ ئەحزابە گەورەکانیش هەموو پەیوەندییان هەبووە، من ئەوە بە هەڵە نازانم، من وەك خۆم لەوێ سیاسی نەبووم، ئەگەر راستیت بوێ لەوێش هەر کاری هونەریم کردووەو پەیوەندیم بە پرس و کاری دەوڵەتیەوە نەبووە، بەڵام ئیدی خێزانەکەی ئێمە خێزانێکی سیاسی بوو لە ئێراندا، دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی هات، منیش لەگەڵ خزمەکانم گەڕامەوە، ئەوکات تووشی گیرو گرفتێك بووم، کە نامەوێ باسی بکەم، بەجۆرێك نەمان ئەتوانی بێینەوە بۆ کوردستان، رەنگە بمانتوانیبا، بەس گرفتارییەکی هەم بۆ ئێمەو هەم بۆ چاوساغانی وڵاتەکە دروست دەکرد. لەبەغداش بە ژیانم من وەزیفەی حکومەتم نەبووە، هەرگیز مووچەیەکی حکومەتم وەرنەگرتووە، یەکەم جار کە مووچەم وەرگرتووە لە پەرلەمانی عێراق بووە.

*** بەخێرایی ئاماژەت بە پەیوەندی خۆتان لەگەڵ خێزانی رەزا شا دا، دەڵێن ئەوکاتەی کە رەزا شا لێی قەوما بوو، خەڵکێك پێیان گوتووە بڕۆ لەگەڵ کورد ببە دۆستو هاوپەیمان، پێت وایە لەم رووەوە پەشیمان بوونەوەیەك هەبوو بێت؟**

– لەو باوەڕە نیم ئەو پیاوە وا بیری کردبێتەوە، چونکە گەیشتبووە قۆناغێکی وا وڵاتانی گەورەشی بە هیچ نەدەزانی، بەهەرحاڵ وانازانم وایان پێ گووتبێ و ئەویش وا بیری کردبێتەوە.

*** پەیوەندی نێوانتان لەگەڵ خێزانی رەزا شادا چۆن بوو؟**

– تێکڕای کورد، بەتایبەتی عەشیرەتی جاف، کە گەورەترین عەشیرەتی کوردە لەباری ژمارەوە، ئێمە نیوەمان لە ئێرانەو نیوەمان لێرە، ئەمەش پێش پێکهێنانی حکومەتی عێراق بووەو هەیە، حکومەتی عێراق تەمەنی (86)ساڵە، وەکو عەرەب بۆ خۆی دەڵێت (عراق العظیم)، من نازانم کام (عراق العظیم)؟ ئیدی سنوورێك نەبووە لەنێوان ئەو ئامۆزاو ئەم ئامۆزا، ئێمە وەك جاف با بڵێین لە یەك ناوچە بووین، ئەو سنوورە هاتووە ئێمەی دابەش کردووە، هەندێکی کردۆتە نێو کوردستانی ئێرانەوە و بووەتە موستەوتەنەیەك، ئیدی سیاسەتێکی رووداوی سیاسی عێراق وای کرد، کە (مامە)ی گەورەم دوای ساڵی (58) بڕوا بۆ ئێران، واتە لەو هەراو بەرای فەوزای (58–59) نەیتوانی ئەو بەرگەی ئەو حاڵەتە بگرێ و رۆیشت بۆ ئێران، لەوێ زەمینەی لەبار بوو، لەبەر ئەوەی نیوەی عەشیرەتەکەی لەوێ بوو و ئەم پەیوەندیانەش کۆن بوون، ئێستا دەتوانم سەدان بەڵگەی سەردەمی قاجاری و چی وچیت بۆ بێنم، کە هەمووی لای منە لە بنەماڵەی جاف. واتا ئەو پەیوەندیەمان هەبووە لە قووڵایی مێژوودا ، هەتا ئەوەی سوڵتانەکانی عوسمانیشمان هەیە.. ئەو پەیوەندیە بەپێی قووڵایی مێژوو لەگەڵ زنجیرەکانی پێش پەهلەویشدا هەر هەبووە.

## ئەگەر ئافرەتێ بۆنێکی خۆش هەڵنەبژێرێت، کە مێردەکەی ژنی هێنا با فاتیحا بۆ باوکی بنێرێت

*** دەڵێن لەکاتی رێککەوتنەکەو دوای ئەوە گوایە رەزا شا مامتی بەکار هێنابێ بۆ هەندێ کاری ئیستیفزازی دژی مەلا مستەفا؟**

– خۆی ئەمە گەورەترین تاوان بوو بەرامبەر میللەتی کورد، منیش نامەوێت بچمە نێو وردەکاری ئەو باسانەوە، بەڵام هەر ئەوە دەڵێم گەورەترین تاوان بوو، کە بەرامبەر شۆڕشێکی خاوێنو پاکی وەك میللەتی کورد کرا، واتە ئەو رێککەوتنە نەنگو بێ شەرمەیە کە لە جەزائیر کرا.. بۆیە ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەقیقەتێکی نییە.

*** خەسرەو جاف لەتەمەنی شەست ساڵی بەرەو سەرەوەیە، بەڵام هێشتا هەست دەکەی رۆحێکی گەنجانەی زۆر تەڕی تێدایە، عەشقێکی زیندووی تێدایە بۆ ئافرەت، مانەوەی ئەو گەنجیەتە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– وەڵڵا کەیل و کێشانەی ئافرەت جیاوازە، ئافرەتی خۆمانو ئافرەتی وڵاتانی ترو ئافرەتانی وڵاتانی دوورتر، هەریەکێ لەمانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کۆمەڵگاش بۆخۆی زۆر بێبەزەییە بەتایبەتی کۆمەڵگای خۆمان، من پێم وایە کە تەمەنم 62 ساڵە، ئەوەی تۆ من وا بەم شێوەیە دەبینی، رەنگە خەڵکی تر بەپێچەوانەوە فکر بکاتەوە، دیسان ئەم پێوان و ئەم تەرازووانەش جیاوازن، هیچ هاوکێشەیەك نیە بۆ دەقی بیرکاری، واتە شتەکە وەك بیرکاری بێ سۆزەو زۆر رەقە.



*** تۆ لەو شیعرەی کە باسی بۆنی ئافرەت دەکەی، دەتەوێ چی بڵێی؟ بە مانایەکی تر تۆ لەوانی کە ئافرەت لە ڕێگەی بۆن یان چاو سەیر دەکەی؟**

– ئەزانی چی، بۆ من بۆنی مرۆڤ تێکڕا پیسترین بۆنە، واتە هەتا بۆنی مرۆڤ، لەبۆنی پیسایی زۆر زۆر ناخۆشترە، تەنانەت لەبۆنی شتێکی تۆپیوو، یان شتێکی بۆگەنیش ناخۆشترە، بەتایبەت بۆنی ئافرەت، من دەڵێم ئەگەر ئافرەتێ بۆنێکی خۆش هەڵنەبژێرێت کە مێردەکەی ژنی هێنا با فاتیحا بۆ باوکی بنێرێت، بۆیە بە رای من بۆن بۆ ئافرەت زۆر زۆر گرنگە. من کە ئەو قەسیدەیەم نووسی، زۆری کەس لەسەری دوان و زۆریش خەڵك پێی خۆشبوو، من وا دەزانم ئەمەش خزمەتە بۆ ئافرەت.

*** لەو هەموو بوارانە چۆن سوود لە کات وەردەگری؟ ئایا پلانێکت داناوە بۆ کات؟ چۆن هەماهەنگی دەکەی لە نێوان نووسین و کارەکانی دیکەت؟**

– زۆر کەس ئەم پرسیارەیان لێ کردووم و مایەی سەر سوڕمانی بڕێك خەڵکیشە، راستیت دەوێ کات بۆ من زۆر زۆر گرنگە، هەتا ئەگەر 10 خولەکیش هەست بەوە بکەم، کە دەتوانم شتێك بنووسم، یان کارێك بکەم دەیکەم، کاتی خۆیشم وەك مەنهەجێك دابەش کردووە.

*** جاری وا هەبووە کاتێکی دیاری کراوت بۆ پڕۆژەیەکی رۆشنبیریی یان پڕۆژەی نووسینێك، یان رۆمانێك دیاری کردبێ؟**

– ئەمە ئاسان نیە، بۆ نموونە رۆمانی (دەربار)م بە 5 ساڵ و 6 مانگ تەواو کرد، جار جارە توانیومە 70 پەڕ بنووسم، جار هەبووە 3 مانگ نەمتوانیووە 3 دێڕ بنووسم و بە کاری ترەوە سەرقاڵ بووم. تۆ باسی کات دەکەی، ئێستا بۆ نموونە لەیەك کاتدا 3 جۆرە کارم هەیە، سێ جۆر کتێب، لەگەڵ رۆمانی( ترس )، خەیامیشم بە دەستەوە بوو (کورد و خەیام نەناسین). کتێبك بوو کە ژیانی خەیام، سەردەم و قۆناغی خەیام، فەلسەفەی خەیام، بیرو ڕای خەیام، باری ئابووری، باری کۆمەلایەتی، ئەوانەم هەر هەمووی باس کردووە، ولاتانی دی ئەگەر شتێکیان نووسیوە دەربارەی خەیام مومکینە 70–80 پەڕ بێ، من 380 پەڕم دەربارەی خەیام نوسیووە، هەتا چوارینەکانیشم کردە کوردی لەگەڵیدا و ئینگلیزی و عەربیش، بە کورتی شتێکە کە پەرتوکخانەی کوردی زۆر پێویستیەتی، چونکە هەستم بەوە کرد، کە کوردی ئێمە هێشتا خەیام باش ناناسێت.

*** تۆ دەڵێیت کورد خەیام ناناسێت، واتە لێرەدا جۆرێك لە گومان ناخەیتە سەر ئەوانەی کە خەیامیان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، وەکو هەژارو گۆران و سەید سەلاح؟**

– من باسی ژیانی خەیام دەکەم، کورد ژیانی خەیام ناناسێت، ئەمە چوارینەکەیە خەڵك ئەیخوێنێتەوە و پێی وایە خەیام سەرخوشێکی بێ هۆشە. بەلام وەکو تر کورد نایناسێت، چونکە کەسایەتی خەیامی تەنها لە رێگەی وەرگێڕانی ئەو چوارینە شیعریانەوە ناسیووە، گوایە خەیام سەرخۆش بووە و لە مەیخانە بووە، لە کاتێکدا ئەمە وانیە، خەیام مرۆڤێك بووە ئەستێرەناس، کەس خەیامی نەبینیوە شیعر بڵێت، واتە وەختێك ئەو لە ژیان بووە کەس نەیبینیوە ئەم چوارینانە بڵێ، یان وەك شاعیرێك خەڵك بیناسێت، 48 ساڵ دوای مەرگی خۆی چوارینەکانی دەرکەوتوون، کەوا خەیام شیعریشی هەبووە، ئێسا ئێمەش

# من باوەڕدارم بە پرسی یەکتایی، بەڵام میکانیزمەکانیم بە دڵ نییە، خوا زۆر زۆر لەوە گەورەترە کە ئەو گەردوونەی دروست کردووە

خەیام زۆرتر بە شاعیر دەناسین، وەك شاعیرێکی مەست و سەرخۆش و بێهۆشی ناو مەیخانەکان، لە کاتێکدا ئەو وا نەبووەو لە بنەڕەتدا کەس خەیامی نەبینیوە پێ بکەنێت، ئەوەندە عەبوس و گرژ بووە، پێی نەناوەتە هیچ مەیخانەیەك، کەس نەیدیوە مەشروب بخواتەوە، ئەگەر سەرنج بدەی خەیام هەر باوەڕیشی نەبووە، لە کتێبەکەشمدا باسی ئەو حاڵەتەم کردووە، ئەو وەختێ باوەڕی بە ڕۆح نەبێت، کەواتە هیچ. ئەو دەڵێت ڕۆح بوونی نیە، واتە ئەمە بنەمای ڕەتکردنەوەی خەیامە دەربارەی ئایینە ئاسمانییەکان.

*** ئەی قەناعەتی تۆ بەرامبەر ئیلاهیات چەند لە خەیام نزیکە؟**

– من لەو باوەڕەدام خەیام مرۆڤێکی مولحید بوو، لە کتێبەکەشم ئەمەم نووسیوە.

*** مەبەستم بۆچوونی تایبەتی خۆت بەرامبەر ئیلاهیات چییە؟**

– من باوەڕدارم بە پرسی یەکتایی، بەڵام میکانیزمەکانیم بە دڵ نیە، خوا زۆر زۆر لەوە گەورەترە، من ئەوەی لەمەڕ قووڵایی ئاسمان بزانم بە بابەتی بیرکاری و بەم قەبارە گەورەیەی، بێگومان خوا زۆر زۆر لەوە گەورەترە کە ئەو گەردوونەی دروست کردووە، بەجۆرێك کە لە بیرکردنەوەی من فراوانترە.

*** پێت وایە ئایین لە گەورەیی خوای بچووك کردۆتەوە؟**

– من کەی وام گوتووە؟ من دەڵێم میکانیزمەکان وان، تۆ دەزانی مەبەستم لە میکانیزمو ئالیەت چیە، من میکانیزم بەوە پێ خۆشە کە سوودێکی ئاسمانی پێك بێت لە گەورەیی خوا، ئەبێ گۆرانیەکی ئاسمانی وای بۆ بووترێت کە گوێگر هەست بە عەشق بکات، عەشقێکی خوایی ئەزەلی، کە لە ئاستی ئەو گەورەییە بێت، ئەو کاتە بزانە چۆن مرۆڤی مولحیدیش دێتە سەما، ئەو وەختە کە تۆش بە ڕەزمێکی عیرفانی وا لە خوا نزیك دەبیتەوە، کە بۆ خۆت دێیتە سەما، بە کورتی من خوام زۆر لەلا جوان و گەورەیە.

*** خەسرۆ جاف بەو سەرقاڵیەوە تا چەند بواری خوێندنەوەی هەیە؟**

– هەموو ڕۆژێ هەتا ئەگەر سەرخۆشیش بم، مومکین نیە دوو کاتژمێر کەمتر بخوێنمەوە، مومکینە زۆرتر بخوێنمەوە، بەڵام کەمتر نا.

***کە دەقێك دەنووسی چەندجار دەگەڕێیتەوە سەر ئەو ڕەشنووسەو چەندجار دەیگۆڕی؟**

– بە ژیانم شتێکم نووسیبێ دووەمین جار نەمنوسیووەتەوە، خەتم بەسەریا نەهێناوە.

*** واتا یەکجار دەنووسی؟**

– یەك جار دەینووسم.

*** هەر بەو شێوەیە دەچێتە چاپخانە؟**

– بەڵێ، یەکەمین جار دەینووسم و تەواو.

*** لە ڕۆمانی هیچ دەتەوێت چی بڵێی؟**

– هیچ.. خۆی ئەمە واقیعیەتی میللەتی کورد بوو ئەو دەمە، ئەو هەموو خەڵکە بەو هەرزانیە وەکو (قاچیەیەك – سۆزانییەك) خۆیان فرۆشتبوە دەوڵەتی بەغدا، کۆتاییەکەیشی ئەوە بوو، کە ئافرەتەکەیشی دەست بە دەست کرا و سواری دەبوون.

***ئەو هەموو دەنگدانەوەی (دار المعارف) پەیوەندی بە زەمەنەوە هەیە، یان پەیوەندی بە قەیرانی نەخوێندنەوە هەیە، پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟**

– (دارالمعارف) شتێکی زانستییە، قوتابیەکی پۆلی پێنج، یان سێی ناوەندی دەتوانێت چێژی لێ ببات و بیخوێنێتەوە. هەرچی ڕۆمانە من تەحەددای 80٪ ئەو خەڵکە دەکەم، کە ناتوانێ ڕۆمان بخوێنێتەوە، چونکە ڕۆمان هی مرۆڤێکە، کە سەوادی هەبێت، ڕۆشنبیرییەکی تەواوو دەوڵەمەندی هەبێت.

*** ئەی لەمەڕ ڕۆمانی دەربار و دەنگدانەوەی رات چییە؟**

– من دڵنیام جارێ زووە بۆ ڕۆمانی (دەربار)و کاتی دەوێ، چونکە خوێندنەوەی 8 بەرگ ڕۆمان ئاسان نیە، هەموو ناتوانێ بیخوێنێتەوە، خوێنەری کورد ئێستا بەشێکی زۆری دەبێ لە ئاشی ژیانو گوزەران بچەرخێ، وەختی دەوێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە (دەربار) حیسابی خۆی نەکردبێت، بە پێچەوانەوە ئەوانەی (دەربار)یان خوێندۆتەوە بە یەکجار وازیان نەهێناوە و کردوویانەتە 3 جار. ئێستاش خەریکی وەرگێڕانەکەین بۆ ئینگلیزی وفەرەنسیو فارسیو عەرەبی، دڵنیام کە کرایە فارسی زیاتر لە 30 جار چاپ دەبێتەوە، چونکە 4–5 بەرگی لەناو تارانو کرماشان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە، ئەو زانیاریانەی لە (دەربار)دا هەن لەهەموو ئەو کتێبانەدا نین، کە لە ڕۆژانی شاو سەردەمی کۆماری ئیسلامی چاپکراون.

*** لەنێوان نووسینی ڕۆمان وەك خولیاو بەهرەیەك و لە نێوان پسپۆڕیەتی خۆت، کە لە بواری بیناسازییەو لەنێوان سیاسەتدا سەرپشك بکرێی، کامیان هەڵدەبژێری؟**

– من باوەر ناکەم بتوانم دەست لە هیچ کامیان هەڵگرم، دەست لە هیچیان هەڵناگرم، ئەوە پێشبینییەکی دوورە لە واقیع، چا هەردووکیان بۆمن حەیاتین، هەر کامێکیان ئەو شارەگەی بپرێت ئیتر منیش دەکوژێمەوە.

*** چی وا لە خەسرۆ دەکات، ئاڵتوون لەبەر بکات؟**

– وا ئەزانم من نەختێ خورافیاتییشم هەیە، هەر ئەوەندە دەڵێم.

*** هەست دەکری حەزت لە شتی دانسقەو دەگمەنە؟**

– من حەز لە شتی کۆن دەکەم، حەز لەهەموو شتێکی کۆن دەکەم، تەنها ئافرەت نەبێت.

# تەكنۆلۆژیای نانۆ كۆتایی مرۆڤە یان كۆتایی كێشەكانی مرۆڤە

(2 2)

ئیرۆن عومەر



**زانایانو** ئەندازیارانی ئەو تەكنیكە لەسەر ئاستی ئەتۆمەكان و مولكۆلەكان، واتە ئاستی نانۆیی مامەڵە لەگەڵ مادده دەكەن، نەك تەنها بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری نانۆیی بەتەنها، بەڵكو بۆ هێنانەكایەی كەرەستەی نوێی خاوەن ڕیزبەندیو كۆمەڵە تایبەتمەندی داهێنراوی وا، كە پێشتر لە سروشت دا بوونیان نەبووە، دیارە كە لە ئاستی بچووكی نانۆدا تایبەتمەندیەكانی سروشتی و كیمیایی و بایۆلۆژی مادده دەگۆڕێن، تەكنۆلۆژیای نانۆ سوود لە تایبەتمەندیە فیزیكیە ناسراوەكانی ئەتۆمەكانو مۆلكۆلەكان وەردەگرێت بۆ دروستكردنی ئامێرو كەلو پەلی خاوەن سیفەتی نائاسایی، كە بەهۆی دەستبەسەرداگرتنیان لەلایەن زاناكانەوە پێشكەوتنێكی هێندە گرنگ لەژیانی مرۆڤ ڕوو دەدات، كە هەزاران جار بەرامبەری ئەوەیە كە لە ملیۆنان ساڵ تا دەگاتە ئێستا پێی گەیشتووە، شارەزایان دەڵێن ئەمە شۆڕشێكی زانستییە، كە لەگەڵیدا روخسارەكانی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێن لە هەموو بوارەكانی تەندروستی و پەروەردەیی و مالی و ....هتد و ژیانی مرۆڤ باشتر دەكەن و یارمەتی دەدات بۆ ڕزگاربوونی لەو كێشەو نەخۆشیانەی كە چەندین سەدەیە بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، لێرەدا پێویستە ڕوونی بكەینەوە كە بۆچی پێویستە مادده ورد بكرێتەوە تا ئاستی زەڕڕات و ڕیزبەندیە سروشتەكەی زەڕڕەكانی هەڵوەشێنرێتەوەو ڕیزبەندی تازەیان بۆ بكرێتەوە بۆ دروستكردنەوەی هەمان مادده، بێگومان بۆ ئەوەیە ماددەیەكی پاكی بێ خڵتە بەرهەم بهێنرێت، كە لەئاستێكی زۆر بەرزی باشی و كاركردندا بێت، هەروەها نەوەیەكی تەواو نوێ لەبەرهەمی پیشەسازیی، كە پاكترینو بەهێزترین و كێش سووكترین و ڕێكترین بێت، بۆ نموونە با سەیری پاتریەكی(پیل) قەلەم بكەین، ئەو وزەیەی كە ئێمە لەو پاتریەی وەردەگرین وزەیەكی زۆر كەمە، ڕەنگە یەكێك پێمان بڵێت پاتریەكە خۆی بچووكە بۆیە وزەكەیشی كەمە، نەخێر پاتریەكە بە بەراورد لەگەڵ ئەو وزەیەی دەیبەخشێت زۆر گەورەیە، سەرنج بدەن ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت كە بڵێین ئەگەر ئەو پاتریە وردكەینەوە بۆ یەك ملیۆن بەش، لەو ملیۆن بەشە تەنها یەك بەشە ئەو وزەیەمان دەداتێ، هەموو بەشەكەی تر كەرەستەی بێ سوودەو هیچ كارێك ئەنجام نادات، كێشەكە لەوەدایە كە پێكهاتە وزە بەخشەكە بەتەنیا لە سروشتدا نەبووە و تێكەڵە بەو ماددانەی تر ، بەڵام بە هاتنی ئەو تەكنیكە دەكرێ پاتریەك دروست بكرێت، كە هەرهەمووی لەو كەرەستەیە بێت كە وزە دەبەخشێت، بەو قەبارەی پاتری ئێستاش و بەپاكی و بێ خڵتەی توخمەكانی تر، واتە پاتریەكمان دەست دەكەوێت كە وزەكەی یەك ملیۆن جار لەوەی ئێستا زیاتر بێت، هەر بەو پاتریە دەتوانی وزەی پێویستت دەست بكەوێت بۆ هەموو پێداویستیەكانی ماڵەوە، واتە كارەبای تەواو بۆماڵێك، تەنانەت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ فێنك كردنەوەو گەرم كردنەوەش لە هاوینو زستاندا، یان لەجیاتی بەنزین بەدرێژای زیاتر لەهەزار كیلۆمەتر ئۆتۆمبێلی پێ لێبخوڕی، كەواتە بیرۆكەی بەكارهێنانی تەكنیكی نانۆ لە دووبارە ڕێكخستنەوەی ئەتۆمەكان سەرچاوە دەگرێت، كاتێ كە ئەو ئەتۆمانە لە شێوەیەك بۆ شێوەیەكی تر دەگۆڕێت، لە گەڵیدا تایبەتمەندی (خصائص)ەكانیشی دەگۆڕێت، ئەگەر ڕیزبەندی نوێ بۆ ئەتۆمەكانی ماددەی خەڵووز بكرێت، دەتوانرێ ئەڵماسی لێ بەرهەم بهێنرێت، واتە خەڵووز دەگۆڕدرێت بۆ ئەڵماس، هەروەها دەتوانرێ لە لم پارچەی تەنك (رقائق)ی كۆمپیوتەر دروست بكرێت، هەروەها لە ئەتۆمەكانی گڵ و ئاو و هەوا دەتوانرێ پەتاتە دروست بكرێت، بەم شێوەیە دەتوانرێ ئەو ڕێگایە بدۆزرێتەوە، كە زانایان چەندین سەدەیە خەونی پێوەدەبینن، ئەویش گۆڕینی كانزا هەرزانەكانە بۆ كانزا گرانبەهاكان وەك زێڕ، بەڵام لەڕاستیدا زێڕ بەهای خۆی لەدەست دەداتو دەبێتە ماددەیەكی ئاسایی هەرزان. لەهەمووی گرنگتر چاوەڕێ دەكرێت ڕێژەیەكی زۆر لە ماددەی تیتانیۆم دروست بكرێت، كە ڕەقترین ماددەیە لەسروشتی سەرگۆی زەویو لە دروست كردنی كەشتیە ئاسمانیەكاندا بەكار دەهێنرێت. هەروەها چوار لە زانایانی ئاژانسی ئاسمانگەری ئەمەریكی(NASA) لێكۆڵینەوەیەكیان ئەنجام داوە بۆ دروستكردنی ترانزستۆر لە بۆڕیچەی كاربۆنی ئەوپەڕی بچووك، كە بریتییە لەتەنها یەك چین لەزەڕڕاتی كاربۆن لەئاستی نانۆییدا، كە ئەمەش قۆناغێكی تازەی سەرسوڕهێنە لەپێشكەوتنی تەكنۆلۆژیای زانیاری (IT)Information Tecnology، بەمەش لەئایندەیەكی نزیكدا بەرهەمی یەكجار گرنگی ئەو بوارە دەكەونە بازاڕەكانی جیهان، كە تواناو تایبەتمەندی زۆر سەرسوڕهێنیان دەبێت، بۆ نموونە كۆمپوتەر تەنها دەبێتە كاتژمێرێكی دەستیو هەزاران كاری گرنگ ئەنجام دەدات، كە بەكۆمپیوتەرەكانی ئێستا ناكرێت، هەروەها كۆمپیوتەرە مۆلكۆلیەكان(Molecular Computers) پەیدا دەبن، كە ئامرازی هەڵگرتن (تخزین)Storage Devices وایان دەبێت تریلیۆنان بایت لە زانیاری هەڵبگرێت، تەلەفزیۆنی ماڵەوەت تەنها پارچە شووشەیەكی زۆر تەنكە، كە بەدیواری ژوورەكەتەوە هەڵواسراوە، بە وزەی پاتریەكی كاتژمێری ئێستا یاخود ڕوناكی یان گەرمایی ژوورەكەت كاردەكاتو هەرچی كەناڵی دونیاش هەیە وەری دەگرێت، مۆبایلەكەت تەنها

مەدالیایەکی بچووک یاخود دوگمەیەکی سەر جلەکانت، یان شتێکە کە کەس نایبینێت، تەنها چەند نیشانەیەکی دەنگیی بەسە بۆئەوەی هەرکەسێکت بویٚ پەیوەندی پێوە بکەی. تەکنۆلۆژیای نانۆ کاتێك بە تەواوی پەرە دەگرێت، ڕۆبۆتی هەمەلا یان خۆکار Robot Assembler دروست دەکرێت، ئەو ڕۆبۆتە هێندە بچووکە بەچاوی ئاسایی نابینرێت و قەبارەکەی لە قەبارەی ڤایرۆسێك یاخود بەکتریایەك زیاتر نییەو دەتوانیٚ کۆنترۆڵی ئەتۆمەکان و مۆلکۆلەکان بکات و لەتوانایدا هەیە هەرماددەیەك شی بکاتەوە بۆ پێکهاتە ئەتۆمیەکانی و وەکو هەر ڕۆبۆتێکی ئاسایی پرۆگرام کراوە بە ئەقڵێکی ئەلیکترۆنی و مرۆڤ دەتوانیٚ کۆنترۆڵی ئەو ڕۆبۆتانە بکات، لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوەو دەتوانریٚ ئەو ڕۆبۆتانە پرۆگرام بکرێن لەدژی هەر بەکتریایەك یان ڤایرۆسێك یان هەر خانەیەکی توشبوو بە نەخۆشیی لەلەشی مرۆڤ داو بەهەزارانیان بخرێنە ناو لەشی مرۆڤەوەو لەنێو خوێندا مەلە بکەن و ڕاوی ڤایرۆس و بەکتریاکان بکەن، هەروەها بچنە نێو ناوکی خانە شێرپەنجەییەکان، یان هەر خانەیەکی تری نەخۆش و لەناوەوە بیان تەقێننەوە، بۆیە بە (بۆمبی نانۆ)یش ناویان دەبردرێت، بەمەش قۆناغێکی نویٚ دەست پیٚ دەکات لەچارەسەری پزیشکیی، کە زۆربەی نەخۆشیەکان بۆ هەمیشە لەنێو دەبات بەتایبەتی نەخۆشیە بۆماوەییەکان، هەرچی جۆری چلکی ڤایرۆسی (التهابات الفايروسی)یشە هەر لەڕێگای ئەو ئەسیمبلەرانەوە کە بەشێوەی شلەیەك دەکرێنە لەشەوە بۆ چارەسەریی بەکار دەهێنرێن، ئیتر هەر چارەسەرێکی تر دەرمانی کۆتایی پیٚ دێت لەشێوەی دەرمانی کیمیاوی و دەرزی لێدان و کوتان، واتە سەردەمی ئەنتیبایۆتیك تیٚ دەپەرێت و سەردەمی نانۆبایۆتیك دەست پێدەکات، باشی ئەو چارەسەرە نوێیە لەوەدایە، کە هیچ کارتێکردنێکی لابەلا(مضاعفات جانبية) لەسەر نەخۆش جیٚ ناهێڵێت، بەڵکو وا پرۆگرام کراون، کە تەنها خانە تووشبووەکان لەنێو دەبەن، پێچەوانەی داوو دەرمانی ئێستا، کە چەند سوودیان هەیە بۆچارەسەریی نەخۆش دوو ئەوەندەش زیانیان هەیە، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی پزیشکیی دەگاتە ئاستێك، کە بەتەواوی نەخۆشیەکان بنبڕ دەکرێن و مرۆڤ لەدەستیان ئاسوودە دەبێت، لەکاتی ڕوودانی برینداربوونیش هەمان ئەو ڕۆبۆتە پزیشکیانە دەوری خۆیان دەبینن، بۆ هەرچی زووتر ڕێخستنەوەی نەسیجی خانەکانی شوێنە بریندار بووەکەو دەکریٚ بڵێین هیچ برینێك برینی مەترسیدار نابێت، هەر ئەوەندە بریندار گیانی تێدا مابێت لەمەترسی مردن ڕزگار دەکرێت، نەخۆشخانەکان بەو شێوازە تەقلیدیەی ئێستا نامێنن و لەهەر شوێنێکی کارکردن بەشێکی پزیشکیی دەبێت بۆ چارەسەریی هەر حاڵەتێکی ناتەندروستیی، بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریش جا بۆ هەرشوێنێکی لەش بێت هەر بەهەمان ئەو ئسیمبلەر ڕۆبۆتانە ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەك کە نەخۆش هەست بە هیچ ئازارێك ناکات و خێراترین و سەرکەوتووترین نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت، ڕۆبۆتی نانۆیی لەتوانایدا هەیە ڕوخساری مرۆڤ بگۆڕێت و دەکریٚ پرۆگرام بکرێن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری (تجميلي)، وەك گۆڕینی شێوەی گوێیەکان و لووت و دەم و ڕەنگی چاو، ئیتر هەرکەسێکی ناشیرین بەئاسانی دەتوانیٚ خۆی جوان بکات، وەك ئاشکرایە ئێستا بۆ نەشتەرگەری نەخۆش دەبردرێت بۆ ناو ژووری نەشتەرگەریی، بەڵام ئەو کات ژووری نەشتەرگەری دەبردرێتە ناو



ئەریك دریکسلەر

لەشی نەخۆش بەهەموو پێداویستیەکانەوە، کە بۆ ئەو کارە پێویستن، بەڵام هێند ورد لەئاستی نانۆیی دا هیچ شوێنەوارێکیش لەشوێنی نەشتەرگەریەکە بەجیٚ ناهێڵن، وەك ئەوەی لە نەشتەرگەری ئێستادا دەیبینین، هەر هەمان ئەو ڕۆبۆتە وردانە دەکریٚ بەکۆمەڵ بکرێنە نێو لەشی ئەو نەخۆشەی شەکرەی هەیەو بەردەوام هۆرمۆنی ئەنسۆلین دروست بکەن و بیخەنە ناو خوێنەوەو بۆ هەمیشە نەخۆش لەدەستی شەکرە ڕزگار بکرێت، کارێکی تری گرنگ کە ڕۆبۆتە وردەکان و مۆلکۆلەکان ئەنجامی دەدەن، ڕێگرتنە لەمردنی خێرای خانەکانی لەش و زیندووکردنەوەی خانە مردووەکانیش، ئەمەش دەبێتە هۆی هێواشکردنەوەی پیریی، یان وەدرەنگ خستنی (تبطی الشيخوخة)، بەمەش تەمەنی مرۆڤەکان تارادەیەکی زۆر، کە ڕەنگە بگاتە چەندجارەی تەمەنی ئێستای درێژ ببێتەوە، ڕێگاگرتن لەمردنیش ئەوەجاریٚ ناتوانین پێشبینی بکەین. تا ئێستا چەندجار ئەو تاقیکردنەوانە لەسەر مشکە سپیەکان ئەنجام دراون و توانراوە تەمەنی مشکێك لە 45 ڕۆژەوە درێژ بکەنەوە بۆ 300 ڕۆژ.

سەبارەت بە ژینگەش، دیارە بەهەمان شێوە هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن، وەك پڕکردنەوەی ئەو کونانەی لە چینی ئۆزۆن پەیدابوون و پاککردنەوەی هەموو ئەوانەی کە ئێستا بۆ بەکارهێنان دەستنادەن و دووبارە سوود وەرگرتنەوە لە پاشماوە فڕێدراوەکان و ڕزگارکردنی ژینگە لەدەستیان، کە ئەمانە لەچەند ساڵێکی ئایندەی نزیك ڕوو دەدەن. هەروەها کێشەی نیشتەجیٚ بوون لە هەموو دنیا کۆتایی پێدێت و بەکەمترین ماوە دەتوانرێت بە هەزاران شار و گەڕەك دروست بکرێت، بەهەر (مواصفات)ێك کە پێویست بێت. جل و بەرگی مرۆڤ بەشێوەیەك دروست دەکرێت، کە هەرگیز پیس نابێت و چڵك ناگرێت و دەتوانیٚ پلەی گەرمی لەشت بەهاوین و زستان لەیەك ئاست ڕاگرێت، نە سەرمات دەبێت و نە گەرما، نە دەسووتێیت و نە گوللە دەتبڕێت، هەروەها جلەکانت بەهۆی ئەو تەنکە ئامێرانەی سەری پلەی گەرمی لەشت و ژمارەی لێدانەکانی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن و ڕێژەی چەوری و خوێی ناو خوێنت پیٚ دەڵێن، کاتژمێری دەستت لەهەر نەخۆشیەك هەتبێت ئاگادارت دەکاتەوە. شێوازی پەروەردە دەگۆڕێت و قوتابی ناچار نابێت لە (ئەلف و بیٚ)وە دەست پیٚ بکات، چەمکی خوێندەواری دەگۆڕێت و توانای تێگەیشتن بەرز دەبێتەوەو لەبیرچوون نامێنێت، ئامێرو



ئامرازی هێندە پێشکەوتوو پەیدادەبن، کە هیچ شتێکی نهێنی لەدنیادا نامێنێت، نە لەژیانی مرۆڤی ئاسایی و نە هی حکومەت و دام و دەزگاکان، بەم شێوەیە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت درۆ و فێڵ و دزی بکات، سەرنج بدەن کۆمەڵگایەکی بێ ئەو شتانە دەبێ کۆمەڵگایەکی چۆن بێت، ڕەنگە کەسێکی نیشتمان پەروەر بپرسێت ئەی لەبارەی نیشتمان و نەتەوە چی و کوردایەتی چی بەسەردێت، لە ڕاستیدا هەرئەوەندە دەزانین لە سەردەمی نانۆتەکنۆلۆژی پەیوەندیەکان تەنها لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ دەبن، هیچ ئاماژەیەك نیە پێمان بڵێت لەوێدا جێگایەك هەیە بۆ پەیوەندی نێوان نەوەیەك و نەتەوەیەکی تر، یان بوونی وڵاتێکی سەربەخۆ یان مانەوەی شوێنێك کەبەشدار نەبێت لە ڕژێمی نوێی جیهانی، واتە دنیا وەکو تەنها یەك دەوڵەتی لێدێت و سیاسەت کردن بە مەفهومی ئێستا شوێنی خۆی لە دەست دەدات و یەك زمانی لەیەك گەیشتنی جیهانی دێتە ئارا، کە زمانی ئاماژەو نیشانەکانی ئامێرە ئەلیکترۆنی و دیگیتالیەکانە. بەمەش دیارە کە چەوسانەوەی نەتەوەیی و نیشتمانیی نامێنن، داگیرکەرو داگیرکراو نامێنن، ئەمەش لە قازانجی نەتەوەو کەمایەتیە بێ ماف و داگیرکراوەکانە. ئەو ئایینانەی کە کۆمۆنیزم و سکۆلاریزم و لیبرالیزم و عەلمانیەت و عەولەمە تائێستا نەیاتوانیوە لەسەر ئەو ڕێچکەیان لابدەن، کە بەرنامەو ئامانجیانە دەوڵەت و دەسەڵات بگرنەدەست و ببنە سەرچاوە بۆ هەموو دەستوورو یاسەیەك، ئەوا تەکنۆلۆژیای نانۆ بەشێوەیەکی شێنەیی و ئاسان پاشەکشێیان پێ دەکات و ئایین تەنها دەبێتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوایەکەی، یان بیرو باوەڕی تایبەتی تاکەکان نەك شەریعەیەکی تایبەت بە دەسەڵات و کۆمەڵگا، بەو پێیە مرۆڤەکان هێندە ئازادن کە هیچ شتێ نیە ناچاریان بکات هەڵگری ئاینێك لە ئاینەکان بن مەگەر ویستی خۆیان نەبێت .

نانۆتەکنۆلۆژی، گۆڕانی گرنگی مەزن لە ئابووری جیهان و وڵاتان بەدی دێنێ و شێوازی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و بازرگانی دەگۆڕێن، ئەو پرەنسیپە بەتەواوی جێ دەگرێ کە بیرۆکەی ئابووری لەسەر بنیاد نراوە، ئەویش زۆرترین بەرهەم بە کەمترین تێچوون ( اكثر انتاج بأقل كلفة) هەروەها ئاستی هەرەباشی بەرهەم هێنان (حد الامثل للانتاج)، هەروەها شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستە خاوەکان دەگۆڕێت و کەرەستەی تازە دێنە مەیدانەوە، کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەوەدا پێشبینی دەکرێت هەژاریی و دەوڵەمەندیی نەمێنێت، لەبەر ئەوەیە کە سەرچاوەکانی وزە هێندە زۆر دەبن، کە نەك وزە هەر هەرزان دەبێت بەڵکو هەموو کەسێك بێ بەرامبەر دەستی دەکەوێت، ئەو سەرچاوەیەی کە تەوەرەی هەرە گرنگ پێکدێنێت لەناو سەرچاوەکانی تری وزەدا نەوتە، بەهۆی نانۆ تەکنۆلۆژیەوە دەتوانرێ لەهەر پاشماوەیەکی ئەندامی( نفايات عضوية) نەوت بەرهەم بهێنرێت، ڕەنگە ڕوو بەڕووی ئەو پرسیارە ببینەوە، ئەی کەوایە سەرچاوەکانی وزە هێندە زۆر و هەرزان دەبن بۆچی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا بەدوای نەوتدا ئەوپەڕی ئۆقیانووسەکان دەبڕن و چاو دەبڕنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەورەترین جەنگ بەرپا دەکەن لە نموونەی جەنگی عێراق، وەڵامەکەی ئەوەیە کە نانۆتەکنۆلۆژی بۆ فرەکردنی سەرچاوەکانی وزە پێشبینی دەکرێت دوای نیوسەدەی تر بێتە واری کردارییەوە، تا ئەوکات لەئێستاوە کام وڵات ئابوورییەکی بەهێزتری هەبێت و سەرچاوەی نەوت و سەرچاوەکانی تری وزەی زیاتر بێت بۆ وەبەرهێنان(استثمار) لەبواری ئەو تەکنۆلۆژیایە، ئەو بەر لەوانی تر لەو تەکنۆلۆژیایە بەهرەدار دەبێت، چونکە دوای دەرکەوتنی ئەم زانستە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا و دەزگا زانستیەکانی ناو خودی هەریەك لەو وڵاتانە کەوتنە کێبڕکێیەکی زۆر بەهێز بۆ بەدەستهێنانی توانای زیاتر، سەبارەت بە قەبارەی خەرجیەکانی جیهانیی بۆ ئەم تەکنۆلۆژیایە، وڵاتە پیشەسازیە گەورەکان هەر ئێستا بە ملیارەها دۆلار لەو بوارەدا خەرج دەکەن، لە ساڵی 2000دا ئیدارەی ئەمەریکی داوای کرد وەبەرهێنانی حکومی لەبواری لێکۆڵینەوەکانی نانۆیی زیاد بکرێت بۆ 227 ملیۆن دۆلارو ئەو کارەشی ناونا دەسپێشخەری تەکنۆلۆژیای نانۆیی نیشتمانی NNI ، هەروەها میزانیەکەی زیاد کرا بۆ 497ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2001دا ، ئەو لێکۆڵینەوانەش تا بیست ساڵی تر دەخایەنن، لەساڵی 2003 قەبارەی خەرجیەکانی 14 وڵات گەیشتە 5.5 ملیار دۆلار، کە زیاتر لە نیوەی ئەو خەرجیانە بەتەنیا لەلایەن ئەمەریکاو ژاپۆنەوە بووە، هەروەها حکومەتی ئەمەریکا لەساڵی 2004 بڕی 847 ملیۆن دۆلاری لەو بوارەدا خەرج کردووە، کە بە تەنها خەرجی ساڵانەی ئاژانسی ئاسمانگەری ئەمەریکی (ناسا) بۆ ئەو مەبەستە 40ملیۆن دۆلارە، وڵاتی ژاپۆن یەك ملیار دۆلاری لەساڵی 2006 دا بۆ ئەم بوارە خەرج کردووە، هەروەها لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە چل هەزار زانای ئەو وڵاتە توانای کارکردنیان هەیە لەو بوارە، میزانیەی تەرخانکراو بۆ ئەو تەکنۆلۆژیایە بەیەك ترلیۆن دۆلار دەخەملێنرێ تا ساڵی 2015 . لەوێش بەدواوە بۆ هەرساڵێك بە تریلیۆن دۆلار لەو بوارەدا خەرج دەکرێت، بۆیە دەبێت ئەو وڵاتانەی لەو کێبڕکێیەدان سەرچاوەکانی وزەو سامانی سروشتی بۆماوەی ئەو نیو سەدەیەو لەپێناو هەرچی زووتر گەیشتن بەو تەکنۆلۆژیایە ئامادە بکەن، کێ دەتوانێ بڵێ هەر ئەم هۆیە نییە پاڵی بە ئەمەریکا و هاوپەیمانانییەوە ناوە بۆ هاتنە ناو وڵاتانی نەوتیی. بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بەهاتنە مەیدانی نانۆتەکنۆلۆژی نییە ڕووبەڕووی پرسیارێك دەبنەوە: جێگرەوەی سەرچاوەکانی وزەی ئێستا چییە؟! هەروەك دەزگاکانی تایبەت بە ئامارەکانی

دانیشتوان نیشانی دەدەن، کە ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی تا ساڵی 2050ز دەگاتە 8– 10 ملیار کەس، تا ئەوکاتەش نەوت و زۆر لە سەرچاوەکانی تری وزە کۆتاییان پێ دێت، وڵاتان چی دەکەن بۆ بەدەست هێنانی وزە ئەگەر تەکنیکێکی وەك ئەوەی باسمان کرد نەهێتە مەیدان؟.

تەکنۆلۆژیای نانۆ لەکوێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی زانستی ئەلەکترۆنیات دەوەستێ ؟! بێگومان تەکنۆلۆژیای نانۆ نەوەی پێنجەمی بەرهەمەکانی پێشکەوتنی ئەو زانستەیە، کە نەوەی یەکەمی بریتی بوو لەبەکارهێنانی چرای ئەلەکترۆنی، کە تەلەفزیۆن بەشێکیەتی، نەوەی دووەم ترانزیستۆر، نەوەی سێیەم بازنە ئەنتگرێتیەکان Circuit Integrate ، نەوەی چوارەم دروستکردنی پرۆسێسەری بچووك، کە ئەویش شۆڕشێکی گەورە بوو لەبواری ئەلەکترۆنیات و دروستکردنی کۆمپیوتەری بچووك و کەسی .

بەرهەمەکانی ئەو تەکنۆلۆژیایە تا ئێستا نەکەوتوونەتە بازاڕەکانی جیهان، بەڵام هەر ئێستا کۆمەڵێ شت دروست کراوە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین، کۆمپانیای IBM هەستیارێکی موگناتیسی بۆ پەپکە ڕەقەکان (اقراص الصلبة)ی کۆمپیوتەر دروست کردووە، کە توانای کارکردنی ئەو پەپکانە هەزاران جار زیاتر دەکات، هەروەها کۆمپانیای دۆبۆنتی کیمیاویات و ئاژانسی ناسا توانیویانە تایبەتمەندی هەندێ کەرەستەی وەکو پلاستیك و زەیت و قوماش بگۆڕن، بەجۆرێك کە بەرگەی سووتان و گەرمییەکی ئێجگار زۆرو ساردی دەگرن، هەروەها نەرمترو شلترو توانای سوود لێ وەرگرتنیان سەدان جار زیاترەو لەدروستکردنی کۆمپیوتەرەوە تا دەگاتە ئۆتۆمبێل و کەشتی ئاسمانی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، پێشبینی دەکرێت ئەو پلاستیکە بەجۆرێکی فراوان لە ئۆتۆمبێل و فرۆکەو مانگی دەسکردو کەشتی ئاسمانیدا بەکار بهێنرێت، بەمەش ئۆتۆمبێلێك دێتە بەرهەم، کە نە بە وەرگەڕان و نەبە بەریەك کەوتن هیچی لێ نایەت و کەشتیە ئاسمانیەکەش بەبەریەك کەوتنی لەگەڵ پارچە بەردە ئاسمانیەکان هیچی لێ نایەت، ئەو زەیتەی لەلایەن کۆمپانیای دۆبۆنت بەرهەم هێنراوە، ئێستا لەهێزی ئاسمانی ئەمەریکی سوودی لێ وەردەگیرێت، کە بەرگەی گەرمی 500 پلەی فەهرەنهایتی دەگرێت و نەدەسووتێت و نە دەتوێتەوە .

ئەو ترسەی هەندێك لە زانایان بەرامبەر ئەو تەکنۆلۆژیایە پیشانی دەدەن بێگومان هەر لەخۆوە نیە، هەندێ لە زانایان وای بۆ دەچن کە ئەو تەکنۆلۆژیایە چەکێکی دووسەرەیە، دەکرێت بۆ خزمەتی مرۆڤ و دەکرێت بۆ لەناوبردنی مرۆڤیش بەکاربێت، ئەگەر بۆ خزمەتی مرۆڤ بەکار بێت ئەوا هەموو ئەو کێشانەی کە مرۆڤەکان و کۆمەڵگا ئێستا هەیانە لە ئارادا نامێنن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوا مرۆڤ تەنها مەگەر وێنەو شوێنەواریان بمێنێتەوە، هەرئەمەشە وای لە (بێل جۆی ) زانای بواری کۆمپیوتەر کردووە دەست لەکارکردن لەبواری زانستەکەی هەڵگرێت و بڵێت نامەوێ ببینم شارستانیەتی مرۆڤایەتی سەرلەبەر وێران بووە، چونکە لەڕێگای ئەو زانستە دەسکاری جینەکانی مرۆڤ و ئاژەڵەکان و هەتا DNA دەکرێت و مرۆڤی ئاسایی دوای یەك سەدەی تر یان زیاتر، ڕەنگە بەژمارەیەکی کەم ئەویش بەمەبەستی تاقیکردنەوە لەسەرکردن بمێنن و مرۆڤی سەردەم دەبێتە مرۆڤێکی خاوەن توانای لەڕادەبەدەر (الخارق) و خاوەن زیرەکییەکی لە ئەقڵ بەدەر، کە ڕەنگە چەندین ئەستێرەو ئاسمانیش کۆنترۆڵ بکات، ئەو مرۆڤە مرۆیێکی سروشتی نیەو چەندین ئامێری ئەلکترۆنی و دیگیتاڵی لەنێو لەشیدا ئینستۆل کراون و تەمەنی درێژەو هیچی بیر ناچێتەوە، هەموو مرۆڤێك لەنێو پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا جێ دەگرێت و لەژێر هەڕەشەی هیچ کەسێکی تردا نابێت، نەکەس دەسەڵاتی بەسەردا هەیەو نەدەسەڵاتیشی بەسەر کەسدا هەیە، چونکە هەموو کەسێك بەشی ئەوە زانست و توانای دەبێت، کە ڕێگری لەچەوسانەوەی خۆی بکات لەلایەن کەسانی ترەوە.

لەلایەکی ترەوە پێشبینی دەکرێت کە زانستی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای نانۆ ڕۆبۆتی وا بەرهەم بێنن، کە لە مرۆڤ زیرەك تر و بە تواناتر بن و بتوانن خۆیان کۆپی بکەن، واتا هاوشێوەی خۆیان دروست بکەن و هەر خەلەلێکی فیزیکی یان بەرنامەیی لەخۆیاندا چارەسەر بکەن و زیاد (تکاثر) بکەن و بەرەبەرە شوێنی مرۆڤ بگرنەوە، لەکۆتایدا لەسەر گۆی زەوی دەری کەن یان لەناوی بەرن، لەلایەکی ترەوە مەترسی ئەوە هەیە کە بەهۆی ئەو تەکنۆلۆژیایە هەموو مرۆڤێك بتوانێت چەکی وێرانکەر دروست بکات، مادام مرۆڤی چاك و خراپیش هەیە دەکرێت مرۆڤە خراپەکان شارێك یان وڵاتێك یان تەواوی دنیا وێران بکەن، یان مرۆڤێك لەکاتی خۆکوژی(ألانتحار suicide) بەسەدان کەس یان هەزاران کەس لەگەڵ خۆیدا لەنێو بەرێت. سەرەنجام مرۆڤ دەتوانێ ئەو تەکنیکە لەبەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ، یان دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشەو کۆتایی هاتنی مێژووی مرۆڤایەتی ؟! بێگومان ئەمەشیان یەکێکە لە



پرسیارە بێ وەڵامەکانی ئێستاو وەڵامەکەی لە ئایندەدایە .

دواشت کە باسی بکەین ئەوەیە ئێستا هەموو دەزگا زانستیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەهەموو دنیا بەهەزاران کتێب و بابەت لەسەر ئەو تەکنۆلۆژیایە بڵاودەکەنەوە، تەنانەت وڵاتێکی وەك ئێران ئێستا بەشێوەیەکی کردەیی کار لەسەر ئەو زانستە دەکات و سەرۆك کۆماری پێشووی ئێران (محەمەد خاتەمی) ئێستا سەرۆکی ئەو گرووپەی زاناکانی ئێرانە، کە لێکۆڵینەوە لەبواری نانۆ تەکنۆلۆژی دەکەن، هەروەها ئێران ئێستا پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە ئەو تەکنۆلۆژیایە حاڵی حازر لە بواری نەوت بەکاردێنێت بۆ گۆڕینی نەوتی خاو و نەوتی قوڕس بە نەوتی سووك، کە بەها ئابووریەکەی زۆر زیاترە، بەداخەوە تا ئێستا ڕاگەیاندنی کوردی و زانکۆکانی کوردستان کەمترین گرینگیان بەو بوارە نەداوە و لە هیچ یەکێك لە بڵاوکراوەکان لەسەری نەنووسراوە .

**گۆشـەی** ئـەمجارەی سـتێر بـۆ دووەم جـارە دەنووسمـەوە، جـاری یەکـەم گرفتێـك لەسیـستەمی کۆمپیوتەرەکە هـەبوو، نووسـینی بابـەتێك لـە ڕێگـەی کۆمپیوتـەر بـۆ مـن بێگارییـەکی قورسـە، برادەرانـی کۆوار وتیان دوا ستێرە بۆیە نەماوە، پەشیمان ببەوە، بەڵام دەست هەڵگرتن لەم گۆشـەیە پێوەست نیە بە حەزێکی من، بەڵکو بۆ هەر بڵاوکراوەیەکی دیکە گرنگە، تایبەتمەندی وەرزیـی بوونی بابەتـەکان لەبەرچاو بگـرێ و بـە چوارچـێوەو دیـزاین و نـاوەڕۆکێکی تایبـەت قاڵـب نـەگرێت، بۆچـوونێکی وا لـە خـەیاڵی خوێنەرانی دروست نەکات، کە پێش ئەوەی دەربچێت بزانێ چی تێدایە.

لە نێو ئەدەبیات و نووسیندا وەرز هەر بە تـەنها بۆ جیاکردنـەوەی کاتـەکانی ساڵ بەکار نـەهاتووە، بـەڵکو بۆ دیاریکردن و لێکجوداکردنەوەی دیاردەو وێسگە جۆراوجۆرەکانی بوار و لایەنەکانی دیکـەی ژیانیش بـەکار هـاتووە، دوای راپـەڕین کوردسـتان دەیـان وەرزی جوداجـودای بـەخۆوەبینی، کـەمتر ئـەو وەرزانـە هـەڵقولاوی ڕێڕەوێکـی تەندروسـت و شارسـتانی بـوون، ئەمـەش زیـاتر بـۆ دۆشـدامانی دامـەزراوەکانی دەسـەڵاتی کـوردی دەگەڕێتـەوە لـە جڵـەوگرتنی ئاراستەکان، هـیچ وەرزێـك لـە ژێـر کاریگـەریی بەرنامـەو پلانێکـی حکومـەت نەهاتۆتـە ئـارا، هەمیـشە دامـەزراوەکان چـوونەتە ژێربـارو دەرهاوێـشتەی وەرزەکـان، هەندێ جاریش دۆشداماون و دەستەوەستان ماون و هـیچ پەرچەکردارێکیان نـەبووە، زۆرێك لـەو وەرزانـە هاودەم و هەوێن و گرێدراوی یەکتر بوون، بۆ نموونـە لـە ئاسـتی حزبگەرییـدا، دوای راپـەڕین وەرزەکان بـە گڕوتینـی شۆڕشـگێڕی و هەسـتی نەتـەوەیی و تۆڵـە دەسـتی پێکـرد، دواتـر تێکـەڵی هەناسـەیەکی حزبـی تەسـك بـوو، گەیـشتە قۆنـاغی بەتاڵبوونـەوە لـە نـاوەڕۆك و پرەنـسیپ، ئینجـا بـەکۆمپانیاکردنی حـزب و بازرگـانی کـردن بـە هەڵوێـست و سـەنگەر گواسـتنەوەو چـالاکی سیاسـی، دواجـاریش وەرزی دەستەگەرایی و کوتلەبازیی.

لەسەر ئاستەکانی دیکەش وەرزەکان بە هەمان ریتمی نەشاز خۆیان نواندووە، لە بـواری کار وکاسبی و چالاکی بازاڕ و بازرگانیدا تا یەکەم کابینە دامەزرا، هەرچی گیانلەبەرو بێگیانی ئەم پارچەیە بوو لەسـەر سنورەکان خەریکی قاچاغچێتی و ئاودیوکردن بوون، کار گەیـشتە ئەو ڕاددەیـەی داهاتی نایاسایی ئەو بنکە سنوریانە ببێ بە گرێیەکی نەکراوەی نێو هاوکێشەی شەڕی ناوخۆ. ئینجا وەرزی بازرگـانی بوو بە هێنـان و ئـاودیوکردنی جگـەرە، لـە داوێنـی ئـەویش بـازاڕی هێنـانی ئوتـومبێلی شـەحن بـوو بـە دیـاردە، تەنانەت دکتۆر و مامۆستای زانکۆ ئێواران لە پیشانگاکان جممەیان دەهات، ئێستاش بەشێك لـەو کڕیـارو فرۆشیارانەی ئوتومبێـل بـۆ لای کـڕین و فرۆشـتنی زەوی وەرچـەرخاون، ماوەیـەکیش لێشاوی بازرگانـان بەرەو لای کەلوپـەلی کارەبایی چینی وەرسوڕا، ئەو دیاردە چاولێکەرییە لـە پـرۆژەی بچووك بچووکیش وەدی کرا، وەختێك لە هـەولێر دووسـێ گـەرماوی نمرە بۆ یەکـەم جار دروستکران، پاش یـەك دوو ساڵ هەرچی گەڕەك هەبوو گەرماوێکی لێ قیت کراوە.

ماوەی دوو ساڵێکیـشە هەرچی بێ ئیش و کـاری ئـەم ولاتـەن تـابلۆی کۆمپانیایـەکی بازرگانیـان لەسـەر بـەیتوون و هـەورەبانی ماڵـەکان قیـت کردۆتـەوە، بـەبێ ئـەوەی ئەلفوبێیـەك لـە ڕێـسا وکـاری کۆمپانیایـەك بـزانن، دامـەزراوەکانی حکومـەتیش بە بـێ لێوردبوونـەوە لـە مـەرج و شایـستەیی ئـەو کۆمپانیایانـە، لـە روانگەی پەیوەندی و پێگەی کۆمەڵایەتی و حزبی پرۆژەبارانیان دەکەن.

لەم رۆژانە بۆ کارێك رێم کەوتە داداگای هـەولێر، ساڵۆنی گـەورەی دادگا تـژی بـوو لـە پارێزەران، دیـاربوو وەك ئـەو هەڵپەڕکێیـەی ژمارەی بەستەبێژانی لـە شاییکەران زیـاتر بـوو، ژمـارەی پـارێزەرانیش لـە کێشەو داوا یاساییەکان زیاتر بوون.

بـواری رۆژنامـەوانی کـوردیش بـە هـەمان شـێوە وەرزی سـەیروسـەمەرەی بـەخۆوە بینیـوە، لەسـایەی ئـەو ئازادییـە بـێ چوارچێوەیـەی کوردسـتان ئـەمڕۆ دونیایـەك رۆژنامـە و لەشـکرێك رۆژنامـەنووس لەمەیـدانن، بـەڵام ئەگـەر بـە پێـوەری تـیراژەوە بڕۆنینـە رۆژنامەگـەری، هـەرە باشـەکەیان تیراژەکـەی نەگەیـشتۆتە 15هەزار، ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە 5 ملیۆن بخەملێنین و بەسەر زۆرترین تیراژدا دابەشی بکەین، بە333کەس یەك رۆژنامەیان بەردەکەوێ، ئەمەش دەرئەنجامێکی شوومە، هۆیەکەشی بۆ ئەو قاڵـب وەرگرتنـە دەگەڕێتـەوە، کـە لەسـەرەتای بابەتەکـەم ئـاماژەم پێـدا، کـۆواری "کـۆوار"یـش ئەگـەر دەیەوێ لە ساڵی دووەمی دەرچوونی قەڵـەمبازێك بهاوێ و ژمارەیـەکی پێوانـەیی بخاتـە نێـو رۆژنامـەوانی کوردی، دەبێ بە پیرۆزییەکی رەها سەیری بابەت و نووسەر و گۆشەنووسـەکان نـەکات، بـە گوێرەی وەرزو بازاڕ و ویستی خوێنەران بابەت و تەوەرەکان پۆلین بکات.



بۆتان تەحسین

# وس!.. ئایدز عەیبە!!

– **لەو** شوێنەی کە دانیشتبووم، بە تەواوەتی دەمتوانی هەڵسوکەوتی هەموو خەڵکەکە چاودێری بکەم. هونەرمەندێکی بەساڵاچووی ناو هۆڵەکە کەوتبووە ناو گەرمەی قسانو گۆڕەپانەکەی قۆرخ کردبوو، دەرفەتی نەدەدایە کەس، بۆیەشە ببوو بە خاڵی سەرنجی ئەو خەڵکەی دانیشتبوون. بەڵام من سەرنجم دابووە یەکێکی تر.
جۆری گۆشەنیگای روانینم بۆ سەر ئەو گەنجەی کە دەمێك بوو دانیشتبوو، زۆر دەگمەنو سینەمایی بوو. لەناو هۆڵی چاوەڕوانی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا، دیاربوو چاوەڕوانی هاتنی یەکێك لە فەرمانبەران بوو.
ئەو شوێنەی کە گەنجەکە لێی دانیشتبوو، لەلای راستەیدا تەلەفزیۆنە داگیرساوەکەی هۆڵەکەی لێ بوو. لەپشت سەریشی تیشکی رووناکی بەیانی ببووە هۆی ئەوەی لەلا تەنیشتەوە وردەکارییەکانی سەرو چاوی پتر بێتە بەرچاو، ئەمەش هاوکار بوو بۆ ئەوەی کە هەستی فزولیەتی خۆم بۆ ناسینی خەڵك بە رێگای لێ وردبوونەوە لەپێکهاتەی سەروسیمای گەنجەکە دامرکێنم.
تەمەنی دەوروبەری  بیست ساڵێك دەبوو. بەڵام چاوەکانی قووڵ هەڵگەڕابوونو بێ هێز دەهاتنە بەرچاو. وردە زیبکەی گەنجانە سیماکەی داپۆشیبوو. ئێسکی گۆناکانی دەرپەڕیبوون، ئەمەش هێمای حەسرەتێکی قووڵ بوون. تیشکە ئابڕووبەرەکەی ئەو بەیانییەش بەڕاشکاوانە دەیگوت کە سەروسیمایە، رەنگ زەردو کەم خوێنە.. بە گشتی جەستەکەی بەشێوەیەکی ناسروشتی لاوازو بێ هێز بوو. نیگا سەرلێشێواوو شەرمنەکانیشی دەیانگوت کە خاوەنەکەی باوەڕی بەخۆی نییە!.
جاروباریش کتوپڕ بەبێ هۆ دەستی بە گەردەنی خۆی دادێنا. ئەم جوولەی دواییینی نیشانەی گرفتو عوقدەی سێکسی بوون!.. لەو بەراوردکارییانەدا بووم کە لە شوێنی خۆی راپەڕیو بەرەو (W.C)ی دەرەوەی هۆڵەکە، بە تەنیشتم دا تێپەڕیو لەدوای خۆی بۆنێکی ناخۆشی لەچەشنی هێلکەی گەنیوی بەجێهێشت!!..
سەرقاڵی شیکردنەوەی سایکۆلۆژیی و فیسیۆلۆژیی گەنجەکە بووم، بەهۆی توڕەیی هونەرمەندە بەساڵاچووەکە وەئاگاهاتمەوە، کە بەکەسێکی نزیك لەشوێنی تەلەفزیۆنەکەی دەگوت: ((ئەو قەناتە قۆڕە بگۆڕە!.. عەیبو شوورەیی!، باسی ئایدز دەکات، تا ئەخلاقی خەڵك تێك بدات!.. کوا لای ئێمە شتی وا هەیە!..)).
– رۆشنبیری سێکسی، وەکو هەموو پێداویستیو ئیلتزاماتی رۆژانە پرۆسەیەکی رۆژانەیە، کە دەبێت هەردەم تیشکی بخرێتە سەر. ئەم چەندەش وەنەبێت تازە بوروژێندرێت، بەڵکو لەوڵاتانی پێشکەوتوو بووەتە پرۆسەیەکی پەروەردەییو کۆمەڵایەتیی، کە لە قوتابخانەوە بگرە تا دامو دەزگا پزیشکییو تەندروستییەکان رۆژانە دەوروژێندرێت.
– رێکەوتی 12/21ی هەموو ساڵێك رۆژی جیهانی ئایدزە. لەمڕۆژەدا، بەجارێك دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی نەك تەنیا باسی ئایدز، بەڵکو بەگشتی باسی نەخۆشییە جنسییەکان دەکەن. ئینجا دەیکەنە هەراوهۆریا، کە خەڵکینە ئاگاداری خۆتا بن.. یانکو، ئەرێ حکومەت کوا بەرنامەتان بۆ رێنماییو هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بەم چەندە.. بێگومان ئەم جۆرە حەملە یەك رۆژیەی لەساڵێکدا ئەویش بە پێ خواسی!، نە تەنیا بەشێوەیەکی ئەرێنی ئەنجامی نابێت، بەڵکو کاریگەری سایکۆلۆژی خراپیشی لەسەر خەڵك دەبێت. ئاماری ئەو کەسانەی تووشی ئایدزو نەخۆشی لەمجۆرە بوونە نازانم!، بەڵام بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵگا، هەروەها والابوونی سنوور بۆ ئەو خەڵکانەی کە دێنە ناو هەرێم، بە دووری نازانم ئامارێکی بەرزمان سەبارەت بەم چەندەوە هەبێت. بەهەر حاڵ، لە کۆتاییدا، با ئەم دوو رستەیەی خوارەوە بکەمە قوفڵی بابەتەکە:
/ لەم سەفەرەی دوایی بۆ دەرەوە، بەهاوڕێیەتی لەگەڵ هاوڕێیەکم، لەکاتی گەڕانەوەمان لەسنووری ئیبراهیم خەلیلەوە، لەژووری پشکنینی تەندروستی کۆمەڵگای ئیبراهیم خەلیل، بەبێ ئەوەی فەحس بکرێین، 750 دیناریان لێوەرگرتینو پارچە وەسڵێکیان داینێ لەبری پشکنینی پزیشکیی!..
/ لەماوەی رابردوو دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە دوو کچی بیانی لەیەکێك لە هاوینەهەوارەکان دەستگیر کراون، گوایە هەڵگری ڤایرۆسی نەخۆشی ئایدز بوونەو لەلایەن دەوڵەتێکی دراسێوە بۆ پەرەپێدانی ئەم نەخۆشیە بۆ ناو هەرێمی کوردستاندا نێردراون..



فەرزین کەریم